ئازاد قەزاز

# سایکۆپۆلیتیک

ڕێبازێکی تر بۆ خەباتێکی تر
لە پێناو ڕزگاربوونی کورددا



(پێشکەشە بەو مرۆڤەی بەردەوام لە ئاسمانی ئازادیدا لە فڕیندایە، بەردەوام لە ڕێگەدایە و حەوانەوەی هەر بۆ ڕێکردنە، بەبەردەوام لە هوشیاربوونەوەدایە)

ناوەڕۆک

دەسپێک 7
نەتەوەی کورد ئەو هەرزەیەی لە دلەڕاوکێدایە 17
نەتەوەی کورد و چەند چەمکێک 45
عیلمانیەت (سیکۆلاریزم) پرۆسەیەکی بەردەوام و بەتاڵکردنەوەیە 93
کورد و بە بوون بوون (خوێندنەوەیەکی فینۆمینۆلۆژی) 121
سیاسەت و عیرفان و سەرکردایەتی 158
دوا وتە 171

# دەسپێک

بیرۆکەی ئەم بابەتە دەمێکە بۆتە خولیای سەرم. لە کۆتای سالانی هەشتای سەدەی ڕابووردوەوە نهێنی گرفتی کورد سەرقالی کردووم. ئەم گرفتە یەکێک بووە لەو کێشە گرنگانەی کە ژیانی خۆمم بۆ تەرخان کردووە. پرسیارەکەم ئەوەبوو! ئایا کورد بە چ گرفتێکی بنەڕەتیەوە دەنالێنێ؟ ئاخۆ ئەم گرفتە دەروونی یان کۆمەلایتی یان سیاسی یان ئابووریی بێت؟ یان دەشێ ئەم هۆکارانە پێکەوە کوردیان وا لێکردبێ و گەیاندبێتە ئەو حالەتەی کە ئیمڕۆ ئێمە وەک گرفتێک هەستی پێدەکەین؟. ئەوەی کە لەسەرەتاوە سەرنجی منی لە چاو گرفتەکانی تر زیاتر ڕاکێشابوو، لایەنی دەروونی کورد بوو. لەو سەردەمەدا زیاتر دەروونناسی سەرقالی کردبووم و بە تایبەتیش نوسراوەکانی سیگموند فرۆید و

هەندێکیش گۆستاف لۆبوون و کارل یۆنگ و چەند دەروونناسێکی تر ولەم دواییەشدا زیاتر دەروونناسی پەروەردەیی ئەریک ئەریکسۆن بوو. لەسەرەتای سالانی نەوەدی سەدەی ڕابووردو چەند وتارێکم نووسی و هەر لەو سالانەدا بلاوم کردنەوە. بۆنموونە سالی 1994 وتارێک بە ناوی (سایکولوجیه الامه عامل خطیر فی تحقیق مصیرها) بەزمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی خەبات، سالی 1995 وتارێکی تر بە ناوی (سایکولوجیه الکورد من منظور غوستاف لوبون) لە ڕۆژنامەی یەکگرتوودا. سالی 1997 وتاریکی تر بە ناوی ( کاریگەرێتی مێژوو لەسەر کەسێتی کورد( لە گۆڤاری ( پەیامی ڕاستی) . سالی 2003 وتارێکی تربە ناوی ( کەسێتی کورد و بە ناکامکردنی پرۆژەی سیاسی ) لە مالپەری ڕوانین. لە ناو گشت ئەم نوسراوانەدا بە پالپشتی مێژووی کورد خۆی، بە تایبەتی جەختم لە سەر لایەنی دەروونی کردۆتەوە. کەپێم وابووە کورد گرفتێکی دەروونی هەیە و تائەم ساتە بە جدی باسی لێنەکراوە. لێرەدا دژواریەک لەو قسەیەمدا بەدیدەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە دەروونناسی زانستێکە لە تاک

دەکۆڵێتەوە چۆن من نەتەوەیەکی پێدەخوێنمەوە! من لێرەدا زیاتر مەبەستم لە نەستەکۆی نەتەوەی کوردە، نەک لە نەستی تاکێکی کورد، کە ئێمە دەتوانین نەستە کۆی کۆمەلێک لە ڕێگای کۆی تاکەکانی بخوێنینەوە کە دەماودەم و پشت بەپشت ئەو تاکانە لەرێگای بە کۆمەلایەتی کردنەوە ئەو حالەتە دەروونیە دەگوێزنەوە. لەئەنجامی کارلێکردنی ئەم تاکانە لەگەل یەکتر کەشێکی کۆمەلایەتی وا دەخولقێت کە دەرئەنجام خۆیانی تێدا بەند دەکەنەوە.

پاش ئەوەی تا سالی (2006) وا نزیکەی نۆ سالە لە هەندەرانم، لەم ماوەیەشدا دوو جۆر خوێندنی ترم خستە ناو هەگبەی گەشتی مەعریفیم، ئەو دووجۆر خوێندنەش (سۆشیال پیداگۆگ) و (فەلسەفە و ئایین) بوون. جارێکی تر و بە شێوەیەکی فراوانتر هاتمەوە لای ئەو گرفتەی کورد کە سەرقالی کردبووم. ئەم بابەتەی وا لەبەردەستدایە لەوێوە گەلالە بووە. بۆیە لەم بابەتەدا بەتەنها لە رووی دەروونیەوە کێشەی کورد ناخوێنمەوە بەلکو سێ ڕەهەندی تریشی هاتۆتە سەر کە ئەوانیش ڕەهەندی

پەروەردەیی و ئایینی و فەلسەفیە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لەوەو پێش ئاشنایەتیم لەگەل ئایین و فەلسەفەدا نەبووبێت. بەلام ئەوکات ئاشنایەتیم کال و کرچ بوون و لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت دەم خوێندەوە. ئێستا ئاشنایەتیەکەم شێوازێکی تری لە خۆ گرتووە. ئەوکات من لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای ئیسلامدا بیرم دەکردەوە بێ ئەوەی کەوتبێتمە ناو چوارچێوەی هیچ پارتێکی ئیسلامیەوە_ نەرمە سۆزێکم بۆ ماوەی دووسالێک لەگەل یەکگرتوودا هەبوو_ ئەوکاتیش ئیسلام وەک مەعریفەیەک سەرنجی ڕاکێشابووم، بەتایبەتی تەسەوف و فەلسەفەی ئیسلامی. ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە ئاگاداری عەقیدە و فیقهو شەریعەتی ئیسلام نە بوبێتم. لەم بوارەدا هەولم داوە کە فیقهو ئوسولی فیقهو تەنانەت زمانی عەرەبیش بخوێنم و لەهەمان کاتدا سەرم کردووە بە ناو چەندێک لە تەفسیرە کۆن و نوێیەکانیشدا. لەگەل ئەمانەشدا من هەردەلیم لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای ئیسلامدا بووم، چونکە کە چاوم کردەوە کەوتبوومە ناو ئایدیۆلۆژیای ئیسلامەوە، واتە

هەلبژاردنی خۆمی تێدا نەبووە. لەگەڵ ئەمانەشدا هیچ کات هەستم بە نابەختەوەری نەکردبوو لە ناو ئیسلامدا و زۆریش بە خۆشحالییەوە ئەرکەکانی ئیسلامم جێبەجێ دەکرد. ئێستاش هیچ جۆرە گرێیەکی دەروونیشم بەرامبەر بە ئیسلام نیە، بەلام تەسلیم بوون بە حەقیقەت ناچاری کردم من بکەومە دەرەوەی ئیسلام، چونکە مل کەچی بۆ هەق هەمیشە خولیای من بووە. من ئێستا لەدەرەوەی چوارچێوەی ئاینێکی دیاریکراودا بیردەکەمەوە و هەول دەدەم مونسفانەش لە ئایین بدوێم و دژایەتی کردنی ئایینیش بە هیچ جۆرێ بە شیاو نازانم، چونکە دەزانم ئایین چ کاریگەرییەکی لەسەر مرۆڤ هەیە و مرۆڤ چەند بەبێ ئایین لە ژیانیدا هەست بە بۆشایی دەکات. تەنها ئەو کەسانە دەتوانن قۆناغی بێ ئایین بوونی ببڕن کە خۆیان ئاستێکی بەرزیان لە مەعریفەی ڕۆحی و فیکریدا بڕیبێت. مەبەستیشم لە بێ ئایینی بێ خوایی نیە هێندەی مەبەستم لە ئاینێکی تایبەتە. ئەوەی ئەم حالەتە دەبڕێت ئەو کەسەیە کە هەمیشە عەودالی گەرانە بە شوێن حەقیقەتدا، تا خۆی دەگاتە بنی بوون و ئیتر لەوێدا

دەحەسێتەوە و جارێکی تر خۆی ناخاتەوە ناو بەندیخانەی هیچ جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکی ترەوە. خۆ ئەگەر ناچاربێت ئەوە خۆی بۆخۆی ئایدیۆلۆژیا دەخولقێنێ و ناکەوێتە ناو ئایدۆلۆژیایەکی ترەوە. لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە ئەویدی ئایدۆلۆژیای خۆی وەک پلانێک دادەمەزرێنێت، بەلکو مرۆڤ خۆی ئەو ئامادەییەی تێدایە بکەوێتە داوی ئایدۆلۆژیاوە. لێرەدا هێندە لەخودی خۆت دەبێ گلەیی بکەیت، نابێت هێندە لە دامەزرێنەری ئایدیۆلۆژیاکە گلەیی بکەیت.

من لەم هەولەمدا دەمەوێ ئەو بیرۆکەیە بخەمە ڕوو کە لە دەرئەنجامی ئەم چەند ساڵەی خوێندن و خوێندنەوە و بیرکردنەوە و تێڕامان لەلام گەڵاڵە بووە، بێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەیەکی تایبەت و بێ ئەوەی کە لەسەرەتاشەوە هیچ جۆرە پلانێکم بۆ کێشابێ تاوەکو بزانم ڕەنگ و ڕووخساری بابەتەکە چییە وچۆن دەبێت، تەنها ئەوەندە هەستم بەوە کردووە کە شتێک لە ناخمدا هەڵدەقوڵێ و دەمەوێ نەک تەنها بۆخوێنەر بەلکو بۆ خۆشم ئاشکرای کەم. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت کە من سوودم لە سەرچاوە

وەرنەگرتبێت، نەخێر، مەبەستم ئەوەیە کە ئەو سەرچاوانەی چەندین سالە دەیانخوێنمەوە، لەلای خۆم چیان خولقاندووە نەک ئەو سەرچاوانە دەقاودەق خۆیان چی دەلێن، بگێرمەوە. لەبەر ئەوە ناوی زاناو فیلەسوف و پەیامبەران دەهێنم بۆ ئەوەی بۆ سەرچاوەکانیان بگەڕێمەوە. لە هەمان کات، ئەم نووسینە وەک تیۆریەک وایە کە دەرئەنجامی زیاتر لە سی سال خوێندن و خوێندنەوە و بیرکردنەوە و تێڕامان دامەزرابێت. کە دەلێم تیوریە مەبەستم ئەوە نییە کە گشت قۆناغەکانی بە زانیستی بوونی بڕیبێت، نەخێر، ناتوانم ئەو جاڕە بدەم. چونکە ئەم تیۆرییە تەحقیقکردن و بەدواداچوونی ئیمپیری و سیستەماتیسی دەخوازێت. ئەم تیۆرییە لای خۆم تاڕادەیەکی باش سەلماوە، چونکە بەرهەمی خوێندنەوە و تێڕامانی چەندین سالەی خۆمە سەبارەت بە مێژووی کورد، فەلسەفەی مێژوو، دەروونناسی، ئاییناسی و فەلسەفە. بۆئەوەی زانستێتی ئەم تیۆرییە بسەلمێت دەبێ دەقەکان و ڕووداوەکان و بۆچوونەکان بخرێنە ڕوو کە من ئەو ئاماژانەم لێوەرگرتوون، تا بزانرێت ئەم تیۆرییە

لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم کارەش بەراستی کاتی زۆری دەوێت،. هەرچەند لێرەو لەوێ ئامـاژەم بە ناوو رووداوو بۆچوونەکان کردووە، بەلام پێم وایە بۆ کاملکردنی ئەم تیۆریە هەر هێشتا کەمە. هەرکاتێ بوارم بۆ ڕەخسا ئەو هەولەش دەدەم. ئەگەرنا ئەوا نەوەی داهاتوو، لاوانی نوێ، خوێنداکارانی زانکۆ،توێژەرانی ناو زانکۆکان و دەرەوەی زانکۆش، دەتوانن ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن. دەتوانن بەو کارەیان ئەم تیۆرییە یان پتەوتری کەن یان شتی تری بخەنە سەر یان لێی لابەرن. بەلام ئەوەی من پێی گەشتووم ئەوەیە کە نەتەوەی کورد هەنووکە خۆی لەم تیۆرییەدا دەبینێتەوە.

لێرەدا دەمەوێ ئەوەش ڕوونکەمەوە بۆ ئەم ناوەم بۆ بابەتەکە هەلبژاردووە. مەبەستم لە وشەی سایکۆ ناخ و دوروونە و لە پۆلیتیکیش ئەو سیاسەتەیە کە مرۆڤ لەو ڕێگایەوە دەتوانێ ژیانی خۆی ئاراستە بکات و پەیوەندی خۆی لەگەل مرۆڤگەلی خۆی و مرۆڤگەلانی تردا دامەزرێنێت. مەبەستم لەوەیە کە مرۆڤ دووڕەهەندی هەیە. ڕەهەندی دیار و ڕەهەندی

نادیار. هەر مرۆڤێک یان نەتەوەیەک هوشیار نەبێت لەکارایی ئەو دوو ڕەهەندە پێکەوە، ئەوە مرۆڤێکە یان گەلێکە لە حالەتی سرووشتیدا دەژی نەک لە حالەتی بووندا. ئەو کەسەش نەبووبێت، یانی نییە و نەبووە و نەچۆتە ناو ڕەوتی مێژووە و هەر بە ڕووخسار لەمرۆڤ دەچێت.

ئەم بابەتەش لەڕاستیدا تەنها والاکردنی دەروازەیەکە بە ئاراستەیەکی تر بۆ خوێندنەوە. ناتوانم بلێم من ئەم کێشە گرنگەم بەتەواوەتی چارەسەر کردووە، نەخێر هەرگیز ناتوانم ئەو مافە بەخۆم بدەم، چونکە ئەم کارە بەتەنها بەم جۆرە وتارانە تەواو ناکرێت، بەلکو دەبێت توێژینەوەو لیکۆلینەوەی تایبەتی تری بۆ بکرێت.

# 1

# نەتەوەی کورد ئەو هەرزەیەی لە دڵەڕاوکێدایە !!

ئەم دێڕەی سەرەوە لای من کێشەیەکە و دەمەوێ لێی بدوێم . لێدوانەکەشم لە ئەزموونی کەسی خۆمەوە سەرچاوە دەرگرێت. لەوێوە دەست پێدەکات کە من تاکێکی کوردم و سەر بە نەتەوەی کوردم، بۆیە دەمەوێ لە تاکێکەوە بەرەو نەتەوەیەک هەڵکشێم. تاکێک چۆن دەبێ بە نەتەوەیەک، بە واتایەکی تر، چۆن لە لە تاکێکدا نەتەوەیەک ڕەنگ دەداتەوە و چۆن لە نەتەوەیەکدا تاکێک ڕەنگ دەداتەوە ؟! چونکە کارلێکێکی دیالەکتیکی لە نێوان دیاردەی تاک و دیاردەی کۆمەڵ بەبەردەوام ڕوودەدات. بە مانایەکی تر چەندیەتی و چۆنیەتی ئینتمای تاک بۆ کۆمەڵ و کۆمەڵیش بۆ تاک،

پرۆسەیەکی بەردەوامە و بەردەوامیش لە گۆڕاندایە
.
لێرەدا کە دەمانەوێ باس لە پەیوەندی نێوان تاک و نەتەوە بکەین، بێگومان باس لە ناسنامەیەک دەکەین. ناسنامە بەو مانایەی من کێم ؟ ئێمە کێین ؟ کە بەستراوە بە ڕادەی هۆشیاربوونەوە وە. تا چەند ڕادەی هۆشیار بوونەوە لە ئاستێکی بەرزدا بێت، ڕادەی خۆناسین و خۆناسینەوەش لە ئاستێکی بەرزدا دەبێت .
لێرەدا وشەی (هۆشیار_ بوونەوە ) م هەلبژاردوە نەک (هۆشیار) چونکە وشەی هۆشیار وەستاوی پێوە دیارە، واتە هۆشیار بوەتەوە و لێبوەتەوە، ئەوەش مەبەستی من نییە. بەلام وشەی (هۆشیاربوونەوە) نەبەستراوە نە بەڕابردووەوە و نە بە هەنوکە و نە بە داهاتوە وە. بەلکو بە بەردەوام، دەبێ لە ڕوودانددا بێت . واتە پرۆسەیەکی بەردەوامە و هەرسێ کاتەکە لە ئامادەبووندایە و کارلەیەکتر دەکەن و ئیرادەی ئەو مرۆڤەی کە لە هۆشیاربوونەوەدایە ئەو هەنووکەیە دەخولقێنێت کە ئەو ساتە دەیخوازێت.

ڕادەی هۆشیاربوونەوەش پەیوەندیەکی پتەوی بەو قۆناغانەوە هەیە کە مرۆڤێکی تاک پێیدا تێپەڕدەبێ و سایکۆلۆژیا و پیدادۆگی جەختێکی زۆر لەسەر ئەو قۆناغانە دەکەنەوە. لێرەدا باسەکەمان سەر بەرەو پرۆسەی پەروەردەش دەکێشێ کە ئەو گەشە دەروونی و ڕۆحیەی تاکێک لە قۆناغێکی تایبەتدا تێی دەکەوێت و پەیوەندی ئەو تاکەش لەگەل دەورووبەریدا چۆن ڕوودەدات. بە مانایەکی تر خوێندنەوەی تاکێک لە دەوروبەرێکدا وەک خوێندنەوەی تێکستێک وایە لە ناو کۆنتێکستەکەیدا .

دیسان ئەم خوێندنەوەیە بەرەو فینۆمینۆلۆژیا سەردەکێشێت، واتە خوێندنەوەی دیاردەیەک لە سێ ئاستەوە کە ئەوانیش بینینی دیوی دەرەوەی دیاردەکە ، دیوی ناوەوەی و پاشان ئەو دەروبەر و چوار چێوەیەی ئەو دیاردەیە یان ئەو ڕووداوە خۆی تێدا دەبینێتەوە.
جارێکی تر دەگەڕێینەوە لای تایتلی بابەتەکە. لەوێدا جگەلە نەتەوە ئامازە بۆ وشەیەکی تریش کراوە کە ئەویش وشەی ( هەرزە )یە. ئەم وشەیەش

دیسانەوە دەمانباتەوە لای زانستی پەروەردە کە پەیوەندیەکی پتەوی بە سایکۆلۆژیاوە هەیە. هەرزەیی قۆناغێکی هەرە گرنگە لەو قۆناغانە ((... منالی... هەرزەیی ... کاملی ... )) کە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێ . چونکە لەو قۆناغەدا گۆڕانێکی زۆر لە ڕووی سایکۆلۆژی و فسیۆلۆژی بەسەر مرۆڤدا دێت و وەرچەرخان لە قۆناغێکە وە بۆ قۆناغێکی تر زەق و بەرچاو دەبێ .

تێپەڕبوونی هەر قۆناغێک پەیوەندی بە قۆناغەکانی ترەوە هەیە، بە شێوەیەک ئەگەر لە یەکێ لە قۆناغەکاندا گرفتێ هەبوو بێ و چارە سەر نەکرا بێ، ئەو گرفتە بە شێوازی جیاواز لە قۆناغەکانی تردا ڕەنگ دەداتەوە و گرفتی نا کاملی بەبەردەوام لەگەلیدا ڕێدەکات. ناکاملی و گرفتاوی تاکێکیش کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر(بە_نەتەوەبوون) دادەنێت. جگە لەوەش قۆناغی هەرزەیی ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤ تێیدا بەدوای ناسنامەی خۆیدا دەگەڕێ. هەرزەکار دەیەوێ بە چاوی دەورووبەرو و بە چاوی خۆشی خۆی بناسێتەوە و نرخی خۆی لای خۆی و ئەوانی دیش بزانێ . دروستی ئەم حالەتە

دەبێتە هۆی دروستی دەروونی و بیرکردنەوە و لەهەمانکات مۆتیڤی بە هێز بۆ مانادان بە ژیان دەوروژێنێت. هەر ئەم حالەتە دروستەی تاکەکان ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤی لەسەر کۆمەلگەش دەبێ. کۆمەلگە و تاک دەبنە ئاوێتە و جێمتمانەی یەکتر و هەردوولا لەگەل یەکدی هەست بە بەختەوەری دەکەن و خۆشگوزەرانی بەرجەستە ئەبێ. ئەم خۆشگوزەرانیە نەک هەر لەناو تاک و کۆی کۆمەلگەدا بەلکو لە سروشت و دەورووبەریشدا ڕەنگدەداتەوە. منیش لێرەدا مەبەستمە کە بەم تایتلە دەست پێبکەم. دەمەوێ بلێم کورد لە قۆناغی بەنەتەوەبوونیدا لە حالەتی هەرزەییدایە و هەرزەیەکی درووستیش نا، بەلکو هەرزەیەکی لەرزۆک، کە ناتوانی لەسەر زەمینەیەکی پتەو خۆی ڕاگرێت. هەول دەدەم لەم باسەدا لەم بوونە لەرزۆکە کە پەیوەندی بە مێژوویەکی دووروودرێژەوە هەیە، وەک دیاردەیەک لێی بدوێم.

ئەگەر چی جار وبار و لێرە و لەوێ ئاماژە بەو دوو ڕەهەندەی تریش (ڕووخسار و دەورووبەر) دەکەم، کە پەیوەستە بە خوێندنەوەیەکی فینۆمینۆلۆژیانەوە،

بەلام لەم باسەدا زیاتر جەخت لە سەر ئەو ڕەهەندە ناوەکی و ڕۆحی و دەروونیە دەکەمەوە کە مرۆڤ لەوێدا نرخ و بەهای خۆی دەبینێتەوە. ئەوەی لە ڕەهەندی ناوەکی و دەروونی زۆر بە گرنگی دەبینم ئەو لایەنە ڕۆحی و مەعریفی و عیرفانیەیە کە تاکەکانی نەتەوەیەکی سەرقالی کردووە و ئەو ڕەوشتەیە کە ئەو ڕەهەندانە بەرهەمی دێنن. ئەمانە هەمووی کۆی ئەو بەهایەن کە مرۆڤ خۆی لەگەڵ خۆیدا و بەرامبەر بە نەتەوەکەی و مرۆڤایەتیش هەستی پێدەکات. ئەو بەهایەش بەڕاستی ئەگەر ڕادەی هۆشیاری لە ئاستی پێویستتدا نەبێ،وەک خۆی هەستی پێناکرێت .

# 1.1 گومانکردن هۆشیاربونەوەیە!!

پرۆسەی هۆشیاربوونەوە، پرۆسەیەکە خودی خۆت بە خۆت دەناسێنیت، پێش ئەوەی بە کەسی ترت بناسێنیت، ئەگەرچی تۆ لەڕێگەی ئەوی دییەوە خۆت بۆلای خۆت دەگەڕێیتەوە، بەلام ئەم گەڕانەوەیە بێ

هوشـــياربوونەوە، گـــەڕانـــەوەيـــەكـــی ناكامـــل و هـــەرزانـــەيـــە. يـەكێـك لـە خـەسـلـەتـە گرنگـەكـانـی هۆشياربوونـەوە ئـەوەيە كە هـەرچی لـە نـەستی خـودی خۆتدا نيشتووە بيهێنێتەوە بـەر هـەستی خـۆت. ئـەو ڕەفتـار و بـزاوت و بيركردنـەوانـەی تـۆ كـە بـە هـۆی مۆتيڤ وپالنـەرە نـەستيەكانـەوە لـە تۆوە هـەلقولاوە و بە خۆت نـەزانيوە و ناشزانـی لـە كوێوە سـەرچاوەيان گرتوە و لـە لات بوونـەتـە حـەقيقـەت، بـە خۆتی نيشان دەدەيتـــەوەو دەيخـــەيتـــە بـــەر نـــەشتـــەری گـومـانكردن. بۆيە كاتێ مرۆڤ بـە بـەردەوام لـە هۆشياربوونـەوەدا بێ بە بەردەوامیش لە گۆڕاندا دەبێ و ناكەوێتە نـاو بـــەنديخانـــەو تـــەلبـــەنـــدی خـــۆكرد و ئـــەو كـــرد. بـــە بەردەوام لە حالـەتی ڕزگار بوون و بە بوون بوون و بـــە خودبوونـــدا دەبـــێ، واتـــە بـــەبـــەردەوام لـــە هوشياربوونـەوەدايە .

لێرەدا ئايدۆلۆژيا - هـەرچەندە گرنگە بۆ ڕێكخستن و بـەردەواميـدان بـە ژيـانـی تـاك و كۆمـەل – نـاتوانـێ بيكاتە كۆيلـەی خـۆی و وەهمـی لێبكاتـە حـەقيقـەت و خـەيالـی لـێ بكاتـە واقع. واتـە هـەميشـە هۆشيار دەبـێ لـەوەی تـا وەهـم و خـەيال بـەسـەريدا زال نـەبێـت و لـە

ململانیەکی ڕاستەقینەدا دەبێ لەگەڵ خودی خۆیدا و بە بەردەوام لە بەبوون بوون و دروستبووندا دەبێ. لەم بە بوون بوونەدا، لەم ڕزگار بوونەدا، لەم خۆڕاتەکاندنەدا لەژێرباری هەر ئایدۆلۆژیایەک کە خۆت بۆ خۆتت تەنیوە، لەم پڕۆسەیەدا هەر مرۆڤێک و هەر نەتەوەیەکیش ڕێگەی جیاوازی خۆی هەیە.
هەموو نەتەوەیەک بۆ ئەوەی ببێت بەنەتەوە پێویستی بە سەرچاوەیەکی مەعریفی و عیرفانی هەیە کە لە خۆیدا و لە خۆیەوە هەلقولابێت، ئەگینا دەبێتە لاسایی کەرەوەی نەتەوەیەکی تر. واتە پەنا دەباتە بەر مەعریفەی نەتەوەیەکی تر – لێرەدا مەبەست ئەوە نیە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی نەتەوەکانی تر نێگەتیڤ بێت – نەخێر، چونکە هیچ مەعریفەیەک لە هیچ نەتەوەیەکدا لە سفرەوە دەستی پێنەکردووە. لێرەدا مەبەست لە بەخودکردنی ئەو مەعریفە (قەرزکراوە ) یە بە شێوەیەکی وا کە جاریکی دی لە خۆتەوە هەلقولێت. یان بەهێزتر بیلێم یارمەتیدەربێت تا تۆش سەرچاوەی خۆت بدۆزیتەوە. جوانترین نموونە لێرەدا کاری هەنگە کە چۆن شیلەی گول هەلدەمژێت و

هەنگوین دەبەخشێت. بەبێ شیلەی گول هەنگوینیش دەست ناکەوێت.

هێندەی ژمارەی مرۆڤ، ڕێبازی جیاواز و جۆراو جۆر هەیە کە بتوانێت مەعریفە بە- خود –بکات. بەلام لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤێک توانای ئەو پڕۆسەی بە خود کردنەی نیە چونکە کارێکی ئەوەندە ئاسان و سانا نیە، بۆیە هەر سەردەمە لە هەر نەتەوەیەکدا چەند کەسانێکی کەم یان کەسێک هەلدەکەوێ و دەتوانێ ئەو پڕۆسەیە لە خۆیدا ئەنجام بدات و تاکەکانی ئەو نەتەوەیەش و بگرە نەتەوەی تریش لەو سەردەمەدا بەو بەرهەم و ئەزموونەی ئەو بەهرەمەند بن .

کاتێ باس لەپڕۆسەی هۆشیاربوونەوە دەکەین، دیارە دەبێ هۆشیاربوونەوە بێ لە شتێک، ئەوشتەش خودی خۆتە واتە هۆشیاربوونەوە لە کەینونەتی خۆت، لە بوونی خۆت، بوونێک کەخۆت خۆت بیت، بێ کاریگەری ڕابردوو کە- ئێستا –ی تۆی پێش هۆشیاربوونەوەکە، پێکهێناوە. ئەو ئێستایەی کە بە پڕۆسەی پەروەردەکردن و بە کۆمەلایەتی کردن ئەم ساتەی تۆی تێدا خولقاوە. واتە پڕۆسەی

هۆشیاربوونەوە یەکە یەکە ئەو بەربەست و کۆسپ و تەگەرانە وەلا دەنێت تا خۆت خودی خۆت وەک خۆی لە هەنووکەیەکدا دەبینیتەوە. کاتێ کە دەگەیتە ئەو حالەتە جارێکی تر سەرلەنوێ خۆت پێکدەهێنیتەوە و پەیوەندی لەگەل دەورووبەرت و ڕابردوو  و داهاتو لە هەنوکەدا دووبارە دادەمەزرێنیتەوە. وەک وایە جارێکی تر لەدایک بووبیتەوە. بەلام ئەمجارەیان لە دایک و باوکێک نا بەلکو خۆت لە –خۆت- لەدایک دەبیتەوە. ئیتر دەبیتە خاوەن ناسنامەی خۆت و پەیوەندیەکانت بەدەورووبەرەوە خۆت دیاری دەکەیتەوە .

ئەم حالەتە لە وە دەچێت کە کەسێک -لەبەر هەر هۆیەک بێ - بە بێ ئاگاداری خۆی و بێ ئەوەی بڕیاری خۆی تێدا بێت کراوەتە ئەندامی خێزانێک، بێگومان کاتێ بە ئاگا دێتەوە، کە ئەم خێزانە خێزانی خۆی نیە و ئەم دایک و باوکە دایک و باوکی ڕەسەنی خۆی نین _ با هەرچەندە خێزانێکی خەمخۆر و دایک و باوکێکی دلسۆزیش بوو بن، بەختەوەریش بوبێ لەگەلیاندا- لەگەل ئەمانەشدا ئۆقرەی لێهەلدەگیرێ و دە گەڕێ بە دوای خێزان و

دایک و باوکی ڕەسەنی خۆی. هەتا نەیاندۆزیتەوە ناحەویتەوە و جاریکی تر ناتوانێ بەختەوەر بێتەوە. دیمەنی وا لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕوویداوە. یەکێک لەوانە کە بە چاوی خۆم دیم، بەسەرهاتی کیژێکی هەلەبجەیی بوو. لە ئەنجامی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە ئەم کیژە کە ئەو کات ساوا دەبێت و بێکەس لە شوێنێکدا دەدۆزرێتەوە، بە هەر ڕێگەیە بێت دەکەوێتە ناو خێزانێکی کوردی ئێرانەوە. ئەو خێزانە ئەم ساوا بێکەسە بە جوانی هەروەک مندالی خۆیان بە خێوی دەکەن. تا تەمەنیشی دەگاتە هەرزەیی هەر لەو خێزانەدا دەمێنێتەوە. هەتا ئەوکاتەش هەر وای زانیوە ئەندامێکی بەختەوەری ئەو خێزانەبێت. هەرکە ئەم کیژە - بە هەر ڕێگەیە بێت - بۆی دەردەکەوێ ئەم خێزانە خێزانی ڕەسەنی خۆی نیە، ئیتر شەیدای ئەوە دەبێت تا ڕەچەلەکی خۆی بدۆزێتەوە. دەتوانین بلێین ئەم شەیدابوونە حالەتێکی سەرەتایی هۆشیاربوونەوە بوو، کە ئەم کیژە لە تەمەنی نزیکەی شانزە سالیدا تێی دەکەوێت. هەر چۆنێک بوو زانی باوکی هێشتا لە ژیاندایە و

خێزانێکی تری پێکهێناوە. بە هەر ڕێگایە بێت لە سلێمانی لەگەل باوکیدا بەیەک گەیشتن. پێکەوە بە ئۆتۆبیلێک بۆ هەلەبجە گەڕانەوە. دوای ئەوە کیژەکەچاوپێکەوتنێکی لەسەر شاشەی کوردسات لەگەل کرا باسەکەی گێڕایەوە و ئەیووت: ((نازانم باوکم بۆ دلخۆش نەبوو، لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا کە بۆ هەلەبجە دەگەڕاینەوە، زۆر ئاوڕی لێنەدەدامەوە... )). ئەمە حالەتێکی دلەڕاوکێیە لە هەردوولاوە، نامۆیی بوونە لە هەردوولاوە، ڕوودانی حالەتێکی نوێیە بۆ هەردوولا.

کیژەکە باسی ئەوەی دەکرد کە نە خۆی و نە باوکیشی هەستیان بەو خۆشیە نەکرد کە چاوەڕێی بوون. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی باوکەکە ژیانێکی تر و خێزانی تری هەیە. کیژەکەش باوکە ڕەسەنەکەی کە وا دۆزیویەتەوە ئەو تام وچێژەی ناداتێ، لەبەر ئەوەی لە شوێنێکی تر و لە باوەشی خێزانێکی تردا گۆش بووە. لێرەدا دژواریەک دروست دەبێت لە نێوان حالەتێکی سایکۆلۆژی کە دەیەوێ خۆی بناسێتەوە و بۆ لای ڕەچەلەکی خۆی بگەڕێتەوە و لەگەل واقعێکدا کە بەو ناخوات .

ئەمەیە ئەو کەسە توشی دلەڕاوکێ ئەکا و پێویستی بە ماوەیەک هەیە تا هێور و ئارام بێتەوە و بەو حالەتە نوێیە کە خۆ دۆزینەوەیە ئاشنا بێتەوە. ئەم قۆناغە تا بلێی قۆناغێکی ناسکە. ئەگەری ئەوەش لە ئارادا دەبێت کە ئەوکەسە وای لێبێت نەبتوانێ لەگەل خێزانە ڕەسەنەکەی بژی ونە لەگەل خێزانە ناڕە'سەنەکەش. چونکە نە خێزانە رەسەنەکەی خۆی دەیناسێتەوە و نە نارەسەنەکەش تام و چێژی خێزانی پێدەبەخشێتەوە. لێرەدا دوو ئەگەر چاوەڕوانی دەکات. یان ئەو مرۆڤە ون دەبێت، یان دەبێتە مرۆڤێکی پتەو و خۆی دەبێتەوە بە سەرچاوەی ڕەچەلێکی تری نوێ بۆ نەوەکانی خۆی و ئەزموونەکانی خۆی دەخاتە ناو پرۆسەی بە خێزان بوونێک و درووستبوونێک و بە بوون بوونێکی دی نوێ.

ئەم بەسەرهاتەو سەدانی تر لەم جۆرە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ چەند پێویستی بە ناسنامەی خۆی هەیە و دەیەوێ ڕەگ و ڕیشەی خۆی بناسێت. ئەمە سەبارەت بە تاکێک خۆ ئەگەر ئەو حالەتە فراوانتر

بكرێتەوە بۆ کۆی تاکەکانی کۆمەڵگەیەک کە پێویستیان بەوحاڵەتە ئینتماییە ڕۆحییە هەیە کە پێی دەوترێ نەتەوە یان خێزانێکی گەورە، ئەوە کێشەکە فراوانتر و ئاڵۆزتر دەکات. ئەو کات نەستەکۆ و هەستەکۆی نەتەوەیەک لە دڵەڕاوکێدا دەبێ و ڕەفتاری تاکەکانی ئەو نەتەوەیە نەستیانە وەک کائینێکی نامۆ لەم ژیانەدا گوزارش لەو حاڵەتەی دەکات. بە بۆچوونی من نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژووی تێکۆشانی بەم جۆرە ناهوشیارانەیە گوزارشی لەو حاڵەتە دڵەڕاوکێیەی خۆی کردووە. ئەو گرفتەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەم نەتەوەیە ئینتمای مێژوویی و کەلتووری لە شوێنێکە و ئینتمای ڕوحی و مەعریفی لە شوێنێکی ترە.

بۆیە کاتێ دەست دەگرێت بەو ئینتما ڕوحی و مەعریفیە، نامۆ دەبێ بە لایەنی کەلتوری و مێژووی خۆی وەک نەتەوە و کاتێکیش بە خۆی دەزانێ و دەگەڕێتەوە بۆ لای خودی خۆی کە ئەو لە ڕووی ئینتمای کەلتووری و مێژووییەوە سەر بە خێزانێکی ترە، نامۆیی ڕوودەکاتە لایەنە ڕوحی و

مەعریفیەکانی. هەرکاتێ مرۆڤ نەتوانێ هارمۆنی لە نێوان ڕەهەندی نەتەوەبوون و ڕەهەندی بە عیرفان بوون دروست بکات، ئەوە یان ئەوەتا بە خۆی نازانێ و ناهوشیارە، یان بەخۆی دەزانێ و بێدەسەلاتە، یان خۆی بۆخۆی مێژوویەکی نوێ دروست دەکاتەوە، واتە هوشیاردەبێتەوە. واتە ئەم مرۆڤە ناسنامەیەکی تری نوێی بۆخۆی پێکهێنایەوە. ئەم ناسنامە نوێ یە نە لە ناسنامە ڕەسەنەکە دەچێت و نە لە نارەسەنەکە و لە هەمانکاتیشدا لە هەردووکیانی تێدایە، بەلام ئەم مرۆڤە هوشیارە کارایە و جێدەستی خۆی لەو پێکهێنانەوەیەدا دیاریدەکات و بە ئیرادەی هەنووکەیی خۆی بەو کەرەستانەی کە هەر هەبوون، جارێکیتر -دەبێتەوە، چونکە ئێستا ئەو ئازادە، لەبەر ئەوەی لەسەر ڕێگای هوشیاربوونەوەدایە.

## 2.1. ناسنامە چییە؟

ناسنامە حالەتێکە کە جێگەی تۆ لە ئاستی خودی خۆت و ئەویتر و بوونەوەردا دیاری دەکات. بە پێی ئەو حالەتە یە تۆش ئاراستەی ژیانی خۆت دیاریدەکەیت. بۆیە دەشێ لە سێ ڕەهەندەوە ( سایکۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی و گەردوونی) لەم حالەتە واتە ناسنامە بڕوانین.

### ڕەهەندی سایکۆلۆژی:

ناسنامە حالەتێک نیە تەنها بۆ نەتەوە وەدی بێت، بەلکو تاکیش ناسنامەی خۆی هەیە. ناسنامەی تاکێک بریتیە لە ناسینەوەی تاکێک وەک خۆی. واتە ئەو تاکە کێیە؟ کەسێتی چۆنە؟ خۆزگەکانی چین؟ بیرکردنەوەی چۆنە؟ ئاراستەی ژیانی بە چ

بارێکدایه؟ بەشە جیاجیاکانی ئەو کەسە لە ناخی خۆیدا تا چ ڕادەیەک هارمۆنیزە کراون؟ چالاکی پەیوەندی نێوان هەست و نەستی ئەو کەسە لە چ ئاستێکدایه؟ تا چ ڕادەیەک ئیرادەی ئەو کەسە ئازاد و کارایه؟

ئەم حالەتانە گشتی پەیوەندی بەو قۆناغە جیاوازانەوە هەیە کە ئەو مرۆڤە لەسەرەتای لە دایک بوونیەوە پێدا تێپەڕیوە تا ئەو ساتەی لە ژیان دەوەستێت. هەر وەکو باسمان کرد مرۆڤ لە ژیانیدا بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت، کە بریتین لە (( کۆرپەلەیی، ساوایی ، مندالی، هەرزەیی ، کامل بوون ...هتد )). هەریەکە لەو قۆناغانە پێویستی و خۆزگەکانی جیاوازە. چۆنیەتی پەروەردە و دابینکردنی ئەو پێویستی و خۆزگانە و بەسەرهات و ڕووداوەکان لە و قۆناغەدا ڕۆلی بەرچاویان دەبێت لە پێکهێنان و دیاریکردنی ناسنامەی تاکدا. ئەمەیە وا دەکات کەسێک لە کەسێکی ترجیاواز بێت.

کەسیتی مرۆڤ لە چەند بەش و پارچەیەکی جیا جیا پیکهاتووە وەک ئەقل، سۆز، رەفتار، خەیال

وهتد.... نەبوونی هارمۆنی لە نێوان ئەو بەشانەدا دەبێتە هۆی درووستبونی ناسنامەیەکی شێواو ناهارمۆنی و لە رەفتاری ژیانی رۆژانەیدا رەنگ دەداتەوە. بە پێچەوانەشەوە گەر ناسنامەی تاکێک هارمۆنی لە نێوان بەشەکانیدا هەبێت، شێوازێکی جوان و رێک بە ژیانی ئەو تاکە دەبەخشێت و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەو تاکە هەستێکی قول بە بەختەوەری دەکات. دەتوانین ئەو بەشانە بە کەسێتی لاوەکی ناوبهێنین کە بە هەمووپانەوە کەسێتیەکی سەرەکی پێکدێنن. ئەو بەش و پارچە جیاوازانەی کەسێتی لاوەکی پێویستی بە کەسێتیەکی سنترال هەیە تا چالاکی ئەو بەشە جیاوازانە رێکخات و هەماهەنگی و پەیوەندی لەگەلیاندا دروست بکات. ئەو کەسێتیە سەنترالە لە زانستی سایکۆلۆژیاداپێی دەوترێ دەرهێنەری کەسێتی.

هەروەک چۆن دەرهێنەری شانۆگەریەک ئیش دەکات و ئەکتەرەکان بە پێی پێویست رێک دەخات هەرواش (ئیگۆ - من-) وەک کەسێتیەکی سەنترال ئەو بەشە

جیاوازانە ڕێک دەخات. ئەو تاکە خۆی بۆ خودی خۆی ڕۆڵی دەرهێنەرێکی شانۆیی دەبینێت. دەرهێنەری چاک ئەو دەرهێنەرەیە کە خۆی و ئەکتەرەکان و بابەتی شانۆگەرەکەش باش دەناسێ. هەر کاتێ هەر کەسێک هەلی باشی بۆ هەلکەوت بێ و بووبێتە دەرهێنەری شانۆگەی ژیانی خۆی ئەوا بوەتە ڕەخنەگرێکی باش لە خۆی و لە مێژووشی و گۆڕانکاری وەدی هێناوە. بەلام هەر کاتێ هەر کەسێ هەلی بۆ نەڕەخسابێ یان ڕەخسابێ و کارامە نەبووبێ کە ببێتە دەرهێنەری شانۆگەری ژیانی خۆی ئەوا یان لە مێژووی خۆیدا دەچەقێ یان دژ بە مێژووی خۆی دەوەستێتەوە. ناسنامەی دروست ئەو ئیدراکەیە خۆی خۆیەتی لە کات و حال جیاوازەکانیشدا، ئەو ئیدراکەیە کە هەمان دەرهێنەری بەشە جیاوازەکان بێت و لەگەل ئەو هەموو گۆڕان و گەشە کردنەدا، بەردەوام و بێ کۆتایی ئەوکەسە لە جەوهەردا هەرخۆی خۆیەتی. ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە ناسنامە حالەتێکی وەستاو بێ و نەگۆڕێ! نا مەبەست حوزوری ئەو

ئیرادەیەیە کە لە حالەتێکدا مەست نەبێت و ئیتر ڕاست و چەپ بکات و لە شوێنی خۆیدا بخولێتەوە.

## ڕەهەندی کۆمەلایەتی:

ئەو تاکەی کە لە ڕەهەندی سایکۆلۆژیدا کائینێکی سەربەخۆ و جیابوو لە تێکڕای کائینەکانی تر، بەتەنها لەم گەردوونەدا ناژی. لە دەورووبەرێکدایە کە دەبێ مامەلەی لەگەلدا بکات. لەگەل ئەوەشدا کە ئەو هیچیان نییە، بەلام بەبێ ئەوانیش ئەویش هیچ نییە. بۆ لابردنی هیچیەتی بەرەو بوونیەتی و کامل کردنی ناسنامە، دەبێ هوشیارانە ئەو پەیوەندیانە لە نێوان خۆی و ئەویدیدا دامەزرێنێت. لێرەدا ناسنامەی ئەو کەسە بەوەدا دەناسرێتەوە کە تا چ ڕادەیەک ئەو پەیوەندییە لە گەشەکردنایە ولە هەمان کات بە چ ئاراستەیک دایە؟ ئەو تاکە تا چ ئاستێک لەو دەورووبەرەدا چالاکە؟ لەو دەورووبەرەدا چ مانایەک وەردەگرێت و چ مانایەکیش دەبەخشێت؟

لێرەدا قسە لە چۆنیەتی پەیوەندی ئەو تاکە بە کۆمەلگەکەیەوە دەکرێت، ئایا پەیوەندیەکە ئەکتیڤانەیە یان پاسیڤانە ؟ یان تا چ ڕادەیەک ئەو تاکە دەتوانێ ڕەنگ و ڕووخساری خۆی لەو کۆمەلگەیەدا بدۆزێتەوە و تا چەند ئەو کۆمەلگەیەش لەودا ڕەنگ دەداتەوە. تا چ ڕادەیەک ئەو کۆمەلگەیە بەو تاکە سوود بەخش دەبێ و تا چەند ئەو کۆمەلگەیە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی بۆ ئەو تاکە دابین ئەکات. بە مانایەکی تر بوونی ئەو تاکە لەو کۆمەلگەیەدا تا چەند بوونێکی دینامیکی و دیالەکتیکیە. لەم ئەنجامەشدا ناسنامەیەکی بەردەوام لە گەشەکردندا، نەک وەستاو پێکدێنێت. لەم پەیوەندیەدا کەشێکی خۆشگوزەران یان ناخۆشگوزوران بە گوێرەی پەیوەندییەکە وەدی دێت و چارەنووسی ئەو نەتەوەیە و پەیوەندیشی بە نەتەوەکانی دەوروبەریەوە دیاری دەکات.

## ڕەهەندی گەردوونی:

لـە گـەڵ ئـەو دوو ڕەهـەنـدەی پێشـوو لـە پێکهێنـانـی ناسنامەی تاکێکدا، ڕەهـەنـدی گـەردوونـیش ڕۆڵێکـی گرنـگ و مـەزن لـەو پێکهێنانـەدا دەبینێـت. مـرۆڤ بەتەنها نـە خـودی خۆیـەتـی و نـە هـەر ئـەوەشـە کـە لـەگـەڵ مرۆڤـی دیدایـە، لـەگـەڵ ئـەمانـەشدا ئـەوەتـا لەناو بوونـەوەرێکی بـەرین و فراواندایە. لەم بوونەدا هیچ ئیرادەیەکی خۆی تێدا نـەبووە. لێرەدا خۆی وەک هەندێک لە نـاو هـەمـەکێکدا دەبینێتـەوە. گـەر خـۆی لـەم هـەمـەکـەدا نـەدۆزێتـەوە هـەسـت بـە نـامۆیی دەکـات. بـۆ لابردنـی ئـەم نامۆییـە پێویسـتـی بـە وێناندنێک هـەیـە بۆ گـەردوون کـە خـودی خـۆی تێدا بناسێتەوە. ئیتـر لێرەوەیـە ئـەو لایـەنـە عیرفـانـی و ڕۆحانیانـە گـەشـە دەکـات. گـەر خـۆی ئـەو کـەسـە نـەتـوانێ ئـەو وێنانـدنـە بکـات ئـەوا دەچێتـە نـاو وێنـانـدنـی کـەسێکی دییـەوە و ئـەو کـات خـۆی خـودی خۆی نییە. یان نـەتـەوەیـەک دەکەوێتـە نـاو وێنـانـدنـی نـەتـەوەیـەکـی ترەوە و بـەبێ ئـاگـا دەبێتـە کۆیلـەی ئـەو نـەتـەوەیـە.

ڕەهەندی گەردونی لەناسنامەدا ڕەهەندێکی عیرفانییە و لە بوونگەراییی دەدوێت و بیر لە مانای ژیان دەکاتەوە و پرسیار لە بوونی خود لە گەردووندا دەوروژێنێ. پرسیار لە مانای بوونی خود لەگەل خودەکانی تردا دەکات، ئەو لە نێوەندی ئەم بوونەوەرەدا چ بەشێک پێکدێنێت و خود چ واتایەکی هەیە لە نێوان بوون و نەبووندا.

من کێم و چیم ؟ خود تا چ ڕادەیەک دلخۆشە بە خودی _ من _ وەک بەشێک لە ناو بەشەکانی ئەم بوونەوەرەدا، تا چ ڕادەیەک ڕەگ و ڕیشەی خودی _من _ بە ناو خاکی بووندا ڕۆچووە و چ پەیوەندیەک لە نێوانیاندا دامەزراوە، گشت ئەمانە ئەو ڕەهەندە دیاریدەکەن .

دوا قۆناغی گەشەی ناسنامە ئەوەیە کە مرۆڤ هەست بکات خۆی خۆیەتی و لە خۆی ڕازیە و ئەم هەستە ئارامی و ئاسایشی پێببەخشێت. بەپێچەوانەوە ئەو کەسێتیەی کە قۆناغ لە دوای قۆناغ گەشەی خۆی نەکردبێ، ئەوا ئەو کەسە دەبێتە کەسێکی بێ ئومێد و بێ هیوا و خۆی ون دەکات و هەستێکی بێ مانایی لە بوونی خۆی بۆ

دروست دەبێ و ئامادەیی ئەوەشی تێدا نابێ کە پەیوەندی قول لەگەڵ ئەویتردا دامەزرێنێت. لەم حاڵەتەدا (من) لەو دەرهێنەرە دەچێ کە ناتوانێ ڕێبەرایەتیەکی واقیعانەی ئەکتەرەکانی بکات. لەوەدەچێت ئەکتەرەکان بە بێ تێکست نواندنی خۆیان لە هۆڵێکی چۆڵدا جێ بەجێ بکەن. دواجار چالاکیەکانیان جگە لە خەونێک چیتر نەبووە. کەواتە وەزیفەی دەرهێنەر تەنها لەگەڵ بەش و پارچە جیاوازیەکانی کەسێتیدا- لایەنی ساکۆلۆژی- نیە، بەڵکو لەگەڵ ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕوحانیشدا کاردەکات .

نەبوونی ناسنامەیەکی بەهێز، مرۆڤ یان تاک دەکاتە دومیەیەک لە ژیاندا، ترسی وجودی بۆ دروست دەکات و بە شێوازی سەیر و جۆراو جۆر وەک خەمۆکانە یان دوژمنکارانە ڕەفتار دەنوێنێ، هەندێ جار سەردەکێشێ بۆ خۆکوشتن. تەنانەت دەتوانین بڵێین گشت گرفتە دەروونیە جۆراوجۆرەکان بەستراوە بە گرفتی ناسنامەوە. هەر بەو شێوەیە لەسەر ئاستی گروپ یان نەتەوەیەکیش نە بوونی ناسنامەیەکی بەهێز هەمان کاریگەری دەبێ، بەو

مانایەی کە چوارچێوەیەک بۆ خۆی دروست دەکات و دەرەوەی ئەو چوارچێوە بە دوژمن دەتەنێ و بە مەترسی بۆ سەر بوونی خۆی دەزانێ، ناتوانێ واقعانە دەوروپشتی خۆی ببینێت و ڕووداوەکان بخوێنێتەوە. بۆیە بە وەهم و خەیال پلان بۆ خۆی دەکێشێ. هەرکاتێ کارەساتێک وە ئاگای هێنایەوە، ئەوکات پالەوانێتی خۆی لە خەونەکانیدا دەگێرێتەوە. یان لەوانەیە هۆشیار بێتەوە لەوەی تا ئەو ساتە ئەو خەونی دیوە.

ناسنامەی نەتەوەیەک کە ئەو سێ ڕەهەندەی وەک پێویست تێدا بەدیی نەهاتبێت جۆری بیرکردنەوەی ئەو نەتەوە ناکامل دەبێ و جیاواز دەبێ لە نەتەوەیەکی تر کە ئەو ڕەهەندانەی زۆر تا کەم تێدا بەدیهاتبێ. لە کایەی ژیانی ڕۆژانە و کاری سیاسیشیدا ئەو جیاوازیە بە ئاشکرا دەردەکەوێ.

## 3.1 سەربەخۆیی چییە؟

سەربەخۆبوون ئەو توانستەیە کە حالەتێک بە مرۆڤ دەبەخشێت، تا بتوانێ ئامانجەکانی لە ژیاندا بەدەست بهێنێت. ئەو توانستە دوولایەنی لە خۆی گرتووە: لایەنی خۆبەڕێوەبردن و لایەنی خۆگونجاندن. خۆبەڕێوەبردن ئەومانایە دەگەیێنێت کە مرۆڤ بەتەواوەتی لە ناخی خۆیدا هەست بەسەربەخۆیی تەواو بکات و ئازادییەکی قول لەناخی خۆیدا وەدی بکات، ئەوەی لێوە دروست بێت کە ئەو چیتر پێویستی بەوی دی نەماوە. خۆگونجاندنیش خۆ جێکردنەوەیە لای ئەوی دی، چونکە مرۆڤ بێ ئەوی دی ناتوانی هەست بە بوونی خۆی بکات. ئەم حالەتە هوشیاربوونەوەیەکی قول دەخوازێت. جەوهەری سەربەخۆیی پێش ئەوەی پُرۆسەیەکی سیاسی بێ، بریتیە لە سەربەخۆیی کردنی دەروونی و ڕۆحی تا بیکاتە مرۆڤێکی سەربەخۆ لە ئاست غەریزەکانی داو ئازاد بوون بێت لەو ترسەی کە گوایە ئەو بێ ئەویتر ناتوانێ بە پێوە بوەستێت. سەر بەخۆیی پێش ئەوەی بەرامبەر داگیرکەرەکەت ڕاوەستی و داوای مافی خۆتی لێ بکەی، پرۆسەیەکی گۆڕانکاری دەروونی و ڕوحی و

ڕەوشتیە، لە خۆتا پێش وەخت و بەردەوام، دەبێ ڕوو بدات. سەربەخۆیی پێش ئەوەی چەکداری و جەنگاندن بێ، دروستکرنی مرۆڤێکە کە بتوانێ خۆی بە دەستی خۆی فۆرم بۆ ژیانی خۆی بکێشێت. بەمانایەکیتر تا خۆت لەدەست خۆت ڕزگار نەکەیت واتە سەربەخۆ نەبیت هەرگیز لەدەست ئەویدی ڕزگار نابیت. ئەوەی من هەستم پێکردبێ و تا هەنووکەش زانیبێتم کورد لە هەولەکانیدا بۆ سەربەخۆیی هەرگیز پەنای نەبردۆتە بەر پرۆسەیەکی لەم جۆرە کە بریتییە لە عیرفانی بوون و بە بوون بوون. کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی هەمیشە ُپرۆسەی جەنگاندن و سیاسی بە تاکە ڕێگەچارە زانیوە. لێرەدا دەتوانیین ئەم جیاوازییە لە ڕەفتاری مەهاتماگاندی و شێخ مەحموودی حەفیدا ببینینەوە. دوو سەرکردە لە یەک زەمەندا و بەرامبەر یەک داگیرکەر چۆن پرۆسەی سەربەخۆیی پیادە دەکەن. ئەو گۆڕانە دەروونی و ڕۆحیە قولەی لە نەتەوەی هندی و گاندیدا ڕوویداوە، ئەو پرۆسەیە لە نەتەوەی کورد و شێخ مەحموود و سەرکردەکانی پێش ئەو و پاش ئەویش ڕووی نەداوە. بۆیە هەتا

ئێستاش سەرکردەکانی کورد لە ئاست عەرەب و تورک و فارسدا شەرمنن و هەست بە کەمی خۆیان دەکەن. ئەم ڕۆژگارەی ئێمە زۆر لەو ڕۆژگارەی نەتەوەی عەرەب دەچێت کە پێش ئیسلام عەرەبەکان لە ئاستی یەهودی و مەسیحی و زەردەشتی هەستیان بە کەمی خۆیان دەکرد. تا محمد لەو هەستی خۆ بەکەم زانینە، ئازادی کردن.

# 2

# نەتەوەی کورد و چەند چەمکێک:

## 1.2 نەتەوەی کورد وەک دیاردەیەک

لێرەدا، هەولدەدەم بە یارمەتی فینۆمینۆلۆژیا کورد وەک دیاردەیەک لە سێ ئاستدا بخوێنمەوە.
لە ئاستی یەکەمدا _ دیوی دەرەوە و بەرچاو _ کە ناوی قۆناغی -سروشتی یان ڕووخساری- لێدەنێم.:
مێژووی هاوبەش، کەلتووری هاوبەش، زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، ڕەنگ و ڕوخساری هاوبەش، ئەو خەسلەتانەن کە نەتەوەیەک لە ڕووی دەرەوە پێکدێنن و تاکەکانی پێ دەناسرێنەوە.
ئەمانە بە تەنها نا بنە هۆی پێکهاتە و دروست

بوونی نەتەوەیەک چونکە ئەمانە خەسلەتی سروشتین و خۆمان هیچ ڕۆلێکمان تێدا نەبینیوە. ئەوەی ئێمە دەکات بە نەتەوە ئەو کاتەیە کە ئەو قۆناغە سروشتیە بەدەست و ویستی خۆمان دەبڕین. وەک ئەو هەوێنەی کە بەدەستی خۆمان دەیکەینە جامێک شیرەوە بۆ ئەوەی بمەیێ و ماستێکی توند و تۆلی لێدەرچێ. بە بۆچوونی من کورد هێشتا وەک ئەو شیرە خاوە وایە کە هەموو جارێک لە مەنجەلێکدا بێ هەوێن کۆی دەکەینەوە و هەر کە لەقەیەکی بەرکەوت قلپ دەبێتەوە. یان وەک ئەو شیلە گولەی کە هێشتا نەبۆتە هەنگوین، چونکە ئەو پرۆسە کیمیایی و فیزیاییەی کە لە هەناوی هەنگێکدا ڕوودەدات، لێرەدا ڕووینەداوە.

لەئاستی دووەمدا -دیوی ناوەوە -کە ناوی قۆناغی -بوون-ی لێدەنێم : قۆناغی بوون ئەو قۆناغەیە کە تاکەکانی ئەو نەتەوەیە کێشەی بوون و ڕوح لە بری کێشە مادی و غەریزیەکان خەریکیان دەکات . کێشەکانی بوون و ڕەوشت و ناخی مرۆڤ سەرقالیان دەکات. ئەو ناخە بێ سنوورە سەرسامیان دەکات کە

تەنها لەوێدا هەست بە نەمری و هەتا هەتایی دەکرێت. ئەو نەتەوەیەی نەتوانێ لەم بوارەدا خۆی ساغ کاتەوە و ئەو گۆڕانکاریە لە حالەتی سروشتیەوە بۆ حالەتی مرۆڤبوون ڕوو نەدات، ناتوانێ ببێتە نەتەوە و ناشتوانێ سەربەخۆ بێت. ئەوەی لای من ئاشکرا بووە ئەوەیە کە نەتەوەی کورد هێشتا قۆناغی سروشتی نەبڕیوە و نەچۆتە قۆناغی -بوونە- ەوە. بەلگەشم ئەوەیە کە کورد هێندەی دروشم و ئالا و خاک و جوگرافیا خەریکی کردوون، هێندە کێشەکانی مرۆڤ و بوون خەریکی نەکردوون. ئەو سەربەخۆیەی کە ئەمڕۆ کورد باسی دەکات لە دروشم و ئالا بەرزکردنەوە تێناپەڕێت. ئەوەش لاساییکردنەوە و خۆخەریک کردنە، نەک خۆ دروستکردن .

لە ئاستی سێهەمدا –ئەو کۆنتێکستەی کە کوردی تێدا بووە . هەرکاتێ ئەو مرۆڤ یان نەتەوە ناهۆشیار بێت، جوگرافیا یان جیۆپۆلیتیک ڕۆلێکی گرنگ دەبینێ لە ئاراستەکردنی ئەو مرۆڤەدا. شاخاوی ئەو ناوچەیەی کە کوردی تێدا جێگیر بووە و

پشت ئەستووریان بەو کەژوکێوانە، یەکێک بووە لە هۆکانی دواکەوتنی کورد لە چاو نەتەوەکانی دەوروبەریدا. هەمیشە بۆ خۆپاراستن لە دەسەلاتی ناوەندی پەنای بردۆتە بەر شاخەکان. ئەمەش وای لێکردوە لە گفتوگۆ کردن لەگەل نەتەوەکانی ناوچەکەدا -عەرەب و تورک و فارس- بەشداریەکی بەرچاوی نەبێ. کە ئەوان لەگەل یەکتردا بەشداری ئەو گفتوگۆیانەیان لە بوارە جیاوازەکاندا کردوە و کارلێک لە نێوانیاندا ڕوویداوە. بەلام کورد هەر کاتێک دەسەلاتی ناوەندی لە کزیدا بوو بێ دەسەلاتی کوردیش (چونکە بەردەوام لە ڕوبەروبونەوەدا بون) بێ خۆئامادەکردن سەریهەلداوەو هەر کاتێکیش دەسەلاتی ناوەندی بەهێز بووبێتەوە، دەسەلاتی کوردی نەماوەو بووەتەوە ژێردەستە. حکومەتی قازی موحەمەد و شێخ مەحمودی حەفید وبزافی جەنگاوەرانەی شێخ سەعیدی پیران، نموونەی بەرچاوون بۆ ئەم قەیرانە. ئیمڕۆشی بێتە سەر وا ئێستا کە حکومەتی ناوەندی کزە کوردیش دیارە و دەرکەوتووە. ئاخۆ ئەمجارەش ئەم ترادیژیایە دووبارە دەبێتەوە؟ ئەگەر

ئەمجارەش نەتەوەی کورد فریای ڕۆحی خۆی واتە ڕەهەندی ناوەکی نەکەویت، پیموایە بەڵێ دووبارە دەبێتەوە.

## 2.2 جەنگاوەر و شۆڕشگێڕ :

سیفەتی جەنگاوەری و ئەفسانەی ئازایەتی لە ناو نەتەوەی کوردا هەمیشە کاریگەری بەسەر پێکهاتەی دەروونی و ستراتیژیەکانیەوە نەخشاندووە و خزمەتی سەرکردەکانی کردوە و ئەوانیش ئەم حاڵەتەی کوردیان بەبەردەوام قۆستۆتەوە. ئەو پڕۆژانەی کە سەرکردەکان بۆ کوردیان دروست کردوە ستراتیژێتیکی وەهمی و پلان و ئامانجی کورت بڕ بەسەریاندا زاڵ بووە زیاتر لەوەی ستراتیژێتیکی ئەقلانی و پلان و ئامانجی دووری هەبوو بێ و هەمووی بە کۆمەڵێک جەنگ و کوشتار دەستی پێکردوە و بە شکست و شکاندن کۆتایی هاتووە. هەرگیز لە ناو کوردا ئەقلەیەتێک یان کەسایەتێک پەیدا نەبووە بتوانێ دەستکەوت و تێچون و کات هەڵسەنگێنێ و تاووتوێیان بکات، بۆیە هەمیشە نەک

دەسکەوت لە ئاستی تێچووندا نەبووە بەڵکو هەرتێچوون زیاتر بووە. چونکە بەلای تاک و سەرکردەی کوردەوە خۆبەدەستەوە نەدان گرنگتر بووە لە هەموو ئەو قوربانیانەی خەڵکی ڕەش و ڕووت دەیاندا و زۆرجاریش وا بووە کە واقعی ژیان هەر لە ئەنجامدا ناچاری کردوون و بە دەستی خۆیان، (سەرە ڕای ئەو هەموو جەنگ و ڕوبەڕبونەوانە) کەوتونەتەوە ژێر دەست و پێی ئەو دوژمنەوە. ئەم حاڵەتە لە فلیمەکەی مامەڕیشە کە لە کوردساتەوە سالی (2005) پەخش کرا بە باشی ڕەنگ دەداتەوە: دەبینی ئەوەی بەلای مامە ڕیشەوە گرنگ بوو ئەوە بوو ئەو خۆی نەدا بەدەستەوە. ئیتر ئەو هەموو ماڵ وێرانی و گرتن و کوشتنی خەڵکی بێدەسەلات و سەرشۆڕکردنی خەلکی تر هیچی دل و دەروونی مامە ڕیشە ی نەهەژاند.

گەر بە مێژوودا بچینەوە ئەم حاڵەتە بەدی دەکەین کە کورد بە پرۆژەی عیرفانی و خۆگۆرین دلخۆش نەبووە گۆرینیان پێخۆشنەبووە، چونکە سەرکردەکان دەسەلاتیان لەدەست دەچێت، ئەم خەسلەتە

تائێستاش لە ناو سەرکردەکانی کوردا هەر ماوەتەوە.

بە گوێرەی ئەوەی مێژوونوسان باسی دەکەن زەردەشت لە کات و سەردەمی خۆیدا کەسێک بووە کە پڕۆژەیەکی عیرفانی و ڕەوشتی گەیاندووە، لەو ناوچەیەدا هەلکەوتووە کە جێی باووباپیرانی کورد بووە، بەلام لە ژێر فشاری موغەکاندا نەیتوانیوە لە وێدا بمێنێتەوە و دەربەدەر دەکرێ و لای ئەو خێل و تیرانە جێی دەبێتەوە کە بە ڕیشە و ڕەچەلەک دەگەنەوە بە فارسەکانی ئیمڕۆ. ئەوان لە بری کورد لە پڕۆژەکەی زەردەشت سوودمەند دەبن. تا دوای ئەوەی پڕۆژەکەی زەردەشت دەبێتە ئایینی ڕەسمی دەسەلات ئەوجا کورد دانی پێدا دەنێن و شوێنی دەکەوون. نموونەیەکی تر لە سەردەمی سەللاحەدینی ئەیوبیدا ڕوویداوە. سەهرەوەردی کە تیۆسوفێکی ئیشراقی بووە و لەو سەردەمەدا هەلدەکەوێت، پێش ئەوەی پڕۆژەکەی پێبگەیەنێ و بیگەیەنێ چارەنوسی ئەمیش لە ژێر فشاری مەلاکاندا بە فەرمانی سەلاحەدین شەهید دەکرێ. بەم شێوەیە ئەم دوو خاوەن مەعریفەیە، ئەم دوو

عیرفانە لە ناو کورددا کە هەوێنی نەتەوایەتی لای ئەوان دەشیا دەست کەوتایە، زەردەشت لە پێناوی موغەکان و سەهرەوەردیش لە پێناوی مەلاکاندا خۆیان و پرۆژەکانیان دەکرێنە قوربانی .پرۆژەکانی ئەم دوو پیاوە ئەگەر ڕووناکییان بدیایە، دەشیا گۆڕانکارییەکی جەوهەری لەو سەردەمەدا لە ناخ و ڕۆحی تاکی کورد دا بەدی بهێنایە، چونکە ئەو دوو کەسە خۆیان توانیان ببنە سەرچاوەی مەعریفی بۆ دروستکردنی خودی خۆیان، بەوەش سەربەخۆبوونێکی مەعریفیان بۆ کورد وەدەست دەخست. ئەو کات سەربەخۆ بوونی سیاسیش ئاسانتر و زووتر وەدی دەهات . ئەمە ئەگەر بخولقایە دەمانتوانی ناوی (شۆڕش) ی لێبنێین.

گرفتێکی تر کە کورد گیرۆدەیەتی تەبەعیەتە. ئەم خەسلەتە لەگەل خەسلەتی شۆرگێریدا دژ بەیەکن. شۆرگێر ئەو مرۆڤەیە کە دەیەوێ خۆی خودی خۆی بێت و ڕۆحی دیلی ڕۆحی کەسیتر نەبێت. تەبەعیەتی ڕۆحی کورد بۆ فارس و پاشانیش بۆ عەرەب وای کردووە هەمیشە خۆی بە قەرزاری ئەوان بزانێت و لە ئاستیشیاندا شەرمن بێت. بۆیە ئەشێ

ماوەیەک لە پال ئەو دوو دەسەلاتانەدا حەسابنەوە و تەنانەت لە هەندێ جێگە و بۆ ماوەیەکی کورت بوبنە خاوەنی دەسەلاتێکی ناڕاستەوخۆی خۆشیان، بەلام هیچی لەوانە کوردی بەرەو سەربەخۆی و ڕزگار بوون نەبردووە. لەبەر ئەوەی کورد خۆی پڕۆژەیەکی هەنوکەیی یان مێژوویی وەک ئەلتەرناتیفێک پێ نیە بە تایبەتی -بە هۆی ئیسلامەوە- ناتوانێ لە ژێر دەسەلاتی عەرەبدا بێتە دەرەوە. بگرە زۆر جاریش کێشەی کورد تێکەل بە کێشەی عەرەب بووە و کێشەی کوردی ئالۆزکاندوە...

کورد نەیتوانیوە بیر لەوە بکاتەوە بە هۆی ڕێبازێکی مەعریفیەوە -نەک سیاسی و چەکداری- خۆی لە عەرەب جیا بکاتەوە. ئیستەش ناتوانێ چونکە ئیسلام خۆی گڕ و تینی تێدا نەماوەو زەمەنی بەرەو بەسەرچون دەچێ تا بتوانێ لەم ڕوە وە سودی لێ وەرگرێ. لێرەدا هۆکارەکەش زیاتر بۆ کورد خۆی دەگەڕێنمەوە تا بۆ ئیسلام ئەویش بە دوو بەلگە: یەکەمیان لە مێژووی دووردا نموونەی فارس و تورک مان هەیە کە چۆن هەر بە -هۆی گڕ و تینی ئیسلامەوە – توانیان پڕۆژەیەکی وا بۆ خۆیان

دروست بکەن ئەمڕۆ هەندێ لە سەربەخۆییشیان پێببەخشێ و لە بەرامبەر عەرەبدا هەست بە بونی خۆیان بکەن و عەرەبیش دانیان پێدا بنێن. بەلگەی دووەمیان لە مێژووی نزیکدایە ئەوەیە کورد نەی توانیوە سوود لەدیموکراسیەت و عیلمانیەت وەرگرێت. هێندەی سەرکردەکان خەمیانە هەرچۆن بووە دەسەلات قۆرخ کەن، هێندە مەبەستیان نەبووە نەتەوەکەیان درووست بکەن. ئەگەر لەم هەل ومەرجەی کە هەنوکە لە بەردەستدایە ئەو کارە نەکرێ، ئیتر سەربەخۆیی بۆ کورد هەر بە خەون دەمێنێتەوە و دەبێتە ئەفسانەش .

ئەو کارەی کە کورد پێویست بوو لە پێش یان پاش موسلمان بوونی دا بیکردایە تێکۆشان بوو بۆ وەدیهێنانی مەعریفەیەکی سەربەخۆ. لە مێژوودا نموونە زۆرن. فارس و تورک دوو نموونەن و هەر ئیسلام خۆیشی نموونەیە. ئەوەی پەیامبەرێکی وەک موحەمەد وەدیهێنا پرۆسەی بە خودکردن و ڕۆچوون بوو بە زەمینەی - بوون- دا. لەسەرەتادا چەند خەریک بووە بە خودی خۆیەوە و لایەنی عیرفانی و تەنانەت فەلسەفیش سەرقال و سەرگەرمی کرد

بوو. ڕۆچوون بە ناخ و ڕۆحی خۆیدا لە ئاکامدا ڕزگاربوونی لەو ئایدۆلۆژیایانەی – چ نەتەوەیی یان ئایینی - لەو سەردەمەدا لە ناو کۆمەلگەکەیدا باو بووە وایکرد کە پڕۆژەیەکی عیرفانی و ڕەوشتی و نەتەوایەتی و سیاسیش دامەزرێنێت .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیلێم ئەوەیە محەمەد لە بری ئەوەی میتافیزیکای جولەکە و مەسیحیەکان بەکار بهێنێتەوە، بە سوود وەرگرتن لە میتافیزیکای ئەوان،خۆی گەشتی بە میتافیزیکادا کرد و بەدەستی خۆی تێشووی بۆ نەتەوەکەی خۆی هێنایەوە. جگە لەوەش ڕازی نەبوو بەشداریی لە دەسەلاتی خێلەکانی عەرەبدا بە ناوی چاکسازییەوە بکات. بەپێچەوانەوە ئەو ئەو دەسەلاتەی سەروبن کرد و لە شێوەیەکی تازەتر و بە بنەما و دەستوورێکی ترەوە دایمەزراندەوە. بەو سیستمە نوێیەی کە ئەو هێنای بلالی کۆیلە و ئەبوبەکری ئاغا ی گەیاندە یەک ئاست و یەک بەها.

هەرچەن لەم سەردەمەدا وەک هایدگەر دەلێ: (( میتافیزیکا کۆتایی هات..)) یان نیچە دەلێ: (( خوا

مرد ...))، ئەو خوا و میتافیزیکایەی کە مرۆڤ خۆی دروستی کرد بوو خۆیشی مراندی و جارێکیتر بەرەو بەنهێنی بوون چووەوە ، ئەمە ڕاستە، بەلام من ئێستا لە ناو مێژویەکدا قسەدەکەم و لە ڕابردوو دام و نەهاتوومەتەوە بۆ سەردەمی نوێگەری و پاش نوێگەری . من باس لە سەردەمێک دەکەم کە میتافیزیکا بالا دەست بووە. کورد لەو کاتەشدا کەمتەرخەم بوە یان ئاستی هۆشیاری نزم بوە، نەیتوانیوە لە پرۆسەی میتافیزیکاش کەلک وەرگرێ. ئەگەر زانستیانە ئەم وتەیە بلێمەوە ئەوا دەلێم لە قۆناغی مندالیدا بوون و دەرکیان بە تایبەتمەندێتی ڕۆحی خۆیان نەکردوە، چونکە مندال دەزانێ یاری بکات، نازانێ ئەرک هەلگرێت. بێگومانم کە ئەم حالەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناهوشیارییەی کە نەتەوەی کورد هەستی پێناکەن. تا هەنوکەش ئەم ناهوشیارییە هەربەردەوامە.

هەر وەک لە پێشەوە ئاماژەمان کرد بە ڕەهەندی سرووشتی، نەتەوەی کورد لەو ڕەهەندە سرووشتیەوە دەبێ بگوێزێتەوە بۆ ڕەهەندی بە مرۆڤبوون. ئەو گواستنەوەیە بە بێ ئەم هەوێنە، وەهم و خەیالە.

یەک ملیون سالی تر باس لە خاک و ئاو و دروشم و ئالا بکەین نابین بەوەی کە دەبێ ببین و دروستیش نابین. بەو ڕەهەندە سروشتیەوە ناتوانین سەرمان لە ئاستی غەریزە و خۆزگە و حەز و ئاواتە نزمەکان ، بەرەو بەرزەوەندی و حەز و خۆزگەی بالا بەرز کەینەوە. ئەو قۆناغە سرووشتیە بووەتە ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوایەتی و لە حالەتی سروشتیدا کۆیلەی کردوین. سەرکردەکانیش بە ئاگا یان بێ ئاگا باش ئەمە حالەتە دەزانن و بۆ مەبەستی خۆیان زۆرباش بەکاری دەهێنن. بۆیە بە هەموو توانایانەوە پارێزگاری لەم قۆناغە دەکەن، چونکە لەم قۆناغەدایە ئەوان بە بالادەستی دەتوانن بمێننەوە.

## 3.2 ڕەگەزناسی یان ڕەگەزپەرستی؟!

لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەر لەم وتانەم چەواشە نەبێت و بەرەو ڕەگەزپەرستی نەچێت، پێویستە خالێکی گرنگ ڕوون کەمەوە. ئەوەی من باسی دەکەم بریتی یە لە ڕەگەزناسی نەک ڕەگەزپەرستی. ڕەگەزناسی

واتە خۆناسین  کە ئەویش بە دوو ئاقاردا دەڕوات :
ئاقارێکی مێژوویی واتە ئاسۆیی و ئاقارێکی ستوونی
واتە هەنووکەیی.

ئاقاری  مێژوویی  -ئاسۆیی-: لەم ساتە وەختەی
کەمن و تۆ لێرەداین،  پەیوەندییەکی  دوور و درێژی
بە ڕابردووی دوور و نزیکمانەوە هەیە. زۆربەی ئە و
سیفات و خەیال و سۆز و کاراکتەرەی  لە ڕابردوودا
لەسەر شانۆی ژیان نمایش کراوە، بە هەست و
نەست و ڕەفتارمانەوە لکاوە و بە ئاگا و بێ ئاگا
دووبارەی دەکەینەوە.

ئاقاری هەنوکەیی - ستونی- لەم ساتە وەختەدا
تاکێک چۆن هەست بە بوونی خۆی دەکات و
ناسنامەی خۆی لەوانی تر جیا دەکاتەوە و وەک
کائنێکی سەربەخۆ لە هەموو ئەو سۆز و خەیال و
ئاوات و  خۆزگانەی کە لەودا لەم کات و ساتەدا
کارایە. ئەو ساتە وەختەیە کە پرسیارەکانی کێم ؟ و
چیم ؟ و چیم دەوێ ؟ سەرهەلدەدەن . هەر کاتێ تۆ
وەک مرۆڤ بە بەردەوام لە پرۆسەی
هۆشیاربوونەوەدا نەبی، ئەوا خۆت خۆت نیت و
خودی خۆت ناناسی . لێرەوەیە کە پرۆسەی  ئەنتی

باوان بەگرنگ دەزانم بۆ ئیمڕۆی کورد.

هەرزەکاری هۆشیار ئەو هەرزەکارەیە لە سات و ئانێکدا دەبێتە پێچەوانەی (ئەنتی) باوانی بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن ناسنامەی خۆی، پاشان ڕەخنەگرانە دەگەڕێتەوە لایان و دژواریەکانیان دەبینێ و ئەوجاش دانیان پێدا دەنێ. گەر ئەم پڕۆسەیە جێبەجێ نەکات نە قۆناغی هەرزەیی دەبڕێ و نە گەورە و کاملیش ئەبێ. ئەوجا هەر لاسایی باوانی دەکاتەوە. نموونەی (ئەنتی باوان) لە پڕۆسەکەی موحەمەد زۆر بە ئاشکرا دیارە. چونکە ئەو هەموو ئەو سەردەمەی پێش خۆی بە نەزان (جاهلیە) وەسف دەکات. ئەنتی باوان ئەو پڕۆسەیەیە کە ململانێ بەرامبەر سەپاندنی باوان دەخولقێنێ. دوو تێرمن چەندین ڕەهەندی فەلسەفی، دەروونی، ڕۆحی و مێژووی لە خۆی دەگرێت و گوزارش لە پڕۆسەیەکی مێژووی و دەرونی و ڕۆحی وا دەکات کە چۆن مرۆڤ بتوانێ خۆی ڕزگار کات و پاشان خۆی ئازاد و سەربەخۆ بکات. هەرچی نەتەوەیەک، کۆمەلگایەک، گروپێک یان تاکێک

نەتوانێ بە پڕوسەی ( ئەنتی باوان ) دا تێپەڕ بێت ، ئەوا ئەوانە بە ئاگا یان بێ ئاگا، کۆیلەن و چێژی ئازادیان نەکردوە.

ئەم پڕۆسەیە، پڕۆسەیەک نیە ڕوو لە ئەوی بێگانە یان دوژمن تەنانەت دۆستیش، بکات. بەلکو پێش هەموو شتێک ڕووکردنە لە خودی خۆت و نەتەوەی خۆت. چونکە خودی تۆ ، نەتەوەکەت، کۆمەلگەکەت یان گروپەکەت کەلتور و میراتێکی وا سەخت و گرانی داوە بەسەر شانتدا، بۆ هەرکوێ بچیت هەلگری ئەو بارەی و وا لەگەلی ڕاهاتووی و بۆتە بەشێک لە ژیانی ماددی و ڕۆحی خۆت. ناتوانی ئەو کات خۆت خۆت بی. هەر ئەو پێکهاتە پێش وەختەی بۆت ئامادەکراوە پێش ئەوەی لە دایک بیت و بێ ئەوەی ویستی ڕاستەقینەی خۆتی تێدا بێ، تۆ پێک دێنێتەوە. ئیتر لێرەوە تۆ هەرگیز نابیتە خودی حەقیقی خۆت . بۆ ئەوەی جارێک تام و چێژی بوونی حەقیقی خۆت بکەیت، دەبێ ئەو بارە دانێیت ، بەو پالەپەستۆیەی ڕاپێچت دەکات و ئاراستەت دیاری دەکات، بلێ: بوەستە ، ئیتر بە فەرمانی (تۆ) کە لە ڕاستیشدا هەر (خۆم )م، ناچم بەڕێوە. وا لە بری

ئەوەی پشتم لێتە و پالم دەنێی و کوێرانە دەڕۆم، ڕووت تێدەکەم و بەرت لێدەگرم و ڕاتدەگرم، چونکە کاتی ئەوە هاتووە هۆشیارانە گفتوگۆت لەگەل بکەم. تا لەبری ئەوەی تۆ من دروست کەیت من تۆ دروست دەکەم. لە بری ئەوەی ئاراستەم کەیت و بەرەو هەلدێرم بەریت، ئەوا من هۆشیارانە ئاراستەی تۆ دەکەم، لەبری ئەوەی تۆی مردو و ڕابردو - من - پێکبهێنیتەوە، منی زیندو و هەنوکە -تۆ- ش زیندو دەکەمەوە و پێکت دەهێنمەوە. ئەمەیە ئەنتی باوان.
بەلام ئەوەی بەسەر ئێمەدا هاتوە، وەک نەتەوەیەکی ئەم ناوچەیە -لەچاو نەتەوەکانی دەروبەرماندا- تا ئێستا پڕۆژەیەکی لەم شێوەیەی ئەنتی باوان سەریهەلنەداوە و مرۆڤگەلی ئێمەی پێدا تێنەپەڕیوە. بەلکو لە مێژەوە سەپاندنی باوان باو بووە، گوێرایەلی و ڕازیکردنی باوان بووە، بیرهێنانەوە و بەرهەم هێنانەوەی باوان بووە، لاساییکردنەوەی باوان و شەرعیەت وەگرتن لە باوانەوە بووە، پشتی سەرمان تێکردوون و ئەوانیش بە ئارەزوی خۆیان وەک کۆیلە بە دەستی خۆمان ڕاپێچیان کردوین و دەکەن. سەپاندنی باوان

گرفتێکی کۆمەلایەتی و دەروونیە، تا ئێستە نەتەوەی کورد نەیتوانیوە تێی پەڕێنێت و جێی بهێلێت. سەپاندنی باوان بە تەنها کاراکتەری سەرکردەیەک و دوو سەرکردە نەبوە و نیە، بەلکو کەلتورێکە سەرتاپای دەروون و ڕوحی نەتەوەی کوردی گرتۆتەوە. ئەو کەلتورە جەماوەرێکی وا ی پێکهێناوە کە هەر لەو جۆرەش سەرکردە بەرهەم دێنێتەوە. ئەمە وادەکات بگەمە ئەوەی کە بلێم سەرکردەش و جەماوەریش هەردووک کۆیلەی ئەو ڕابردووەن . هەردووک دەبێ بە پڕۆسەی ئەنتی باواندا تێپەڕن تا هەردووک ئازاد و سەربەخۆبن.
بۆیە لێرەدا خۆناسین بە پڕۆسەیەکی گرنگ دەزانم و ناوم ناوە ڕەگەزناسی و جیای دەکەمەوە لە ڕەگەزپەرستی. لەکاتێکدا ڕەگەزپەرستی حالەتێکە ئەوەندە بەوی ترەوە نیگەتیڤانە سەرقال دەبی تا ئەو ڕادەیەی خۆت لەبیر دەکەیت، بەلام ڕەگەزناسی وات لێدەکات کە بە خودی خۆت و مێژووی خۆتا بچیتەوە تا جارێکیتر خۆت و مێژووەکەت دارێژیتەوە.

## 4.2 نـەتـەوەی كورد و هـەقنـاسـی:

ئێمە لـە سـەردەمـی پاش نێوگـەریدا دەژین ، جـارێكـی تـر هیچ ئـایدۆلۆژیایـەكـی تـر نـاتوانـێ بـە نـاوی خـوا وە بـەسـەر مرۆڤدا بسـەپێنرێ . لێرەدا مـەبـەست لـە – بـوون- یـان – نـەبـوون- ی خـوا نیـە، چونكـە ئـەوە بابـەتێكـە مـرۆڤ تـوانـای بـەسـەریـدا نـاشـكێت. بـەلام ئـەوەی لـەبـارە بـۆ لێكۆلینـەوە ئـەوەیـە كـە - خـوا (نـاوێكـە) لـە (حـەق ) ێـك نـراوە كـە بـە بنـەمـا و بنـەڕەتـی بوونـەوەر دادەنرێـت. لێكۆلینـەوە لـەو بنـەمایە یان لـەو حـەقە لـەڕابردوودا یان فـەلسـەفـەی خولقانـدووە یـان ئـایین!!. فـەلسـەفـە لـەو بنـەمایـە كۆلیـوەتـەوە و ئـایینیش بـە نـاوی ئـەو بنـەمایـەوە دواوە. ئـەم ئاراستـەیـە لـەسـەردەمـی نوێگـەریدا بـە تـەواوی گۆڕا و سـەروبن كرا.

نوێگـەری هـەنگاوێكـە وەك دەلـێن لـە (دیكـارت) ەوە دەسـت پێـدەكـات. بـە گومانكردنـەكـەی ئـەو بـوو وەرچـەرخـانێكی گرنـگ لـە مێـژووی مرۆڤایـەتیـدا

ڕوویـدا. گومانـــەکـــەی دیکـــارت لـــە گومانـــەکـــەی ئـەبوحامدی غـەزالـی دەچوو. بـەلام دیکارت قۆنـاغێکی بـەرزتـری بـڕی. هـۆی ئـەوەش دەگـەڕێتـە وە بۆئـەوەی لـەو سـەردەمـەدا کـە دیکارتی تێدا دەژیا، ئایدۆلۆژیای ئاییـنی مـەسیحی چـەند قۆنـاغێکی لـە تیۆلـۆژی بـڕی بوو و بـەوەش دەسـەلاتـی سیاسی کـەنیسـە و پاپـاکـان لـە کزیدا بوو، لـەهـەمان کات دەسـەلاتـی مـەعریفـە و عیرفـانـی تـا ڕادەیـەک بـەهێـز بـوو بـوو. بـەلام لای غـــەزالـــی و ئـــەو ســـەردەمـــەشـــی تێیـیـــدا دەژیـــا، ئایدۆلۆژیای ئیسلام لە سێ لاوە دەسەلاتـی بـە تینـی هـەبوو ، مـەعریفـی و کـۆمـەلایـەتـی و سیاسـی. ئـەمـە وای کرد کـە غـەزالـی لـە گـەشتی گومانکردنـەکـەیدا نـەگاتـە ئـەو ئاستـەی دیکـارت. بـەتـەئکید جیـاوازی زەمەن نزیکەی سێسەد سال لـە نێوان ئـەو دووانـەدا ڕۆلێکـی مـــەزن لـــە جیـاوازی بـــەدیهێنـانـی ئـــەو دوو ئاستـە لـە جۆری بیرکردنـەوە دەبینێت.

دیکارت توانـی ئـەو قۆنـاغی گومانکردنـە تێپـەڕێنێت و لێکۆلینەوە لە _ هەق_ کە بنەمای بوونـەوەرە لـە بـری ئـەوەی لـە دەرەوە یـان سـەرەوە ی مـرۆڤ یـان دەرەوەی گـەردونـدا ئـەنجـام بـدات، لـە نـاخـی مـرۆڤ

خۆیدا و لە ڕێگەی مرۆڤ خۆیەوە ئەنجامی دا و لەو هەقە گەڕا. لێرەوە مرۆڤ خۆی دەبێتە بنەما و بنەڕەتی دۆزینەوە و ناسینەوەی ئەو هەقە. بۆیە چیدی سەپاندنی ئەو (هەق)ە لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیایەکی ڕەها، لە دەرەوەڕا، یان سەرووی مرۆڤەوە سەرناگرێ .

دیکارت نەهات لە ڕێگەی هەبوون و گەورەیی گەردوونەوە ئەو (هەق)ە بسەلمێنێت ، لە ڕێگەی گومانکردنەوە، خودی خۆی لادەسەلمێت و لە خودی خۆیەوە دەگاتە ئەوەی فکرەیەکی ئەزەلی و ئەبەدی لەویشدا هەیە. هەلبەتە ئەو فیکرەیە بابەتێکی هەیە کە ئەویش (خوا)یە، ( هەق)ە . کاتێ لای ئەو خوا لە ڕێگەی ناخ و هەستیەوە دەسەلمێت ئیتر گەردوونیش دەسەلمێت .

بۆیە مرۆڤ دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە هۆشیاربوونەوەی تاک دەبێتە بەردی بناغەی تێگەیشتن لەو هەقیقەتە. دیارە ئەزموونی تاکێک لەتەک تاکێکی تردا لە ئاستی ئەو حەقیقەت ناسینەدا جیاوازە، ئەگەر لێکچوونیش لە نێوانیاندا هەبێت ئەوا هیچ ئەزمونێکیان کتومت لەویتر

ناچێت. لێرەوەیە ئەزموونی تاک یان بەهای تاک بەرز دەبێتەوە. واتە مرۆڤ لە قۆناغی حەقیقەتی ڕەهاوە کە تا ئەو ساتەش بالادەست بووە، دەگوێزرێتەوە بۆ حەقیقەتی ڕێژەیی و ئەزموونەکانیان لە ئاست یەکتردا یەکسان دەبنەوە. کەسێک ناتوانێ خاوەنی حەقیقەتێکی ڕەها بێت و بەناوی هەقێکەوە بدوێ و پەیوەندی پێوە بکات و هەموو مرۆڤایەتی لە ئاستی دا ملکەچ بکات. لەم خالەوەیە پرۆسەی عیلمانیەت (سیکۆلاریزم) دەست پێدەکات و هەموو وەسف و تێگەیشتنێک بۆ ئەو هەق و هەقیقەتە بە دونیایی دەکرێت و دەبێتەوە مرۆڤکرد، مرۆڤ هەر خۆیەتی لە و هەق و هەقیقەت دەدوێ و لێی دەکۆڵێتەوە.

مرۆڤ خۆیەتی ئەو هەقیقەتە وەسف دەکات، مرۆڤ خۆیەتی دیمەن و شێوە بۆ ئەو هەقیقەتە دەکێشێ. بەلام هەرچیەکیش بلێ و هەرچەند سەرکەوتوو بێت لە نزیک بوونەوەی لەو هەقیقەتە و هەرچیەک دەکات و دەلێ بە دەست و بەزمان، هەر ناتوانێ لەو هەقیقەتە ڕەهایە بە ڕەهایی تێبگات. چونکە مرۆڤ توانایەکی سنوورداری هەیە بۆ تێگەیشتن لە

ڕەهـا. هـەرکـاتێکیش لـە هـەسـت و ناخیـەوە بـە تـەواوی دەرک بـەو هـەقیقـەتـە بکـات، کـە ئـەویـش ئـەگـەرێکـە، چونکـە لـە نـاخی مرۆڤدا شـوێنەواری هـەستێک بـەو ڕەهاییـە دەکرێـت، بـەلام هـەرکـاتێ دەیخاتـە قـالبی زمـان و وشـەوە دیسـانـەوە سـنووردار دەبێتەوە و لەوە دەردەچێت کە ئەو حەقیقەتـە وەک خۆی بە حەقیقەتی بگەیەنێت. چونکـە زمـانیش وەک هەموو سیفاتێکی تری مـرۆڤ دیسـانـەوە سـنووردارە و توانیای لەخۆگرتنی ڕەهای نیە. ئـەو بیروبـاوەڕانـەی لە ئـەنجـامی ئـەم ئـەزموونـانـەوە دادەکـەون زۆرجـار دەبنە عەقیدە و پیرۆز کراون و پیرۆز دەکرێن.
عەقیدە بـەرهـەمـی ئـەو چیرۆکـەیـە کـە بـۆ سـەرەتـا و کۆتـایی ژیـان دەنوسـرێتـەوە و ئـەنجـامی ئـەو وێناندنـەیە بۆ بوون و نـەبوون دەکێشرێت. لێرەدایـە جیـاوازی ئـەو چیرۆکانـەی کـە ئایینـە جیـاوازەکـان دایاننـاوە بۆ ژیان و مردن و پاش مردن و ئەو عەقیدە جیاوازانـەشی لێکـەوتۆتـەوە. هـەمووشـیان لـە یـەک شتدا یـەکدەگرنـەوە کـە ئـەویـش مـانـا بـەخشینـە بـە ژیـان. ئـەم چیـرۆک نوسـینەوەیـە بـەدەر نیـە لـە کاریگـەری کـەلتـوری و مێـژووی ئـەو نـەتـەوەیـە و

ئایدیۆلۆژیای ئەو سەردەمەش کە ئەو بیرە نوێیە تیایدا سەرهەڵدەدات.
ئەگەر بەم دیدگایەوە ئیسلام بخوێنینەوە کاریگەری ئەو فاکتەرانەی پێوە دەبینین. ئیسلام یەکێکە لەو سێ ئایینەی کە دەگەڕێنەوە سەر ئیبراهیم. ئیسلام لە ئیسماعیلەوە و یەهودی و مەسیحیش لە ئیسحاقەوە سەرچاوە دەگرن. چیرۆکی ئیبراهیم سەبارەت بە سەربڕینی یەکێک لە کوڕەکانی لە قورئاندا ئەو کوڕە ئیسماعیلە و لە تەوراتدا ئەو کوڕە ئیسحاقە. پیرۆزی کەعبە پەیوەندی بەو چیرۆکەوە هەیە کە ئەو ماڵە ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی کە باوانی نەتەوەی عەرەبن، دروستیان کردووە.
زۆر ناوهێنانی ئیبراهیم وەک نموونەی ڕاستی و یەکتاپەرستی لە قورئاندا بەڵگەیەکی گرنگە لە پەیوەندی ئیسلام بە ڕەگەزناسی و خودناسیەوە. بە پیرۆزکردنی ئەم مێژووانە وایکردووە کە نەتەوەکانی تریش بە مێژووی خۆیانی بزانن. لێرەوەیە کە ئیسلام ڕەهەندێکی جیهانی وەرگرتووە و وەک ئایدۆلۆژیایەک کاریگەری لەسەر هەموو نەتەوەکانی

ژێر دەسەلاتی ئیسلامیش دا هەبێت. هەرچەند موحەممەد لەسەرەتادا لەژێر کاریگەری دینداری واتە ڕۆحیگەریدا بزاقەکەی دەست پێدەکات کەچی نەیتوانی ڕەهەندی نەتەوەیی چاوپۆشی لێبکات. نموونەی دیار گوێزانەوەی ڕووگەی نوێژە لە قودسەوە بۆ کەعبە. ئاخۆدەبێ بۆ خوا قودس و کەعبە چ جیاوازییەکی هەبێت، ئەگەر ئەمە مرۆڤ خۆی نەبێت کە پێویستی بە خۆ دروستکردنە لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ لای خود و ڕەگ و ڕیشە.

سەیری گرنگی و بەهای کەسێکی وەک موحەممەد بکە تا چەند هۆشیار بووە و چۆن خۆی لە ژێر فشاری ئایدۆلۆژیای ڕابردووی نەتەوەکەیدا دەرهێنا و هەر وەک ئەو هۆشیارەی کە خۆی لە ژێر فشاری باوانی دەردەپەڕێنێت و خۆی دروست دەکات و جارێکی تر هۆشیارانە پەیوەندی بەو ڕابردووە و باوانەوە کردەوە. لە هەمان کاتتدا خۆی لە ژێر فشاری ئایدۆلۆژیای ئایینی یەهودی و مەسیحی و تەبەعیەتی ئەوانیش ئازاد دەکات و ڕەخنەیان لێدەگرێت. لە هەمووی گرنگتر گونجاندنی مەعریفەی ئەو سەردەمەبوو لەگەل ئاستی

بیرکردنەوەی نەتەوەی عەرەب دا. لەوانە فەلسەفەی گنۆستیسیزم (مەعریفە لە ناخەوە هەڵدەقولێت، خۆرزگارکردن لە جەستە تا ئەو مەعریفەیە سەردەرکات)، ئەفلاتون ( حەقیقەت سێبەری فیکرەیەکی ئەبەدییە کە لە جیهانێکی بەرزترەوە دێت) و ئەرۆستۆتالیس (گەردوون بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو دەڕوات).
ناکرێ هاتووچۆکردنی موحەمەد بۆ ئەشکەوتی حەرا لە مانگی ڕەمەزاندا و خەلوەت و تەئەمولی لەوێدا بۆ ماوەی دە ساڵ، شتێکی بێ بناغە و بێ ڕابردوو بووبێ. گرنگی کارەکەی موحەمەد لەوێدا بوو سەرەڕای هەموو ئەم کاریگەریانەی لە دەورووبەریدا بوو بەلام توانی بە ویست و ئیرادەی خۆی چیرۆک بۆ ژیان و مردن و پاش مردن و بوونەوەر بهۆنێتەوە کە نەک هەر خۆی و نەتەوەکەشی پێ ئازاد و ڕزگار کرد، لە هەمانکاتدا یاریدەریش بوو بۆ نەتەوەکانی تریش،کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانە. گرنگی کارەکەی موحەمەد لەوەدا بوو پێش ئەوەی ڕوو لە هیچ نەتەوە و مرۆڤگەلێکی تر بکات و تاوانباریان بکات, ڕووبەڕووی نەتەوەکەی خۆی بۆوە. ئەوەی

نیشـــان دەدا کـــە ئـــەوان خۆیـــان بوونـــەتـــە هـــۆی دواکـەوتنـی خۆیـان و ڕووی ڕەخنـەی لـە سیستـەمـی کۆمەلایەتی کۆمەلگەکەی خۆی کرد و ئـەوانـی دایـە بەر نەشتەری ڕەخنە. ئەوە بوو گۆڕانێکی عیرفانی و مـەعریفـی و ڕەوشتـی تێدا بـەرپاکردن. هـەرچـی لـە بارەی لایەنی سیاسیش بلێی موحـەمـەد نـەک هـەر بەشداری لەو دەسەلاتەدا کـە هـەبوو نـەکرد، بـەلکو ئەو سیاسەت و دەسەلاتەی کردە بابەتی ڕەخنەکانی و ئەو شەرعیەت و زەمینەیەی ئەوان خۆیان لەسەر ڕاگرت بوو بە جارێ هەلیتەکاند. ئەو خوایەی ئەوان پشـتیان پێبـەسـت بـوو و چیرۆکـی خۆیـان لـێ هۆنیبوویـەوە، مرانـدی. بۆیـە تـوانی جـارێکی تـر و جۆرێکی تر چیرۆکی ژیان و مردن دارێژێتەوە کە لەو سـەردەمـەدا خزمـەتـی بـە نـەتـەوەی عـەرەب و نەتەوەکانی تریش کرد.

بـەم مانایـە موحـەمـەد شۆڕشگێڕ بـوە، جـەنگـاوەر نەبووە بۆ بردنەوە یان دوڕاندن. لەکاتێکدا شۆڕشگێڕ ئەو کەسەیە کە پڕۆژەی گۆڕانکاری پێیە و دەیـەوێ ئایدۆلۆژیایـەکـی کـۆن و بـەسـەرچـوو لابـەرێـت و ئایدۆلۆژیایەکی نوێ و کارا لە جێگای دانێ. کەچی

جەنگاوەر بە بێ سراتیژیەتێک دەجەنگێ تەنها هەر بۆئەوەی پاڵەوانێک بێت.
لێرەدایە ناچارم کە بڵێم کورد تاکو ئێستە هەر جەنگاوەرن و جەنگاوەرانە دەژین و جەنگاوەر ڕێبەریان دەکات. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پرۆژەیەکی وا کە حاڵەتی دەروونی تاک و سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەی کورد سەروبن کاتەوە. ئەمە و لەلایەکی ترەوە ڕۆحی تەبەعیەتی بەرنەداوە و هەر وەک ئەو کۆیلەیە وایە کە بێ ئاغاکەی ناتوانێ بژی. ئەگینا چۆن و بە چ جۆرێک ئەو گەڕانەوە عەکسیەی پارتی و یەکێتی لێکبدەینەوە و چ بیانوویەکی بۆ بهێنینەوە کە بە پارتێکی (عیلمانی) دەست پێدەکەن و کەچی لە ناکاودا دەبنە پارتێکی ئیسلامی و لە ئیسلامیەکانیش زیاتر ئیسلامی خۆیان پیشان ددەن.
تەنها لێکدانەوەی من بۆ ئەو دیاردە ئەوەیە کە مرۆڤ پێویستی بە ڕەهەندی ڕوحی هەیە گەر خۆی نەیبێت بە ناچاری پەنا بۆ خەڵکی تر دەبات.
لەگەڵ ئەوەشدا زوو زوو ئەوەش دوبارە دەکەنەوە کە کێشەی کورد کێشەیەکی ئایینی نییە بەڵکو

نەتەوەییە. بەڕێزان: دەبێت ئێوە ئەوە بزانن: کە ڕەهەندی نەتەوەیی و ئایینی دوودیوی یەک شتن کە ئەویش ناسنامەیە. بۆیە لەمڕۆدا نەتەوەی کورد لە هەموو نەتەوەیەکی تر زیاتر پێویستی بە پرۆسەی عیلمانیەتە تا بتوانی خۆی دروست کاتەوە و لەو دوو دیویە قورتاری بکات.

دیارە عیلمانی عەقیدەیەک نیە خەلکی لەسەر پەروەردە بکەیت، بەلکو میکانیزمێکە بۆ خالیکردنەوەی مرۆڤ لە ئایدۆلۆژیایەک کە بە ناوی ڕەهایەکەوە بدویٚ و پڕکردنەوەی ئەو مرۆڤە بە ئایدۆلۆژیایەک کە بە ڕێژەیی لە شتەکان بدویٚ. بەتایبەتی لە کۆمەلگەیەکی دواکەوتووی وەک کۆمەلگەی ئێمە پڕکردنەوە کارێکی پێویستە چونکە ناتوانیٚ بیٚ ئایدۆلۆژیایەک خۆی دابین بکات و ژیان ڕێک بخات .

عیلمانیەت دروشمێک و سۆزێک نیە بە ئاسانی بەرزیکەیتەوە. بەلکو پرۆسەیەکی پتە و ووردبوونەوە و لێکدانەوەیەکی دوور و درێژ دەخوازیٚ، لەوێوەمرۆڤ دەگاتەوە بە (هیچ). ئەو

(هیچ )ە یە کە دەبێتە هۆی سەربەخۆ بوونت و بە ویستی خۆت جارێکی تر شتێکی تر پێکدەهێنیتەوە.
بۆ ئێمەی کورد عیلمانیەت نەک هەر بۆ ئایین، بەلکو بۆ نەتەوایەتیش پێویستە. نەک هەر لە ئاستی ئاییندا بەلکو لە ئاستی نەتەوایەتیشدا دەبێ بەکاریبهێنین. ئەو ئایدۆلۆژیایەی ئەمڕۆ باس لە ئایین دەکات پێویستە جیا بێ لەوەی دوێنێ، نەتەوایەتیش بە هەمان شێوە. مادام کورد ڕزگاری نەبووە لەو ئایدۆلۆژیانە، بە پێچەوانەوە زیاتر چووتە ژێر باریانەوە، بەلگەیە لەسەر ئەوەی پارتە کوردەیەکان نە پڕۆسەی عیلمانی و نە پڕۆسەی نەتەوایەتیان جێ بەجێ نەکردوە. بەلکو لاساییکرنەوەیەک و بۆیاخکردنێک بووە هەر بۆ ئەوەندەیە دەسەلاتی خۆیانی پێ بپارێزن. ئێستاش مادام کە گەیشتن بە دەسەلات لە ئیسلامی بووندا بێ، ئەوا دەبنەوە بە ئیسلامی و پێشبڕکێ لەگەل پارتە ئیسلامیەکانیشدا دەکەن .
خۆ ئەگەر ئەو ئەگەرەش بە ڕاستیەک دابنێین کە بزاڤە کوردیەکان، بە جدی و دلسۆزانە دەستیان دابێتە پڕۆسەی بە عیلمانی بوون، ئەوا لە نیوەی

ڕێگەدا بەرگەیان نەگرت و دەستبەرداری بوون. ئەویش لەبەر دوو هۆکار هەم بە هۆی نەفەس کورتی پرۆژەکانیان و هەم بە هۆی دواکەوتویی و ناهۆشیاری کومەلگەوە بووە.
گرفتەکەش لەوەدایە کە ئیسلام تاکە ئاییینێکە تا ئێستە پرۆسەی عیلمانیەت بە سەریدا تێنەپەڕیوە. ئیسلام لەم سەردەمەدا لەو دەزگایە یان ئەو ڕێکخراوە پەککەوتوە دەچێ لە نێوەندی کۆمەلێک دەزگا و ڕێکخراوی تر کەم تا زۆر خۆیان نوێ کردۆتەوە. کاتێ دەزگایەکی وەک ئیسلام لەم بارەی ئەمڕۆیدا لەگەلیان هەلناکات، کێشەیان بۆ دروست دەکات. ئەمەیە وایکردووە کە پەنجەی خەتا و گومان بۆ ولاتە ئیسلامیەکان ڕادەکێشرێ و ناچاریان دەکات دەست بخەنە ئیش وکاری ئەو دەزگا پەککەوتووەوە. دیارە ئەم حالە پەککەوتوە کاریگەری لەسەر نەتەوەی کوردیش دەبێت. کوردیش وەک نەتەوەیەکی پەککەوتوو لە ناو جیهانێکی پەککەوتوودا کارەکانی گرانتر دەبێت. کورد لە قۆناغی هەرزەییدایەو لەو قۆناغەدا گیریخواردووە. کاتێ کە دەیەوێ ئەنتی باوان بەسەرخۆیدا بێنێ

ترس و دوودلی ڕووی تێدەکات وخۆی دەخاتەوە باوەشی باوە پیارەکەی، چونکە ئەو ڕۆحە پتەوەی بۆ درووست نەبووە تا لە سەر بنەمایکی عیرفانی خۆکرد لەسەر پێی خۆی خۆیڕاگرێت. ئەوەی بێ خاوەن بێت وەک دەڵێن بێ خوایشە. ئەم بێخواییەی کورد زۆر جیاوازە لەو مردنەی خوا کە نیتچە جاڕی بۆ داوە.

جاڕی- مردنی خوا- بە دوو ڕێگە لێک دەدرێتەوە یەکەمیان: ئەوەی وای لە -نیتچە-کرد ئەو جاڕە بدات دیاردەی ئیستغلالکردنی ناوی خوا بوو بە شێوەیەکی نا شایستانە و نەگونجاو لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ خوا سەرچاوەی هەموو چاکە و جوانی و پاکیەکە و شایانی پەرستنە. بە مانایەکی تر هەر خواپەرستەکان خۆیان -خوا-یان لە ناوبرد. مەبەستی ئەوەیە ئەو -خوا- یەی کە مرۆڤ خۆی درەستی کردبوو هەر خۆشی مراندی. چونکە ئەو مرۆڤانەی بەناوی ئەو خوایەوە قسە دەکەن ناتوانن لە ڕەوشتیاندا ڕەنگی پێبدەنەوە. خوای زیندوو لە ناو مرۆڤی زیندوودا ڕەنگدەداتەوە.

دووەمیان: ئەوەیە کەمردنی خوا زیندوبونەوەیەکی تری لەدوایە، واتە پەککەوتنی جۆرێک لە وێنا و وەسفکردن بۆ چەمک و مانای خوا و هێنانەدی وێناو وەسفێکی تر کە هاوسەنگ بێ لەگەڵ ڕادەی هۆشیاری و ئەقلی مرۆڤگەلی ئەو سەردەمە. کەئێستا چەندین فەیلەسوف باس لەو زیندووبوونەوەیە دەکەن و لەوانە فیلەسوفی فەرەنسی مارسێل کۆچێت و فەیلەسوفی ئیتالی گیانی فاتیمۆ و تیۆلۆژی هۆلەندی فرانس ماس.ئەم بیرمەندانە هێشتا لە ژیاندان. ئەم تەوژمە عیرفانییە ناوی ڕۆحیگەری لێنراوە.

لێرەدا دەچیینە نوێترین قۆناغ لەم مەیدانەدا ئەویش قۆناغی پاش نوێگەریە. لەم قۆناغەدا جاڕی ئەوە درا کە ئێمە پێویست ناکات نە باسی خوا نە میتافیزیکا بکەین و نە باس لە ئاڕاستەی ژیان بۆ کوێ ئەچێ، بکەین. چونکە خوا هەرچەن باسی بکەیت، هەر ناتوانی هەقی خۆی بدەیتێ و ناتوانی وەک خۆی بیناسی، ئەوەش مانای ئەوە نیە باس لە هەست و سۆز و خۆزگەی مرۆڤ بەرامبەر خوا و ژیان وماناکانی ژیان نەکرێت. بەلکو هەر مرۆڤێک خۆی

بۆ خۆی سەربەستە لەوەی چۆن لە خوا و نهێنی بوون دەگات، بەو شێوەیە ئازادە گوزارشی لێبکات. ئەمە خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی نوێ یە کە فەیلەسوفەکانی ئەم سەردەمە بەرپایان کرد سەبارەت بە ڕەهەندی ڕوحی و عیرفانی مرۆڤدا ئەویش ئەوەیە لە بری ئەوەی یەکێک بێت و بەناوی خواوە گوزارش لەو ڕەهەندە بکات، هەموو مرۆڤێک خۆی دەتوانێ وەک ئەزموونی کەسی گوزارش لەو ڕەهەندە بکات. مەرجیش نیە هەموو کەس وەک تاک بتوانێ ئەوە بکات. بەلام مەبەستەکە لەوەدایە کە تا بتوانرێ ڕێگە لەوە بگیرێ کەسانێک یان ئایدۆلۆژیایەک هەموو ڕاستی بۆ خۆی قۆرخ بکات و ڕەوایی تەواو بە هەموو بۆچوونەکانی بدات.

هەرچۆن لەسەردەمی نوێگەریدا هەموو باوەڕ و ئایدیەکان یەکسان دەبن، لەسەردەمی پاش نوێگەری هەریەک لەو باوەڕانە پارچە پارچە دەبنەوە بۆ گروپ گروپ و دواییش ووردتر دەبنەوە بۆ ئەزموونی تاکە کەسی.

نەتەوەی کورد هەروەک لەسەردەمی یەکتاپەرستیدا نەیتوانیوە بە ڕۆحێکی کوردانەی خۆیەوە وەسفێک

داهێنێت کە گوزارش لە ڕۆحی خۆی بکات، وەک لەناو ئایینی زەردەشتی و ئیسلامدا کراوە لە لایەن عەرەب و فارسەوە، هەرواش نەیتوانییوە لەناو ئیسلامیشدا ڕێبازێکی سەربەخۆ
دامەزرێنێت هەروەک فارس کردی و توانی خۆی لە عەرەب بەو ڕێبازە جیاکاتەوە. کورد لەم سەردەمەشدا واتە سەردەمی ڕۆحیگەری ئەو توانایەی نییە خۆی بۆخۆی ڕێبازێکی تری عیرفانی دامەزرێنێت و وەسفێکی تر بۆ ئەو نهێنی یە داهێنێت تا لە بنەڕەتەوە ڕۆحی خۆی دامەزرێنێتەوە ببێتەوە خاوەنی خۆی.
ئێمە لە سەرەتادا باسەکەمان بە دیدگایەکی سایکۆلۆژی و پەروەردەیی دەستپێکرد و سەبارەت بە هۆشیاربوونەوە ڕونکردنەوەیەکمان دا و لەو ڕوانگەیەوە خوێندنەوەیەکمان بۆ باری دەروونی و عیرفانی کورد کرد و پێگەی کوردمان لە چوارچێوەی ئیسلامدا و پەیوەندی لەگەل نەتەوەکانی تردا دیاری کرد. لە دواییدا هاتینە ناو پرۆسەی عیلمانیەت و پەیوەندی بە ئایینەوە و ئایین بە فەلسەفەوە و هاتنی سەردەمی نوێگەری و پاش نوێگەری و باسی

هەندێ لەو گۆڕانکاریانەشمان کرد کە بەسەر هزری مرۆڤایەتیدا هاتووە .
لە دیارکردنی پێگەی کورد لە ئیسلامدا گەشتینە ئەوەی کە چۆن فارس و تورک ڕۆلی ئەکتیڤانەیان لە ناو ئیسلامدا دیوە و توانیویانە بە هۆی مەزهەب و ڕێبازی عیرفانی و فەلسەفی خۆیان لە عەرەب جیا بکەنەوە و تا ڕادەیەکیش سەربەخۆ بن. بەلام کورد لەم ڕووداوانەدا لە هیچ شوێنێکدا دیار نیە و باسی نیە تەنها لەو کاتانەدا نەبێ کە لەگەل دەسەلاتی ناوەندیدا جەنگ هەلگیرسابێت.
لێرەدا پرسیارێک لای خوێنەر قوت دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە، ئەی ئەو هەموو زانا و شارەزازایانەی کە کورد هەیبووە و لە بواری مێژوو و جوگرافیا و زمانەوانی و ئەدەب و پەروەردە دا لە مەیدانی ئیسلامدا ڕۆلیا بینیوە؟. ئەی ئەو هەموو ڕێبازە سۆفیگەریانەی وەک نەقشبەندی و قادری ..هتد کە لەناو کوردا هەلکەوتوە؟ ئەی ئەوانە بۆ بە ڕۆلێکی ئەکتیڤانە بۆ کورد لە ناو ئیسلامدا لەقەلەم نادەی؟ لە وەلامدا دەلێم ڕاستە ئەوانە هەبوون بەلام ئەمانە زۆربەیان لاساییکردنەوە بوون. ئەو ڕێبازەی

من مەبەستمە کەمتر چەمکی زمان و ئەدەب و مێژوو نوسینەوە و تەنانەت ڕێبازە سۆفیگەریەکانیش لە خۆ دەگرێ. دەشێ ئەوانە ڕۆلی خۆیان هەبێ، بەلام ناتوانن بە تەنها ئەو ڕێبازەی لێرەدا مەبەستمە پێک بهێنن. هەرچی لە مەیدانی سۆفیگەریشدایە بەلێ کورد ڕێبازی هەبووە بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێبازانە لە خودی خۆیانەوە سەرچاوەی نەگرتوە، بەلکو هاوردە و لاساییکردنەوە و شوێنکەوتنی کەسانی تر بووە. جگە لەوەش سۆفیگەری کاتێ دەگاتە لای ئێمە تەمەنی لاوێتی و ڕۆلی ئەکتیڤی و جۆش و خرۆشی عیرفانیەتی خۆی لە دەستدا بوو و بووبوە کۆمەلێک سروت و زیکر و تەهلیلە و نەریتی ڕۆژانە. ڕەهەندی فەلسەفی و مەعریفی لە دەست دابوو.

ئەوەی مەبەستمە ڕێبازێکە دەبێ تایبەت بێ بە خودی خۆت و لە خۆتەوە هەلقولابێ و بەشداری بکات لە بە بوون بوون و دروستکردنی خۆتدا.

ئەو ڕێبازە بە دوو ئاقاردا دەڕوات، ئاقاری عیرفانی (ئیشراقی) یان فەلسەفی (ئەقلانی). دەشێ ئەو

لایەنە عیرفانیە-ئایین- ێکی لێ پەیدا بێت و دەشێ هەر بە عیرفانی یان بە فەلسەفی بمێنێتەوە. ((ئەم دوو ڕەهەندە عیرفانی و فەلسەفی، هەندێ جار شان بە شانی یەکتر ڕێدەکەن و هەندێ جار بەرامبەرکێ دەکەن و پێچەوانەی یەکتر دەدوێن، لە دو هاوڕێ دەچن کە هەندێ جار شەڕیانە و هەندێکجاریش لە ئاشتیدان، بەلام بێ یەکتر نایانکرێ)). گرنگ ئەوەیە لە ئەنجامی ئەو ململانێ و پێکەوەبوونەدا مرۆڤ بواری ئەوەی دەبێ کە خۆی بدۆزێتەوە و بوونی خۆی بسەلمێنێ و گەشە بکات.

تاقە کوردێک کە هەولێکی لەو جۆرەی دابێ و ویستبێتی ڕێبازێکی سۆفیگەری ڕەسەن دامەزرێنێ شەهابەدین سەهرەوەردی بوو. ئەویش لە بەر بێ نازی لە ناو گەلەکەیدا، ڕوو لە شام دەکات. لەوێش لە پێناوی ڕازیکردنی مەلاکانی ئەو ناوچەیە بە فەرمانی جەنگاوەرێکی کورد (سەلاحەدین) لە تەمەنی 38 سالیدا جوانە مەرگ دەکرێ. چونکە ڕێباز و بۆچوونەکانی ئەو لەگەل ئەو کۆمەلگایەی ئەواندا نەدەگوونجا .

کورد ئەوەندەی سەلاحەددین دەناسێ ئەوەندە سەهرەوەردی و ڕێبازەکەی ناناسێ و خۆی بە نەوەی کاوە و کەیخەسرە و  سەلاحەددین و قازی موحەمەد و شێخ مەحمود و شێخ سەعیدی پیران و بەرزانی دەزانێت، هێندە خۆی بەنەوەی ڕۆشنبیر نازانێت. ئەمانە هەموویان جەنگاوەرن و دووبارەکراوەی یەک هێڵی مێژوویین. ئەم هێڵە مێژووییە بە بەردەوام و تا ئێستەش خۆی دووبارە دەکاتەوە. گەر بێتو ئەم ئاڕاستەیە لە مێژووی کوردا نەگۆڕێ، بەردەوام جەنگاوەرەکانمان ڕۆشنبیرەکانمان دەکوژن. تەنها ڕێبازی عیرفانە کە سەرکەشی و تەماعی دەسەلاتداران کەم دەکاتەوە و دڕەندەیی دەسەلات لە ناخیاندا دمرێنێت. عیرفانە دەبێتە ڕەقیب بەسەر ویژدانەکانەوە و وانەی ڕێز و کەرامەت و سەربەرزی بە نەوەکانمان دەلێتەوە.

پارتی و یەکێتیش دیسانەوە درێژبوونەوەی ئەو مێژووەن و شەرعیەتی خۆیان لە هەمان ئایدۆلۆژیاوە وەردەگرن و ئەو ڕابردووە دووبارە دەکەنەوە. لە گوتارو دواندنەکانیاندا تەنها قۆناغی سروشتی نەتەوەیی دوبارە دەکەنەوە و بوونەتە

ڕێگر لەبەردەم گوێزانەوەی نەتەوەی کورد لە قۆناغی سروشتیەوە بۆ قۆناغی بە بوون بوون. خەمەکەش لەوەدایە هیچ پارت و بزاف و لایەنێکی تر نابینی بە ئاراستەیەکی تردا بڕوات و بتوانێ ببێتە هۆکاری ئەو ڕاگوێزانە. گشتیان بوونەتە پاشکۆی ئەم دووپارتە.

پارتە چەپڕەوەکانیش ئەو ئەرکە ناتوانن جێبەجێبکەن، لەبەر دوو هۆ یەکەمیان: ئایدۆلۆژیای چەپڕەوی لە کۆنتێکستێکدا سەریهەڵداوە زۆر جیاوازە لەو کۆنتێکستەی کوردی تێدایە. دووەمیشیان ئەوانیش دەروێشانە دەستیان بەو ئایدۆلۆژیایەوە گرتووەو نەیانتوانی بە شێوەیەک بە خودی بکەن کە لە خزمەت نەتەوایەتی کوردا بێت.

ئیسلامیەکانیش دیسانەوە بە ئایدۆلۆژیایەکەوە هاتونەتە مەیدانەوە کە گوزارش لە ڕۆحی عەرەب دەکات بە کێشە و گرفتە هەنووکەیەکانی نەتەوەی عەرەبەوە تێکەلە. جگە لەوەش ئیسلام بەم شێوە سیستەم و ئایدیایەی ئەمرۆ لە گەل عیلمانیەت و پاش نوێگەردا پێک نایەتەوە. بە پێچەوانەی

سەردەمی سەرهەلدانی ئیسلام لە بری ئەوەی ئەو ئایدیایە هەلگرانی بەرەو پێشەوە بەرێ کەچی بەرەو دواوە دەیانبا و خەویان لێ دەخات.

بە کورتی نەتەوەی کورد پێویستی بە بزاڤێک هەیە کە هەلگری ئەم دیدگە و ستراتیژیانە بێت :
1- ڕادیکالانە بە مێژووی خویدا بچێتەوە و هەمووی هەلوەشێنێتەوە و سەرلە نوێ لەبەر تیشکی زانست و مەعریفەی ئەمڕۆدا خۆی دروستکاتەوە و ناسنامەیەکی گونجاو بەخۆی وەدیبهێنێت.
2- ئەو دیدگەیەی کە وەسف و گوزارشی بۆ خوا پێدەکرێ و لە ئەقلیەت و ڕۆحی یەکێکی ترەوە -لە ڕابردوودا - هەلقولاوە و ئێمە پێی ڕاهاتووین، بگۆڕدرێ بە دیدگەیەک کە لەگەل ئەقلەیەت و ڕۆحی خۆماندا بگونجێ و لە سەردەمی پاش نوێگەریدا جێگەی ببێتەوە.
3- مامەلە کردن لە تەک خوادا دەبێ مامەلەیەکی مەعریفی بێ نەک پەرستن. لەبری خوا پەرستی خواناسی بێتە کایەوە. خوا ناسی پرۆسەیەکی دەروونی و ڕۆحی و ئەقلانیە کە مرۆڤ بەرەو - خۆ

ناسین - دەباتەوە. واتە خواناسین دەبێ خۆت بەرەو ڕووی خۆت بیتەوە. ئەم ڕێبازە حالەتێکی وا لە مرۆڤدا دەخولقێنێ کە بە تەواوەتی بۆچوون و سەیرکردنی بۆ ژیان و گەردوون بگۆڕێ و هەنگاوێکی تر بەرەو پێشەوەی ببات. لە ڕووی پراکتیکیەوە مرۆڤ وا لێدەکات بە بەردەوام ڕوو لە هەق بکات. هێندەی گۆڕانی ڕوودا و و هەلو مەرجەکان، هەقیش هێندە لە گۆڕاندا دەبێ. بەلام لە خوا پەرستیدا مرۆڤ ڕوودەکاتە یەک شوێنی وەستاو نەک هەقێکی بەردەوام.

هەروەک لە پێشەوەش ئامارژەمان پێدا خودا بەو شێوەیەی کە ئێستە لە ناوماندا باس و خواسی هەیە، ئایدۆلۆژیایەکە یان چیرۆکێکە مرۆڤ بە درێژایی مێژوو دروستی کردووە. ئایدۆلۆژیایەکە تا سەر ئێسقان کاریگەری بەسەر ژیان و بوون و نەبوونەوە هەبوە و تا ئێستاش هەر هەیەتی.

ئەم چەمکی خوایەتیە سالەهای سالە مرۆڤ خۆی بەرهەمی هێناوە و لە هەست و نەستی هەریەکەماندا ڕەگی داکوتاوە و نەوە بۆ نەوە دەگوێزرێتەوە مەحالە بە ئاسانی دەست بەرداری

ببین. به چەند گوتارێکی فەلسەفی و چەند کتێبێکی ئەنتی ئایین  و چەند بزافێکی سادە و بێ ئەزموون و بە چەند نوسینێکی زانستی  ناتوانین ئایدۆلۆژیای خوایەتی لە هەست و نەستی خەلکی دەربهێنین. خودا بووەتە دەسگیرێک مرۆڤ بۆ ئەرکێکی تایبەتی و پڕکردنەوەی بۆشاییەک، دەستی پێوەدەگرێ. ئەو خودایە نیە کە وەک بنەڕەتی بوون مرۆڤ خۆی لەسەر ڕاگرێت، بەلکو خوایەکە مرۆڤ وەک شتێک لە شتەکانی تری بەکاری دەهێنێت.

بەلێ من لەگەل ئەوەدام کە خوایەتی واتە دانانی بنەڕەتێک بۆ بوون، وەزیفەی دەروونی و ڕۆحی خۆی هەیە،  بە واتایەکی تر  بنەڕەتی بوون بۆ مرۆڤ پالپشتێکی ڕەهایە. چونکە جۆرێک لە مانا بە ژیان دەبەخشێت و جۆرە فۆڕمێک لە دیتن بۆ ژیان دەخولقێنێت. ئەم وەزیفانە کە چەمکی خودا دەیبینێ لە ڕووی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیەوە تا ڕادەیەکی زۆر پەسەندکراون. چونکە مرۆڤ لە هەرەمەکی ژیان ڕزگار دەکات و ئارامی و خۆشگوزەرانی پێدەبەخشێ. لەگەل ئەو هەموو کاریگەریە پۆزەتیڤانە کە چەمکی خوایەتی لەسەر

ژیـانی مـرۆڤ هـەیـەتـی، مـەترسیشـی هـەیـە. مەترسیەکـەشی لـە وەدایـە کـە مرۆڤ بوەستێنێت و نەوێرێ زیاتر بیر بکاتەوە. ئەو مەترسیە لە کاتێکدا درووست دەبێت کە هەلگری ئەو ئایدۆلۆژیایە یان ئەو ئایینە وا تێبگات ئیتر هەموو شتەکان لای ئەم ڕوون و ئاشکران و حـەقیقـەت ئـەوەیـە کـە ئـەم دەیزانێ و هەلیگرتووە .

ئـەم جۆرە بیرکردنـەوەیـە مـرۆڤ دەخاتـە خـەون و خەیالێکی وا کە بە تەواوی پەیوەندی بە واقعەوە نـامێنێ. دەشـێ ئـەو دیدگـەیـە بـۆ وەسـفکردنی خودایەک بەو شێوەیە لە سەردەمێکدا ڕۆلی خۆی دیبـێ لـە بـەرەو پێشـچوونی و جـوانکردنی ژیـان و هێنانـەدی خوێندنـەوەیـەکـی دروسـتانە بـۆ واقـع. چونکە وەسفەکانی تری هەمان سەردەم دواکەوتوو تـر و خورافانـە تـر بـووە. بۆیـە ئێسـتەش لـەم سەردەمەدا پێویستە ئەو وەسفەی کە بۆ خودا و ژیان و مـردن دەکـرێ گـۆڕانی بـەسـەردا بێت. دەنـا ئـەو مرۆڤە دەوەستیت و لە ڕابردوودا دەچەقیت.

## 5.2 نەتەوەی کورد و جاویدانی

کورد ئەمڕۆ لە حالەتی دڵەڕاوکێ دایە، دەبێ بیبەزێنێت و خودی خۆی بدۆزێتەوە. ئەو نەوەیەی دەیەوێ بگەڕێتەوە لای باوانی و باوانیشی نایاننناسنەوە ( مەبەستم گەرانەوە بەرەو مێژوو و لەوێوە بەرەو داهاتوو کە خۆی ڕۆلی هەنوکەیی لە نێوان ڕابردوو داهاتوودا ببینێت )، دەبێ بوێرانە ئیرادەی سەرلەنوێ خۆپێکهێنانەوەی هەبێ. بەم خۆ پێکهێنانەوە یە ژیانی جاویدانی و نەمری بە خۆی دەبەخشێت. بەم ڕێبازەیە تۆ دەبیتەوە بە سەروەری خۆت. سەروەری نەک تەنها بۆ ئیمڕۆی خۆت، بەلکو بۆ مێژووی نەتەوەکەت و داهاتووش دەگێڕیتەوە. ئەوجا ژیانت دەبێتە ژیانێکی بەردەوامی نەک پچڕ پچڕ، بە مانایەکی دی هەماهەنگیەک لە نێوان ڕابردوو و هەنوکە و داهاتوودا پێکدێت. بەو ئاستە بەرزە لە عیرفان و مەعریفەو هۆشیارییە، بەردەوامی بە ژیانت دەدەیت. تۆ لە پێشدا لە ڕووباری بووندا هەبووی، دوایی وەک شەپۆلێک لە

ڕووباری بوونەوە بەرز دەبیتەوە و دەردەکەوی، دواتر دەکەویتەوە ناو ڕووباری بوون و هەر هەیت.

واتە هەنوکەیی تۆ لەو شەپۆلدانەدایە، ئا لەو ساتەدایە کە دەبێ بتوانی بە ویستی خۆت بوونێکی جوان بە خۆت ببەخشیت و بەرەو ڕووباری بوون بگەڕێیتەوە و ئا لەوێدایە تۆ ئاراستەی بوونی خۆتت دیاریکردووە. ئەگەر تۆ بە ئەزموونی جاویدانیا تێپەڕ نەبووبیت، لە کوێوە ئەو هەموو شەیدایە بۆ جاویدانی و نەمری هەڵدەقولێت.

ئەو جاویدانی یە لە تۆی مرۆڤدایە هەڵدەقولیٚ. بۆیە بۆ ئەوەی هەماهەنگی لە گەل ئەو هەستەدا بەدیبهێنیت دەبیٚ بەردەوام ڕووی تێکەیت. جاویدانی یەکسانە بە هەق، ئەو هەقە لەگەل مرۆڤدایە، لەگەل هەول و تێکۆشان و بیرکردنەوە و حەز و خۆزگە و ئاواتەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدایە، ئەو بیرکردنەوە و حەز و خۆزگەیەی کە لەگەل مرۆڤەکانی تردایە و لە پێناوی هەموان وگەردووندایە. لەلای ئەو مرۆڤەدایە کە ئالوگۆڕ لەگەل مرۆڤەکانی تر دەکات و لە ناخیاندا دەژی و ویژدانی بۆتە پێوەر بۆ مامەلەکردن لە نێوانیاندا.

بەم بیرکردنەوەیە هەق بە بەردەوام دەبێ ڕووی تێکەیت، ئەو ڕوو تێکردنە بە جەستە ناکرێت، دەبێ بە هەموو بوونی خۆتەوە لە کوێدا بێ ڕووی تێکەیت. ئەم حالەتە هوشیاربوونەوە دەخوازێ.

لە هەموو شوێن و ساتێکدا هەقێک هەیە تۆ دەبێ ڕووی تێکەیت و جێبەجێی بکەیت، بە شێوەیەک دەبێ ئامادەی ئەو ڕووتێکردنە بیت ئەگەر لەو زەمەن و شوێنەی خۆیشیدا ئەو ڕووتێکردنەت بۆ نەکرا یان پێت نەزانی یان لە بیرت چوو، دوایی ببێتە ئازار و ئەندێشە و مۆتیڤێک بۆ جارێکی تر ڕووکردنەوە لەو هەقە لە کیس چووە .

هەق لە شوێنێکی تایبەتیدا نیە تا چەند ساتێکی تایبەتی یان چەند جارێک لە ڕۆژێکدا، ڕووی تێکەیت. هەق لەگەلماندایە و لە ناوماندایە و تۆش دەبێ بوونی خۆت بە هەموو ڕەهەند و پارچەکانیەوە کە تۆی مرۆڤی پێکهێناوە، ئاراستەی ئەوی بکەیت و لەسەر پێ بیت تا لە هەموو شوێن و ساتێکدا ڕوو لەو هەقە بکەیت. دەشێ ڕەهەندی ئەقلانی تۆ ویستی وا بێت خۆی ئاراستەی ئەو هەقە بکات، بەلام پێکهاتەی دەروونیت بە جۆرێ بێ ڕێگر بێ و

ببێتە بەربەست و ئاستەنگ. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە ئەقل زووتر تەسلیم بە هەق دەبێ و ئاسانتر دێتە ژێر بار ، بەلام کاراکتەر و میزاج بە ئاسانی ناچێتە ژێربار. ئەقل لێرەدا زانست دەخوازێ و کارکتەریش ڕاهێنانی بەردەوامی دەوێ تا بتوانێ ڕوو لەو هەقە بکات. لێرەدایە پێویستیت بە تێکۆشان لەگەل خۆتدا هەیە هەتا بتوانی ئاراستەی پێکهاتەی دەروونیت هەماهەنگ و گونجاو بکەی لەگەل خواستەکانی ڕەهەندی ئەقلانیت. تۆی شەپۆل لە ڕووباری بووندا، دەبێت بە بەردەوام لە تێکۆشاندا بیت بۆ سەروەری، تا ئاراستەی جاویدانی خۆت ون نەکەی و لەو ڕووبارە لانەدەیت.

# 3

# عیلمانیـــەت (سـیکۆلاریزم) پرۆسـەیـەکـی بـەردەوام و بـەتالکردنـەوەیە!

تا ئێستەش لای ئێمە کە باس لە عیلمانیـەت دەکرێ زیاتر سەر بـەرەو لایـەنـی سیاسـی دەکێشێت . بـەلام لـە ڕاسـتیدا بـەعیلمانیـەتبـونی سیاسـەت دەبـێ دەرئـەنجـامی پرۆسـەیـەکـی ئـەقلانـی بـێ کـە پرسـیارەکـان دەورژێنـێ و وەلامـەکـان بـەرەو ئـەوە دەبـات کـە دیـاردە جۆراوجـۆرەکـان زانسـتیانە شـی بکرێنـەوەو ڕەهـەنـدی غـەیبـی لـە ڕاڤـەکردنـدا، نـەمێنێت. واتـە ڕۆلـی بـەتالکردنـەوە دەبینێت نـەک پڕکردنـەوە. بـەم پێناسـەیە عیلمانیـەت (سـیکولاریزم) پرۆسـەیـەک نیـە لـە سـەردەمـی نوێگـەریـەوە دەسـت پێبکات، بەلام لە سەردەمی نوێگەریدا وەک زاراوە و چـەمکێکـی زانسـتی فـۆرمی خـۆی وەرگـرت. گرنگـی عیلمانیەتی (سیکولاریزم) سەردەمی نوێگەری لەوەدا

بوو کە تا ئەو ساتەش لە چاوی خودایەکەوە لە دەرەوەی گەردون و بون و نەبون دەڕوانرا. بەلام لە دیکارتەوە ئیتر لە چاوی مرۆڤەوە بۆ خودایەک دەگەڕان. واتە کۆلینەوە لە بنەڕەتی بوون، لە بوونی مرۆڤەوە دەست پێدەکات. کاتێ کە عیلمانیەت مرۆڤایەتی لە ئایینەکەی پێشوو بە تال دەکاتەوە، مرۆڤ جارێکی تر خۆی بە دوای ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕێ. ئەم بزاف و ڕێبازانەی کە دەبنە ئەلتەرناتیف جیاوازیان لە گەل ئایینەکانی پێشوو لەوەدایە مرۆڤ خۆی لە سەرچاوەی دامەزراندنی ئەم بزاڤانە هۆشیارە کە ئەوە مرۆڤ خۆیەتی دایدەمەزرێنێت، نەک سەرچاوەکەی دەرەوەی مرۆڤە و بەسەریدا سەپێنرابێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ پێویستی بە چەمکی خوایەتی نەمابێت، نەخێر، بەلکو مەبەست لەوەیە کە مرۆڤ گەشتۆتە ئەو ئاستە لە زانیاری و هۆشیاری کە خوا پەیوەندی بە کەسەوە بەو شێوەیەی کە باوە، نەکردوە. بەلام بۆ تا ئەمڕۆش ئەو پەیوەندیکردنە سحری خۆی لەسەر باوەڕداران بەگشتی و موسولمانان بە تایبەتی هەبوە و هەیە. چونکە تا ئەمڕۆش لای ئەو

مرۆڤگەلە زەمەن زەمەنی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ قسەکردن بە ناوی خوا بە شێوەیەکی ڕەها، بووە. بەلام لەگەل هاتنی زەمەنی مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنەو علمانیەت مرۆڤ ڕۆژ بە ڕۆژ ئەوەی بۆ ساغ دەبێتەوە کە هەموو دیاردەکان هەر لەمرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن.

تاقە سەرچاوە کە باس لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان خودا و مرۆڤ دا( موحەمەد) بکات، تەنها قورئانە. زیاتر لە 30 سال تەمەنم لەگەل قورئاندا بەسەربرد، بەلانی کەمەوە هەر لە ڕێگەی قورئان خۆیەوە، تێگەیشتم ئەم پەڕتوکە ڕاستەوخۆ لە خواوە نەهاتوە، بەلکو ئەمیش وەک پەڕتوکەکانی تر، وەسفێکی ترە بۆچەمکی خوا و بوون و گەردون و دیاریکردنی پەیوەندیەکانی مرۆڤ بە خواو گەردون و ژیان و مردنەوە. هەروەها وەلامێکە بۆ پرسیارەکانی بون و نەبون و چارەنوسی مرۆڤ. بۆ نمونە وەسفی دۆزەخ و بەهەشت، وەسفێکە لە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ نموونە (کلما نضجت جلودهم بدلناهم جلودا غیرها لیذوقوا العذاب) .زانستی مرۆیی لەمڕۆدا بەتایبەتی

دەروونناسی و تاوانناسی. گەشتۆتە دەرەنجامێک هیچ تاوانکارێک بۆ کاریگەری دەورووبەر یان نەخۆشی دەروونی یان نەخۆشی کۆئەندامی دەمار یان کاریگەری کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی ناگاتە ئەوەی بە ئاسانی تاوانێک ئەجام بدات، کەواتە بەتەنها ئەو کەسە بەرپرسیار نیە لەو تاوانەی ئەنجامی داوە. ئیتر چۆن خوایەکی ئەبەدی و ڕەها سزایەکی ئاوا لەمجۆرە دەدات بەسەر ئەو تاوانبارەدا؟ دەشێ مرۆڤی ئەم سەردەمە لەو خودایە بە بەزەییتر بن؟ دەشێ لە رووی یاساییەوە ئەو مرۆڤە بەرپرسیاری هەموو تاوانەکان هەلگرێت، تا ئەو سزایە ڕێگایەک بێت لەو ڕێگایانەی تاوانکردن کەم بکاتەوە، ئەمەش کاری دادوەرە. بەلام دەررونناس و کۆمەلناس و تاوانناس بەجۆرێکیتر لەو تاوانبارە دەڕوانێت. ئیتر نازانم چۆن ئەو خوایە کە زانای ڕەها بێت سزای وا قورس بەسەر مرۆڤەکاندا دەسەپێنێت؟ یان ئەمە وەسفی مرۆڤە لەو سەردەمەدا و ئەو کۆمەلگایە هەر وا توانیویانە لە خوا تێبگەن. دەشێ لە کاتی ترساندن بە دۆزەخ کەسانی وا بووبن وتبێتیان جا کە ئێمە لە دۆزەخدا

ماوەیەک سوتاین ئیتر لەشمان خۆشە دەبێت یان ئیتر دمرین و هەست بەو ئازارە ناکەین، لەوەلامدا قورئانیش دەلێ نا، ئەو پێستەی کە سوتا نوێ دەکرێتەوە.

وێناندنی بەهەشتیش بە ئاشکرا وێناندنێکی باوکسالارییە. چونکە کۆمەلگای ئەو کاتە کە ئەو وەسفەی تێدا کراوە، کۆمەلگایەکی باوک سالاری بوو. هەر بەم وەسفەش ئەو کۆمەلگایە دلخۆش بووە. نەک هەر تەنها پیاو بەوە دلخۆش بووە بەلکو ئافرەتیش هەر وا دلخۆش بووە.

لێرەوە دەگەیەنە ئەو دەرئەنجامەی کە هەموو وێناندن و وەسفەکان بۆ خوا ، حەقیقەت، موتلەق، تێکرا وێناندن و وەسفی بەشەرین و هەرگیز ناتوانن وەسفێکی ئەبەدی وەرگرن. چونکە ئەگەر وەسفێکی ئەبەدی یان  شەریعەتێکی ئەبەدی ببوایە، هەلبەتە کۆمەلگایەکی ئەبەدی دەخولقاند. مەبەستم لە کۆمەلگای ئەبەدی تەمەن نیە، واتە ئیتر مرۆڤەکانی ئەو کۆمەلگایە نەمرن، نەخێر مەبەستم لەوەیە ئەو یاسا ئەبەدییە سیستەمێکی وا دەخولقێنێت کە ئیتر مرۆڤ لەو سیستەمدا تۆپکی مرۆڤایەتی و

خۆشگوزەرانی و بەختەوەری دەپێکێت. ئەو کۆمەلگایە لە سایەی ئەو یاسا و دەستورە ئەبەدیەدا دەحەوانەوە و هەموو مرۆڤەکان دەبونە خێرمەند و ئیتر بە گوێرەی ئەو شەریعەت و دەستورە ئەبەدیە پێویستیان بە گۆڕان نەدەبوو و ئیتر هەموو شتەکان دەوەستان. چونکە ئەو شەریعەتە ئەبەدیە ئەمسەر و ئەوسەری بوونی لێوە دیار دەبوو. خۆ ئەگەر شەریعەت و یاسایەکی لەم چەشنە لە مێژوودا سەری هەلدا بوایە، هەلبەتە لەم جۆرە کۆمەلگە و مرۆڤگەلەش کە ئامارژەمان پێدا، دەخولقا. خۆ ئەگەر ئەوەش لە زەمەنێکی تایبەتیدا سەری هەلداوە و دەرکەوتوە ، ئەی ئێستابۆ نەماوە؟ خۆ ئەگەر وەلامەکە وا بێت کە مرۆڤەکان نا تەواون و ناتوانن ئەو شەریعەت و یاسایە وەک خۆی جێبەجێ بکەن. باشە هەر ئەم مرۆڤە نەبوو گەشتە ئەو شەریعەت و یاسا ئەبەدیە و نەبوە نموونەیی؟ ئەی بۆچی دوایی دەستبەرداری دەبێت ؟ باشە ئەگەر شەریعەت و یاسایەکی ئەبەدی چاوەڕێی مرۆڤی ناتەواو بێت، تا لێکیبداتەوە و جێبەجێی بکات، ئیتر نرخ و بەهای ئەبەدیەتی ئەو یاسایە لە

کوێدایە.؟ مادام ئەو یاسا ئەبەدیە هەر چاوەڕوانی مرۆڤ دەکات بگۆڕێت و بەرە و تەواوبون بچێت تا لەو یاسا ئەبەدیە بە تەواوی تێبگات و جێبەجێی بکات، کەواتە شتەکان هەمووی لەسەر مرۆڤەکان وەستاون و بە واتایەکی تر مرۆڤەکانن بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە بەرەو یاسای ئەبەدی یان نەگەڕێنەوە. بەلام کاتێکیش مرۆڤ بڕیاری گەڕانەوەی دەدات ، لەوبریارەشدا گرفت هەیە. چونکە مرۆڤی کورتبڕ و ناتەواو هەر بە ناتەواوی لەو یاسا ئەبەدیە دەڕوانێت و لێی تێدەگات، بەمەش دیسانەوە ئەو یاسایە ئەو موتلەقیەت و ئەو ئەبەدیەتە لە دەست دەدات.

ئەگەر یاسایەک و شەریعەتێکی وا ئەبەدی و نمونەیی بۆ هەموو زەمان و شوێنێک هەبێ ئیتر ئەم هەموو تەفسیر و ڕاڤە و تەئویل و مەزاهب و ڕێبازانە چی بوون لەم شەریعەتە ئەبەدیەوە سەریان هەلداوە؟ باشە ئەمانەهەموو واینەکردووە ئەم یاسا ئەبەدییە بێتە یاسایەکی ڕێژەیی و بە گوێرەی تێگەیشتن و تێڕوانین لێکدرابێتەوە.

ئـەم گفتوگۆیـەم وەک ئـەگـەرێـک خستـە ڕوو ، دەنـا ، ئەگەر بە وردی لـە قورئـان و مێژووی ئیسلام بڕوانیت ، دەزانیت جگـە لـەوەی کـە پڕۆسـەی بـە خـودکردن وجێگە پەنجەی موحەمەد و نەتەوەی عەرەب بەسەر قورئانـەوە دیارە، کاریگـەری بیری ئـەو سـەردەمـە و ئایینـەکـانی ئـەو سـەردەمـەشـی پێـوەدیـارە بـە تایبـەتـی ئـایینی یـەهـودی و پاشـان مـەسیحیەت. چونکە لـە پێش هـاتنی ئیسلامدا جگـە لـە ئـایینی کۆنی عەرەب کە شێوەی بت پەرستی وەگرت بوو، لـە نـاو عـەرەبـدا عـەشیرەت و خێلـی عـەرەب هـەبوون بوبون بـە یـەهـودی و مـەسیحی. لـە نێوان ئـەوانـەدا گفتوگۆ و کارلێکردن و پەیوەندی هـەبووە، بۆ نمونـە عـەرەبـەکـانی مـەدینـە و یـەهودیـەکـان و و ڕاهبـە مـەسـیحیەکـان و کـاروانی بازرگـانی نێـوان نیوەدورگـەی عـەرەب و شـام، وایکـردوە کـە گفتوگۆ و کـارلێکردن و پێکـدادان لـە نێـوان فکـری فـەلسـەفـی وئـایینـە جیـاوازەکـان لـەو نـاوچـەیـەدا ڕوو بـدات، موحـەمـەد و هـاوەڵانیشی لـەم بـارو دۆخـە (گفتوگۆ و کـارلێکردنـە )جیـاواز و دابـڕاو نـەبوون. لـە سـەروی هـەموویـەوە موحـەمـەد لـەو کاتـەی هـەست بـەو

ئەزموونە ڕوحیەی خۆی دەکات و توشی دلەڕاوکێ و ترس دەبێ، دەچێتە لای وەرقەی کوڕی نەوفەل کە ڕاهیبێکی مەسیحیە و ئامۆزای خەدیجەی خێزانیەتیی، لای ئەو کەمێک دلنیایی و ئارامی بۆ دەگەڕێتەوە. یان لەو کاتەی موحەمەد و هاوەلەکانی دەست دەکەن بە گەیاندنی پەیامەکەیان و پرسیار و گفتوگۆ دروست دەبێ، خەلکی گوێی لە بیروڕای نوێ ئەوان دەبێ سەبارەت بە کێشە جیاوازەکانی ناو کۆمەلگە، یەهودیەکان ئەو ڕایانە دەبیستنەوە توڕە دەبن و دەلێن (هەر وەک لە تەفسیری ابن کتیر هاتوە): (**مَا يُرِيد هَٰؤُا الرَّجُل أَنْ يَدَع مِنْ أَمْرِنَا شَيْئًا إِلَّا خَالَفْنَا فِيهِ**) ئەم پیاوە ! شتێکی نەوت لە شتەکانی ئێمە و گۆڕانی بەسەردا نەهێنا بێ ؟؟

هەر کەس چیرۆکەکانی تەورات و ئینجیل و قورئان سەبارەت بە پەیامبەران و پەیامەکەیان بخوێنێتەوە ، لێکچون لە نێوانیاندا بەدی دەکات. واتە موحەمەد ئاگادار بوە لە پەیامەکانی پێش خۆی و سودی لەوان وەگرتوە و لە هەمان کاتیشدا لە شوێنی پێویستدا ڕەخنەشی لێگرتوون. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت کە موحەمەد تەورات و ئینجیلی

خوێندبێتەوە، چونکە لەو سەردەمەدا ئەو دوو کتێبە نەکرابوون بە عەرەبی. بەلام عەرەبی تر بوون دەیانتوانی ئەو دوو کتێبە بخوێننەوە و جگە لەوەش ئەو دوو کتێبە باس و خواسی ئەو سەردەبوون. ئەمەو بیری فەلسەفی گریکی تێکەلی فیکری مەسیحی و یەهودی ببون و تێکەل بە گفتوگۆکانیان بوون. ئەوەی بۆ موحەمەد گرنگە ئەوەیە کە پڕۆسەی بە خودکردن و خۆدرووستکردنی تێدا ئەنجام داوە.

بۆ نمونە لەیەکچون ئاشکرایە لە نێوان تەورات و قورئاندا سەبارەت بەو یاساو شەریعەتانەی کە لە (( دە ئامۆژگاریدا )) چڕکراونەتەوە

لە تەوراتدا (ئایەتی 3- 17 لە الخروج 20 بخوێنەرەوە وبەراوردی بکە بە لەگەل ئایەتەکانی 152- 154 لە سورەتی الانعام، هەردوو حالەتی لێکچون و کاریگەری و خستنەسەریشی پێوە دیارە. دەبینی کە دوو یاسای تری بۆ زیادکردوە سەبارەت بە دوو کێشەی گەورەی کۆمەلایەتی کە لەو کاتەدا کۆمەلگەی عەرەبی پێوەی دەینالاند، ئەوانیش زیندەبەچالکردنی کچان و مامەلەی نارەوای کۆمەلگە لەگەل منالانی بێ باوکدا. جگە لەوەش کە

ڕەخنە لە یەکێک لەو ئامۆژگاریانەی تەورات دەگرێت سەبارەت بەوەی کە ئەگەر نەوەیەک تاوانی کرد چەندین نەوەی تریش بەو هۆیەوە سزا دەدرێن. کەچی قورئان دەڵێ کەس تاوانی کەسیتر هەڵناگرێت (ولا تکسب كل نفس الا عليها, ولا تزر وازرة وزر اخري)الانعام164 .
تەنانەت تەفسیری قورتبی ئیشارەت بەوە دەدات کە کە ئەو سێ ئایەتە ئەو (دە وتەیەن) کە بۆ موسی دابەزیون. نمونەی تر زۆرن بەڵام لێرەدا بواری ئەوەمان نیە کە ئاماژەیان پێبدەین.
خاڵێکی تری گرنگ کە پەنای بۆ دەبرێت لە کاتی بە موعجیزە کردنی قورئان ئەو بەراوردە زانستیانەیە کە لە نێوان قورئان و زانستی نوێدا دەکرێت. من خۆم یەکێک بووم زۆر لە ژێر کاریگەری ئەم ئایدیۆلۆژیایەدا بووم و لەم کایەیەدا دەستی نوسینیم بووە. بەڵام کە بەدوای ئەم شتەدا دەچیت، تێدەگەیت جگە لە وەهمێکی ئایدیۆلۆژی چیتر نییە. لە مێژوودا زۆر لەم جۆرە دیاردانە بەرچاو دەکەون، چونکە ئەو دیاردەیە نەبۆتە ئایدیۆلۆژیاو جەماوەرێکی وا لە پشتیەوە نیە تا بەرگری لێبکات

و بەرژەوەندییە رۆحی و مادیەکانی پێ بپارێزێت، دەبینی ئەو دەنگ و باسە درووست ناکات کە قورئان درووستی دەکات. هەولی لەم جۆرەش لەگەل تەورات وئینجل دا دراوە. هەر بابەتێکی زانستی یان فەلسەفی بگریت، مێژوویەکی درێژی لە پشتەوەیە و ڕەگ و ریشەی خۆی هەیە. لەبەر ئەوە عەجایب نییە کە قورئان ئامارژەی بۆ شتێک کردبێت و ئیمرۆش زانست لەو بارەوە شتێک بلێت. گەر بگەرێیتەوە پێش قورئانیش ئەو شوێنەوارە هەر دەدۆزیتەوە. نموونەی ئەو وەسفەی گەردوون کە لە قورئاندا هەیە، پێشتر لای فەلسەفەی ئەرستۆتالیس دەدۆزیتەوە کە چەندین سەدە پێش قورئان بووە. نموونەیەکی تر کە هێشتا گەرم و گوڕە، ئەوەیە کە فەیلەسوفێکی وەک سپینۆزا لە بارەی مرۆڤ بوونی مرۆڤەو نزیکەی چوار سەدە لەمەو پێش بۆچونێکی بووە، وا ئێستا زانستی نیۆرۆلۆژی پاش توێژینەوەی زانستی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێت. دەکرێ ئەمەش بۆ سپینۆزا بکەین بە موعجیزە؟ بۆ موسلمانەکان باشتر وایە کە نرخ و بەهای قورئان لەو جۆرە

موعجیزانە نەبیننەوە، بەلکو لەوەدا بێت کە قورئان بەشدارییەکی مەزنی لە مێژوودا کردووە.
کەواتە یاسای هەمیشەیی و پەیوەندیکردنی خوا بە مرۆڤەوە بە ڕاستەوخۆ و بەو شێوەیەی ئێمە یان خەلکانی ئاسایی لێی حالی بون ، وەهمێکە، مرۆڤ خۆی دلی خۆی پێخۆش دەکات تا لە تێکۆشانی جدی پال بداتەوە و هەرچی هەیە و نیە بەودا هەلیواسێ
.
بۆیە من پێم وایە بۆ ئەمڕۆ بە نهێنی بوونەوەی خوا و سەندنەوەی پیرۆزی و ئەبەدیەت لە شەریعەت و یاساکان، باشترین خزمەتە کە بە مرۆڤایەتی و بە گەردونیش بکرێ. چونکە ئیتر مرۆڤە پەککەوتوەکان ناچار دەبن بکەونەوە جولە و گەڕان لە ناو خۆیان و لە گەردووندا لە دەوروبەریاندا . دیسانەوە پێم وایە ئەم خوایە بۆ کەس خۆی ئاشکرا ناکات و چونکە ئەگەر خوا و حەقیقەت بە تەواوی ئاشکرا بون، هەموو شتێک دەوەستێت و کۆتایی بە گەشتی مەعریفی مرۆڤایەتی دێت.
ئیتر دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بلێین حەقیقەتی ڕەها لای کەسمان نیە و کەسیشمان

دەستمان پێی ناگات و هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە وەسفێک بۆ حەقیقەتە بکات . بەلام بێ گومان ئەو وەسفە کاریگەری کۆمەلگا و شوێن و و ڕووداوەکانی لەسەرە، بۆیە ناتوانین بلێین وەسفێکی ڕەهایە. وەسفی خودا لە هەر گۆمەلگەو نەتەوەیەکدا پەیوەندیەکی تەواوی هەیە بە جۆری کەلتوور و ڕادەی هۆشیاری ئەو کۆمەلگە و نەتەوەیەوە. ئەگەر تۆ خۆت وەسفێکی تایبەت بە خۆت نەبێ دەکەویتە ژێر کاریگەری نەتەوەیەک یان کۆمەلگەیەکی تر. هەروەک تۆ دەبێت لەوە هۆشیار بی کە وەسفی نەتەوەیەکی تر بۆ هەقیقەت تۆ نەکاتە دیلی خۆی. لە هەمان کاتدا ئەو نەتەوە خاوەن وەسفەش دەبێ لەوە هۆشیار بێت کە وەسفی خۆی نەکاتە ئایدۆلۆژیایەکی ڕەها دەنا ئەو خۆشی دەوەستێت و لە ڕابردوودا دەچەقێت و ئەوکات ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە دەبێتە پەیوەندی نێوان ئاغا و کۆیلە. بۆیە مرۆڤ دەبیت ئامادەیی ئەوەی تیا بێت کە بە بەردەوام خۆی لە ئایدۆلۆژیایەک بەتال کاتەوە، تا ئایدۆلۆژیایەکی نوێ و گونجاو تر جێی بگرێتەوە. واتە پڕۆسەی بەتالکردنەوە و

پڕکردنەوە دەبێ بەردەوام بێت. دەنا بیرکردنەوەت گۆج و ئیفبلیج دەبێ و پەیوەندیت بە زەمینەی واقعەوە نامێنێت.
ئەگەر باش لە دروشمی لا الە الا اللە ورد بیتەوە، دەبینی بە بەتالکردنەوە ( لا الە ) دەست پێدەکات و دوایی بە ( الا اللە ) پڕ دەکرێتەوە. ئەم بەتالکردنەوە و پڕکردنەوەیە میکانیزمی خۆی هەیە و کۆمەلێک زانست و فەلسەفە و بیرکردنەوە و تێکۆشان و تەنانەت خەلوەت و گۆشەگیریش دەخوازێ.
هەمان پڕکردنەوە لای فەیلەسوفی ئیتالی (گیانی فاتیمۆ) بەدی دەکرێ. ئەم فەیلەسوفە پێی وایە کە عیسا دامەزرێنەری عیلمانیەت بووە. چونکە ئەو بووخودای هێنایە سەر زەوی و خودای مرۆڤاند. واتە لای فاتیمۆ بە یەککردنی جیهانی ئاشکرا و غەیبی، جیهانی پیرۆز و جیهانی ئاسایی، جیانی مرۆڤ و جیهانی خودا لە عیساوە دەست پێدەکات.
یەکتاپەرستیش دیسانەوە بەرهەمی ئەقلانیەتە، واتە پرۆسەیەکی عیلمانی بووە. چونکە وەک هابەرماس و ویلیم جیمس دەلێن : وەسفکردنی خودا

بـه وەسـفێكی یـەكتـایی لـە خـەسـڵەتـەكـانی ئـەقڵـە. چونكە هەر ئەقڵە دەیەوێ هەموو شتێك بەرێتەوە بۆ یەك سەرچاوە. قورئان ئەم پرۆسەیە بە (فگرە) ناوزەند كردوە. هەروەك دەڵێن لە سەرەتادا مانا و مەبەستی حەقیقەت گەڕانەوەیە بۆ لای فیترەت (فگرە).

ئەگەرخودا ناوێك بێ بۆ هەقیقەتی بنەڕەتی بوون یان ناوێك بێ بۆ نهێنی بوون، هەندێ پێیان وایە باسی نەكرێت باشترە، چونكە مرۆڤ هەرچی دەڵێ بۆ وەسفكردنی ئەو هەقیقەتە هەر لە چوارچێوەی توانای ئیدراكی و زمانەوانیدا دەرناچێت. بە مانایەكی تر ئەو هەقیقەتە ڕەهایە و ڕەهاش ناكرێ وەسفێكی تایبەتی بۆ دانرێ. لێرەوەیە كە بڵێین وەسفی یەكتایی بۆ خوا وەسفێكی كورت بڕە بۆ ئەو حەقیقەتە ڕەهایە. لە ڕاستیدا خۆی ئەوەش هەر خواست و ویستی مرۆڤە كە دەیەوێ چوارچێوەیە بۆ ڕەها دانێت تا لێی تێبگات. ناچار دەبین بڵێین كە خوا دەبێ هەر وەك نهێنیەك لەم ژیاندا بمێنێتەوە و مرۆڤ عەودالی ناسینی بێ تا مانا بە بوون و ژیان بدات. هەروەك هەندێك پێیان وایە كە بێدەنگ بوون

لـه خـودا بـۆ خـودا شـیاوتره. وەک ئـەو عاشـقەی کـه وەسـفی مـەعشـوقەکـەی پێناکرێـت، چونکـه لـەوه دەترسێت هەر وەسفێکی بۆ دانـێ پڕ بـه پێسـتی ئـەو جوانییەی مەعشوقەکەی نەبێت.

لە هەمان کاتدا ترسێک لـه مرۆڤدا هەیه نایەلـێ لـه بنەڕەتی بوون بکۆلێتـەوه وتێیدا ڕۆبچێت. بێدەنگـی ئـەو عاشـقه زۆر زۆر جیـاوازه لـه چـاو ترسـی ئـەو مرۆڤه ناهوشیاره. چونکه ئەو عاشقه پاش تێکۆشان گـەشـتۆتـه پلـەی بێـدەنگـی، بـەلام ئـەو مرۆڤـه ناهوشیاره لـه جێگای خۆی چەقیوه و ناوێرێ هـەنگـاو بنێـت. ناهۆشـیاری لـه دوو لاوه بـەدی دەکـرێ، هـەم ئـەوەش کـه بـه کوێرانـه بـاوەڕ پێکـردوه و گـۆرانـی بـه بالایدا دەلـێ و بـه بێ ئاگا وەک بتێکی لێکردوه بەلام ئـەمجارەیان بتێک نیـه لـه دار و بـەرد داتـاشـرابێت، بەلکو بتێکه لـه ڕۆحی خۆی داتـاشـراوه. هـەم ئـەوەش کـه بـه کوێرانـه ئیـنکـاری دەکـات و هـەنـدێ جـاریش دەگـاتـه ڕادەی سـوکـایەتـی پێکـردن. ئـەم دوو جـۆره مرۆڤـه (کـه زۆربـەی کۆمـەلگـەی ئێمـەی لـەم دوانـه پێکهاتون) گەر لـه ناخیان بکۆلیتـەوه، دەبینـی لـەم بۆچونـەیانـدا یـەک پالنـەری نـەستـی هۆکاریـەتـی.

چونکە هەردوکیان ئەو (هەق)ەیان کردوە بە شت و ئەویان لەدەوری دەگەڕێ و ئەمیان ڕیسوای دەکات. هیچکام لەم دوو مرۆڤە بوێرانە لەو ( هەقە) ناکۆڵنەوە. ئەو ترسە گەورەترین بەربەست و بەندیخانەیە کە ئایدۆلۆژیاکان دروستیان کردووە. لە ڕاستیدا ئەم ترسە ترسێکە پەیوەندی بە بوون و نەبوونەوە هەیە و دەبێ خۆتی بەیتە بەر تا ئەو ترسە بڕەوێتەوە. ئەم ترسە بە پێچەوانەی ترسەکانی ترەوەیە کە پێویستە لێیان ڕابکەیت، چونکە مەترسیەکانی ترمەترسیە بۆ سەر ژیانت، بەلام ئەم ترسە پێویستە خۆت بدەیتە دەستی تا بڕەوێتەوە و خۆت بناسیتەوە، چونکە مەترسیە بۆ نەبوونت، دەبیتە نامۆیەک لەم گەردوونەدا کە ئاشناکان بەم گەردوونە بە ئاسانی ڕاپێچت دەکەن، چونکە تۆ خۆت ناناسیتەوە.

لێرەدا وتەیەکی جوانی سەهرەوەردی دێتەوە بیرم کە هەشت سەدە پێش ئێستە ئاراستەی ئێمەی کردوووە سەبارەت بە خۆدەربازکردن لە ئایدۆلۆژیا، دەلێت ( وەک ئەو باڵندەیە بە هەمیشە بە ئاسمانی ئازادیدا دەفڕێت، هەرگیز هێلانە دروست مەکە.

چونکە بە ئاسانی دەکەویتە داوی ڕاوچیانەوە. ئەگەر توانای فڕینیشت نیە، بە سکەخشکێش بێ هەندێک جێگاکەت بگۆڕە). ئەم وشانەی سەهرەوەردی نە چیرۆکێکی ئاساییە و نە وشەگەلێکن هەروا بۆ خۆشی یان لە خۆشیدا وترا بن. نەخێر، بەلکو موعانات و ئازار و ئەشکەنجەیەکی ڕوحی و مەعریفی و مەعنەوی لە پشتەوەیە. کەسێکی وەکو سەهرەوەردی باسی هەولی دەربازبوون لە ئایدۆلۆژیا دەکات. مەبەستی بەرەلایی و ڕابواردن نیە. مەبەستی ئەو ئەوەیە ئەرکەکانی مرۆڤ بەرامبەر خۆی و خوا ناسین و گەردوون دەبێ هەولێکی جدیانە بێت نەک پالدانەوە و خۆخەریک کردن بێت.

مرۆڤ گەر خۆی دەرباز نەکات هۆشیار نابێت. کە هۆشیاریش نەبێ بە خۆی نازانێ کە بەختەوەر نیە. مرۆڤ ئەو مرۆڤەیە کە بە بەردەوام لە هۆشیاربوونەوەدایە یان بە شێوە دەربڕینەکەی سەهرەوەردی بە بەردەوام لە فڕیندایە واتە بەبەردەوام لە ڕێدایە و کاتەکانی حەوانەوەی کاتین و هەر بۆ ئەوەیە کە بتوانێ بەردەوام بێت لە

ڕێگە بڕیندا بۆ خۆ ناسین و ئەو ناسین. ئەو مرۆڤەی لە خۆناسیندا نەبێت، ئەوا خەون دەبینێت، مرۆڤی هوشیار دەزانێت کێ لە حاڵەتی خەوندایە. بۆ نموونە وا دەبێ کەسێک خەوتووە و خەون دەبینێ بەلام لەبەر ئەوەی خەون دەبینێ ئاگای لەو شوێن و زەمەنە نیە کە تێییدایە. لەبەر خۆیەوە شتێک دەڵێ یان جولانەوەیەک بە دەست و قاچی دەکات کە هیچ پەیوەندی بەو دەرووبەر و واقعەوە نیە کە خۆی تێدایە. ئەوەی کە بەراسەریەوە وەستاوە، دەزانێ ئەم مرۆڤە خەون دەبینێ .

ئێمەی کورد چەند سەدەیە خەو دەبینین و سەهرەوەردیش بەڕاسەرمانەوە بووە. مەخابن سەهرەوەردی هێندەی لە ناو ڕێبازی عیرفانی و فەلسەفی نەتەوەی فارسدا سەدای هەیە و دەنگی داوەتەوە هێندە لە ناو نەتەوەی کوردا سەدا و باسی نیە. سەهرەوەردی دەبێتە ڕۆڵەی فارس. کەچی ئێمەی کوردیش دەبینە نەوەی سەلاحەدین. چونکە ئێمە هەر دلمان بە جەنگاوەران خۆشە و لە پەنای چەکەکانی ئەواندا هەست بە ئەمان دەکەین. خالی جیاواز لە نێوان مەولانا خالید و شێخ مەحمودی

حەفید لەوەدایە کە یەکەمیان ڕێبازی جەنگاوەری هەلنابژێرێت و دووەمیان دەبێتە جەنگاوەر. کە یەکەمیان سەربە تەریقەتی نەقشبەندیە و کەس خۆی بە نەوەی ئەو نازانێ بەلام دووەمیان کە سەر بە تەریقەتی قادریە وپاش ئەوەی دەبێتە سەرکردەیەکی جەنگاوەر ئیتر دەناسرێ و دەبێتە باوانی کورد و کوردیش خۆی دەکاتەوە بە نەوەی ئەم شێخە جەنگاوەرە. زانست و مەعریفەی سەردەم زۆرباش دەتوانێ ئێمە لەم پالنەرە نەستیە ئازاد کات و چیتر سەرکردە کوردەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ناتوانن بەکارمان بهێنن. کە دەتوانین ئەم پرۆسەیە ناوی (بە عیلمانی بوون، ئازادبون یان هۆشیاربون) ی لێ بنێین.

نەتەوەی کورد دەبێت هۆشیار بێتەوە لەو پالنەرە سەیر و سەمەرەی کە لەلایەن سەرکردەکانەوە بە بەردەوام ئیستغلال دەکرێت و نەوە بە نەوە دەگوێزرێتەوە و نەوە بە نەوەش ئاغاکان هەمان ئاغان و کۆیلەکانیش هەمان کۆیلەن.

ئەوەی کە لەمەودوا هەست بەم گرفتە دەکات لاوەکانی نەتەوەی کوردن. لاوەکانن کە لە داهاتوودا

بەرەو ڕووی دووکاری گرنگ دەبنەوە و ژیانیان لە قۆناغێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ قۆناغێکی تر. ئەو دووکارەش یەکەمیان ئەوەیە کە لاوان بەرەو ڕووی ئەو قۆناغە سروشتیەی خواستی نەتەوایەتی دەبنەوە کە کورد خۆی پێوە خەریک کردووە. وەک ئەو هەرزەیەی کە بەرەو ڕووی باوانی دەبێتەوە تا ئەو قۆناغی هەرزەییە ببڕێت و و بەرە و کامل بوون بچێت .

نەتەوەی کورد لەو قۆناغە هەرزەییەدا وەستاوە و لە دلە ڕاوکێدایە، نە دەتوانێ بێ باوانی بەرە و داهاتوو بڕوات و نەدەشتوانێ بە ڕەخنەگرتنێکی ڕادیکالانە بەرەو ڕووی باوانی بێتەوە و مێژووی خۆی سەروبن بکات و سەرتەپا سیستەمێکی تر لە پێکهاتەی دەروونی و و ئەقلی پێک بهێنێتەوە و تا سیستەمێکی تری لە پێکهاتەی مێژووییشی بۆ دروست بکاتەوە .

ئەم پڕۆسەیە هێندە پڕۆسەیەکی گۆڕانکاری عیرفانی و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیە، هێندە پڕۆسەیەکی سیاسی نیە. هێندەی تاک و گۆڕینی پێکهاتەی ئەقلی و دەروونی تاک لە ئامێز دەگرێت،

هێندە پێویستی بە گوتاری جەماوەری و خوتبەدان و دروشم هەلکردن لە ئامێز ناگرێ. هێندەی ڕۆح درووست کردنە هێندە دروشم و دارشتنی سنوور نیە.
ئەو حالەتە وەستاوەی ئێمە لە قۆناغی هەرزەییدا، هیچ جیاواز نیە لەو عەقیدەیەی کە ئایینێک بۆ مرۆڤێکی دروست دەکات و سەرنجام دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو مرۆڤە لە جێی خۆیدا بوەستێنێ. لە نەتەوەی کوردیشدا عەقیدەیەکی بەو جۆرە بە ناوی کوردایەتیەوە خولقاوە زۆر مەترسیدار ترە لە عەقیدەی ئایینی. بەجۆرێک باسکردن لەو عەقیدەیە تابۆ کراوە کەس ناوێریت خۆی لێبدات، چونکە هەر کەس خۆی لێبدات دەکەوێتە خانەی دوژمن و خیانەتکارەوە. دەسەلاتدارەکان زۆر بە جدی پاسەوانێتی دەکەن چونکە دەسەلاتیان لە وێدا پارێزراوە. هەر لەو کاهینانە دەچن کە پەرستگاکانیان دەپارێزن.
کاری دووەم کە لاوان بەرەو ڕووی دەبنەوە، ڕوبەڕووبونەوەی چەمکی ترساندنە لە خوا، کە چەندین سالە بالی بەسەرماندا کێشاوە و ڕەگ و ڕیشەی لە ناوماندا داکوتاوە. مەبەستمان لە خوا

ئەو حەقیقەتەیە کە بنەڕەتی بوونە و مرۆڤ خۆی ناوی بۆ داناوە وهەر خۆیشی وەسفی دەکات.

ئێمەی کورد دەبێ هەردوو ترسەکە ببەزێنین: ترسی ڕووبەڕوو بوونەوەی باوان یان ڕابردوو واتە جێبەجێکردنی پرۆسەی (ئەنتی باوان) و لەهەمان کاتدا ڕەواندنەوەی ئەو ترسەی کە بەناوی خوایەکەوە بەسەرماندا سەپێنراوە کە لە ڕوانگەی کەلتووری نەتەوەیەکی تر و هەلومەج و زەمانێکی ترەوە سەرچاوەی گرتووە و لە ناوماندا ڕەگی داکوتاوە. ئەم دوو ترسە ترسی گۆڕینی باوان و ترسان لە خوایەک کە وەک دیکاتۆرێک لە ناخماندا ڕەگی داکوتاوە، ئێمەی کۆت و بەند کردووە و جولەی لێ بڕیوین. پرۆسەی بە عیلمانی بوون لەو دوو ترسە ڕزگارمان دەکاو ئازادمان دەکاو ئەوجا دەزانین مانای هوشیاری و هۆشیاربونەوە چیە.

کاتێ خۆت دەدەیتە دەست ئەو ترسە' واتە ترسی بوون یان ئەو ترسەی لە بنەڕەتی بوونەوە هەلقولاوە، بەرەو ئەو شوێنەت دەبات کە هیچ نامێنێت دەستی پێوە بگریت و ڕووبەڕوی -هیچ- دەبیتەوە، چونکە هیچ شتێک لە نێوان خودی خۆت و

خۆتدا وەک بەربەستێک نامێنێت. لەوێدا تۆ بەرەو ڕووی خۆت دەبیتەوە و چاکتر خۆت دەناسیتەوە. ئەم حالەتە پێی دەووترێ ( نیهیلیزم ). بەلام ئەم هیچگەراییە مانای پووچگەرایی یان بێمانایی ژیان ناگەیەنێ. بەلکو تەواو بە پێچەوانەوەیە، چونکە مانای ڕاستەقینەی ژیان لە و حالەتەدا یان لەو شوێنەدا دەست دەکەوێ و هەست بە بنەڕەتی بوون دەکەیت و دەکەوێتە سەرووی هەموو وەسف و ناو و زەمانێکەوە. لە گەیشتن بە(هیچ) هیچ بەربەستێک لە نێوان خۆت و ڕابردوو و خۆت و هەنووکەدا نامێنێ. ئەم هەلمەتە زانست و مەعریفە و تێکۆشان و شەو نخونی و بوێری دەخوازێ. بەلام گەر نەشوێری بەم حالەت دا تێپەڕ بیت، ئەوە لە خۆت ڕادەکەی، چونکە ئەسل و بنەڕەتی تۆ لە وێدایە. ڕادەی هۆشیاربوونەوەی تۆ ڕادەی نزیک بوونەوەتە لە و –هیچ-ە. لەوێدا هەست بە ئازادی ڕەها دەکەیت و هەر لەوێشدا هەست بە حەقیقەتی ڕەها دەکەی. هەر کاتێکێش بتەوێ وەسفی بکەیت ناتوانی وەک خۆی وەسفی بکەی یان ناوی پڕا و پڕی بە خۆی بۆ دانێی. لێرەدا لە خۆت دەپرسی من کێم و وەلامی

ڕاستەقینەی خۆت وەردەگریت کە تۆ مرۆڤیت ، کە تۆ کوردیت و تاکێکی ئەم گەردوونەی. بەمە سەربەخۆیی خۆت وەردەگری و ڕزگارت دەبێ لە ئەقلیەتی هەموو نەتەوە و ئایدۆلۆژیایەک. تا خۆت جارێکی تر لە دیدگەیەکی ترەوە کە لە ناخ و ڕۆحی خۆتەوە هەلقولابێت بتوانی ناوێکی تر و وەسفێکی تر بۆ حەقیقەتی بنەڕەتی بوون، داهێنیتەوە. لێرەدایە کە تۆ بۆلای خودی خۆت دەگەڕێیتەوە و شانازی بە خۆتەوە دەکەیت، چونکە سەرچاوەی بوونی خۆت بەبازووی خۆت وەدیهێناوە و لە ئاست ئەوانی دی هەست بەکەمی خۆت ناکەیت.

لێرەدا کەمێک دەگەڕێینەوە لای نموونەی کیژە هەلەبجەییەکە کە بە شوێن باوانیدا دەگەڕا. دیارە ئەم کیژە ماوەیەکی ویستووە تا گەشتۆتە ئەو بڕیارەی کە ئایا بە شوێن ڕەگ و ڕیشەی خۆیدا بگەڕێ یان پالی لێبداتەوەو هەر لەژێر مننەتی ئەواندا بژی. بڕیارێکی وا بە کوتوپڕی نادرێ، ماوەیەکی باشی بیرلێکردنەوە دەوێ. چونکە ژیانی ئەو کیژە لە ناو ئەو خێزانەدا پێکهاتەیەکی وای

لێدروست بووە کە بە سانایی ناتوانێ بیگۆڕێ و ئاراستەیەکی تری بداتێ. لە لایەکەوە ئەو کیژە دەزانێ تازە وا لەم خێزانەدا سەقامگیر بووە لە هیچی کەم نیە و لەوانەیە بەختەوەریش بێ ، بۆ لە خۆی تێک بدات ، لە لایەکی تریشەوە چونکە تازە بە خۆی زانیوە کە ئەو بە ڕەسەن سەر بەو خێزانە نیە، هەست بە شەرم و کەم بوونێک دەکات. ئەم حالەتە کێشەیەکی دەروونی و ڕۆحی بۆ دەخولقێنێ. ئەم قۆناغە ، قۆناغێکی دلەڕاوکێیە، مرۆڤ ناتوانێ تا سەر بەرگەی بگرێ. یان ئەوەتا سەقامگیری و خۆشگوزەرانی زال دەبێت بەسەر ویستی گەڕانەوە بۆ لای خود و بنەڕەتی خۆی، یان بە پێچەوانەوە وەک ئەوکیژە ویستی گەڕانەوە بۆ لای بنەڕەتی خۆی زال دەبێ بەسەر خواستی خۆشگوزەرانی و سەقامگیریدا. ئەم کیژە توانی قۆناغی دلەڕاوکێ ببەزێنێت و باوانی ڕەسەنی خۆی هەلبژێرێت. ئەم کیژە کە دەگەڕێتەوە، باوکی هێندە ئەم گەڕانەوەیە بەگرنگ وەرناگرێت ، چونکە خێزان و ژیانی تری پێکهێناوە و ئەرکی تری بۆ دروست بووە. ئەم کیژە دەبێتە کائینێکی نامۆ لەناو خێزانی باوکیدا. لەم

حالەتەدا ئەم  ناچار دەبێ مالی خۆی بە بازو و ڕەنجی خۆی دامەزرێنێتەوە و ئەم خۆی ببێتەوە باوان بۆ نەوەیەکی تر.

4

# کورد و بە بوون بوون

## 1.4 کورد وخوێندنەوەیەکی فینۆمینۆلۆژی:

پێشتر ئاماژەم بە خوێندنەوەیەکی فینۆمۆنۆلۆژیانە دا کە دەخوازێ لە سێ ئاستدا نەتەوەی کوردی پێ بخوێنینەوە. کە بریتی بوون لە:

ئاستی یەکەم: ڕەهەندی سروشتی ئەو ڕووخسار و ڕووە ئاشکرایە یە کە کورد لە ڕووی دەرەوە وەک نەتەوەیەک پێی دەناسرێتەوە، واتە زمان و خاک و کەلتوور و مێژوو ڕووخساری هاوبەش. ئەمانە نیشانەیەکن بۆ ناسینەوە کە لەسەرووی ویستی مرۆڤەوەیە. بۆیە ناوم نا سرووشتی، فاکتەرێکە یان سەرەتایەکە بۆ وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی.

ئاستی دووەم: ناخ و ناوەڕۆکی کورد وەک تاک و وەک نەتەوە ، هەست و نەستی تاک و جەماوەر

ئاستی سێهەم: ئەو کۆنتێکستەیە کە کورد لەشوێنێکدا خۆی تێدا دەبینێتەوە و کە کۆمەلێک

فاکتەری دەرەکی لە دەوروبەر ئاراستەی ژیانی ئەو نەتەوەیە دیاریدەکات.

ئەم گفتوگۆیەی سەرەوەم لەگەل نەتەوەی کورد لە ئاستی دووەمدا یە، کورد بۆ ئەوەی لەوە بگات، کە بە بێ جێهێشتنی قۆناغی سروشتی نەتەوایەتی بەرەو قۆناغی بە مرۆڤ بوون، واتە لە ئاستی بە نەتەوەبوون لە شێوە و ڕوخسارەوە بەرەو بە نەتەوە بوون لە ناوەرۆک و جەوهەردا ناتوانی ناوی نەتەوەی لێبنێیت. چونکە تەنها ئەو ئاستە یان ئەو ڕەهەندە ناوەکیەیە کە دەبێتە پایە و بناغە بۆ ڕاگرتنی ڕەهەندە شروشتیەکە. کورد هەر لەو ئاستە سروشتیەدا لە شیرێکی خاو دەچێ کە پێویستی بە هەوێنە بۆ ئەوەی بمەیێ و ببێ بە ماست .
ئەوەی ئەو گۆڕنکاریە یان ئەو ڕاگوێزانە بە ئێمە دەدات و بەرە و -بوون- مان دەبات، بوونێکی زیندوو، بوونێکی دینامیکی، بوونێکی ڕوو لە هەق، تەنها بە ئیشکردنە لە ئاستی دوەمدا و هێنانەدی مەعریفەیەک کە ببێتە هەوێنی جاویدانمان (هەر هەبووین و ئێستاش هەین و هەر دەبین ). بەم

ئاستە یان ڕەهەندەیە کە نەمری بۆ ڕابردووت و داهاتووت لە ڕێگەی هەنووکەوە، دابین دەکەیت. تاوەکو لەم ڕێگایەوە تاکەکانی پەیوەندیەکی ڕۆحی بەرز، کۆیان بکاتەوە. بەرزتر لەم ژیانە کاتیە و بەرژەوەندی ڕۆژانەی تاکە کەسی. ئەو نەتەوەیەی خودی خۆی خاوەنی لەم جۆرە هەوێنە نەبێ، ناچار لە نەتەوەی تری قەرز دەکات. بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ وردە وردە ناسنامە و کەسێتی خۆی ون دەکات، مێژوو و ڕابوردووی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە پاشکۆ .

هەرچۆن بێ نەبوونی مەعریفەیەکی خۆڕسک خۆی بۆ خۆی هۆکارێکە بۆ نەبوونی کیانێکی سەربەخۆی سیاسی. لێرەدا بۆی هەیە پرسیارێک بێتە کایەوە ئەویش ئەوەیە کە خۆ نە فارس و نە تورک ئەوانیش خاوەنی مەعریفەی خۆیان نین، کەچی بوونەتە خاوەن کیانێکی سیاسی؟ لەوەلامدا دەلێم تورک بە هۆی دەولەتی عوسمانی و پاشانیش سیاسەتەکەی کەمال ئەتاتورک و فارسیش بە هۆی دروستکردنی مەزهەبێکی سەربەخۆ و قۆرخکردنی بەشێک لە

دەسەلاتی مەعریفی توانیان شتێک لە دەسەلاتی سیاسی بۆ خۆیان بنیاد بنێنن.

بۆ تێگەشتن لەم حالەتە ناچار دەبین بچینە ناو فەلسەفەی هیگلەوە، بە تایبەتی فەلسفەی هۆشیاربوونەوە. لێرەدا چاکتر لە ئاستی دووەمی خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆژی تێدەگەین. بەگوێرەی ئەم فەلسەفەیە مرۆڤ لە پێشدا بەوە هوشیاردەبێتەوە کە ئەو خۆی شتێکی ترە جیا لە هەموو شتەکانی تر. واتە ئەو هیچکام لە م شتانەی دەورووبەری نیە. ئەم پرۆسەیە بریتیە لە بە نێگەتیفکردنی هەموو شتەکان. چونکە ئەم کەسە ئەم شتە نیە و ئەو شتەی تریش نیە  و لەو شتانە هیچیان ناچێت، تەنانەت مرۆڤەکانی تریش هەر بە شتێک لەو شتانە دادەنێت بۆیە ئەو ئامادەییەی تێدایە مرۆڤێکی تر بکوژێت. لەم حالەتی هوشیاربوونەوەیەدا، بەم کاری بە نێگەتیف کردنە دەچێتە حالەتی خودهوشیاری. هەرچەند ئەم مرۆڤە قۆناغێکی بڕیوە لە هوشیاربوونەوەدا بەلام هوشیاربوونەوەیەکی ناتەواوە. چونکە هوشیاربوونەوەی تەواو لەوێوە دێ کە یەکێکیتری هوشیار دان بە بوونی ئەو مرۆڤەدا

بنێیت. ئەویش لە ویدا ڕوودەدات کە ئەویتر لە بری ئەوەی بیکوژی داوای دان پێدانانی لێدەکات. لەم ساتەدا پەیوەندی ئاغاو کۆیلە ساز دەبێت. کۆیلە دان بە هوشیاربوونەوەی ئاغادا دەنێیت و کاری بۆ دەکات. ئاغا لە خودی خۆی هوشیارە و کۆیلەش لە خودی هوشیاری ئاغا هوشیارە بەلام لە خودی خۆی هێشتا هوشیار نیە. ئاغا دلی بەم دانپێدانە خۆش نیە چوکە لە خودهوشیارێکەوە ئاڕاستەی نەکراوە. پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی نا یەکسانە. کۆیلە لە ئەنجامی کارکردنەوە ئەویش لە خودی خۆی هوشیار دەبێتەوە و دەچێتە ڕیزی خودهوشیارانەوە. لێرەدا ئاغاو کۆیلە خودهوشیارانە گەشتی هوشیاربوونەوەیان تەواو دەکەن، کە تا ئەو ساتەش ناتەواو بوو.

لە گەشتی هوشیاربوونەوەدا نەتەوەی تورک و نەتەوەی فارس لە پێش کوردەوەن. ئەوان گەشتنە ئەو خودهوشیارییەی هەرزوو بتوانن خۆیان لە نەتەوەی عەرەب جیابکەنەوە و زوتریش توانیان حکومەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزرێنن. بەلام خودهوشیاری ئەوان لە حالەتی نێگەتیڤی ڕەهادا

ماوەتەوە و کامل نەبووە بۆیە دەتوانن نەتەوەی کورد بکوژن. بەهەمان شێوە فارس و عەرەبیش هەرچەند لە قۆناخی هوشیاربوونەوەوە چونەتە قۆناخی خودهوشیاربوونەوە، بەلام هێشتا نەیانتوانیوە بگەنە هوشیاربوونەوەی کامل وەک ئەو هوشیاربوونەوەیەی کە لە نەتەوەیەکی ئەوروپیدا بەدیدەکرێت. بەلام کورد هێشتا نەیتوانیوە ببێتە ئەو کۆیلەیەش کە کار دەکات و پاشان دەتوانێ خۆی بناسێتەوە. وەک هیگل دەلێ ئەو کۆیلە کارایەیە دەتوانێ مێژووش درووست بکات و داهاتووش دابین کات. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، نەتەوەی کوردیش بگاتە ئەو خود هۆشیاریە؟

هەروەک لە مێژوودا ئاشکرایە فارس هەر زوو بە مەزهەبیش و بە دەولەتیش خۆی لە عەرەب جیا کردەوە. ئەویش بە هۆی ئەوەی کە عارف و فەیلەسوفەکانیان پەیوەندیان بە مێژووی خۆیانەوە لە- پێش ئیسلامدا –کردەوە. جگە لەوەش ئەوان خۆیان پێش ئەوەی ببن بە موسولمان خاوەنی ئەزموونێکی شارستانی و مەعریفی بوون. بۆیە ئەو

مـــەعریفـــە رابـــووردووە ســـەرەڕای بـــە موســـلمان بوونیشیان، بوو بە زادێک بۆیان تا بتوانن خۆیان کۆکەنەوە و لە عەرەب خۆیان جیا بکەنەوە.
بە هۆی ئەو مەزهەبەوە -دەشێ بشلێین ئاییینێک- چونکە شیعە هەتا ئەم دواییانەش وەک مەزهەبێک لە ناو ئیسلامی سوننی دا قبول نەکرا بوو. ئەم قبولکردنـــەی ئێســـتاش وا تێـــدەگـــەم هـــەر بـــۆ موجامەلەبێ. هەروەها مەزهەبی شیعە لە زۆر بابەتی بنەڕەتیدا لە بنەماکانی ئیسلامدا لەگەل سوننەدا جیایە و دیدگە و تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان لە زۆر لە بابەتەکاندا هەیە توانیان ڕەهەندی ناوەکی خۆیان تا ڕادەیەکی باش پێکەوە بنێن و سنوری خاک و نەتەوەی خۆشیان بپارێزن.
خۆ ئەگەر کەمێک بچینە لای نەتەوەی تورکیش دەبینی ماوەیەکی درێژ توانی لە ناو ئیسلامدا وبە ناوی (خەلافەتی عوسمانی )ەوە دەسەلات بگرێتە دەست. لە دواییشدا هەر بە تەواوی خۆی جیا کردەوە و سنووری خۆی دیاری کرد.ئەنتی باوانی ئەتاتورک زۆر بە ئاشکرا بەرامبەر بە خەلیفەکانی باوانی دیـــارە. مـــۆدێرن بـــوونی ئـــەتـــاتورک هـــەرچـــەنـــد

ناتەواویش بوو، مێژوویەکی درێژی لە پشتەوەبوە و هەروا لە خۆڕا نەڕسکابوو. چونکە ئەتاتورک لە ناو دەولەتی عوسمانیدا لە خوێندگاکانی سەر بەسیستەمی ئەورووپی خوێندویەتی. لە وێوە کەوتبوویە ژێر کاریگەری بیری نەتەوەیی ئەورووپی و بۆ نەتەوەی تورک بەکاری هێنایەوە.

لە کاتێکدا نەتەوەی تورک و نەتەوەی فارس لە حالەتی ئینتەرئەکسیدا بوون لە گەل نەتەوەی عەرەبدا و لە ناوەندەکانی دەسەلاتی ئەو کات لە هەموو قۆناغ و گۆرانکاری و ڕاگوێزانەکاندا حزووریان بووە، کەچی نەتەوەی کورد لە پەنا شاخ و کێوەکاندا خۆی حەشار دابوو. پشت بەستن بە شاخەکان بۆ-خۆ پەنا دان لە هەموو دەسەلاتە ناوەندیەکان و وەدیهێنانی سەر بەخۆیی- هۆکارێکی تربووە لە گۆشەگیرکردنی کورد و تێکەل نەبوونی بەو کارلێکردن وکارتێکردنە کەلتووریە مەعریفیەی کە لە نێوان عەرب و تورک و فارس و هەروەها فارس و تورکدا ڕوویداوە. ئەو سێ نەتەوەیە لە ماوەی ئەو مێژووە درێژەدا لە شارە گەورەکان لەو

سەردەمانەدا لە بواری مەعریفی و سیاسیدا ململانێ و پێشبڕکێی بەردەوام لە نێوانیاندا بووە. کاتێک خەلافەتی ئیسلامی لەبەریەک هەل دەوەشێ ئەم سێ نەتەوەیە ئامادەییەکی وایان هەیە کە بتوانن خۆیان کۆکەنەوە و هەریەکە سەربەخۆیی خۆی بێنێتە دی. بەلام کورد دەبێتە پاشکۆ.چونکە کورد نەگەشتبووە حالەتی خودهوشیاری و هیچ جۆرە ئامادەییەکی تێدا نەخولقابوو. بۆیە یان دەبووە پاشکۆی تورک یان عەرەب یان فارس. لەکۆتاییشدا کە سنوور دانرا بەتەئکید ئەوانیش لەگەل ئەو سنورانەدا بەشبەش بوون، چونکە ئەوان تا ئەوساتەش هەر شتێک بوون لە شتەکانی ئەو ئاغایانە و بێگومان لەگەل ئەوانیشدا بەش بەش دەبن.

بۆیە پێم وایە ڕادەی بیر و هۆشیاری ئەو سێ نەتەوەیە بەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەرز تر بووە و چست وچالاک تر بوون لەچاو نەتەوەی کورد و توانیان دەولەتی خۆیان پێک بهێنن و خۆیان لە یەکتر جیاکەنەوە. لێرەدا دەتوانین بلێین عەرەب لە سەرەتادا وەک ئاغاو تورک و فارسیش وەک کۆیلە

بوون. چونکە تورک فارس دوو کۆیلەی چالاک بوون توانیان بچنەوە ئاستی ئەو ئاغایە. بەلام پێم وانیە ئیتر بەو کارەیان حەسابنەوە و لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا بن، نەخێر، چونکە ئەو ڕادە هۆشیاریەی ئەوانیش لەو ئاستەدا نەبووە کە ڕێگاکەیان پێ تەواو بکات و بیانکاتە نەتەوەیەکی هیومانیست. بۆیە ناکرێ بەراووردیان بکەین لەگەل دەولەتە نەتەوەییە خۆرئاواییەکان. نەتەوایەتی لە خورئاوادا لەگەل پێکهاتەی کۆمەلایەتی و دەرەنجام و گۆڕانکاریەکانی مۆدەرنە گونجێنراوە و ڕەهەندێکی هیومانیزمی و ڕەگەزناسی لەخۆگرتوە نەک ڕەگەز پەرستیی. ئەمە مانای ئەوە نیە کە نەتەوەی ئەورووپی سەد دەرسەد گەشتبنە ئەو ئاستە میسالیەیەی کە ئاماژەمان پێدا، چونکە هەروەک وتمان ئەمانە هەمووی ڕێژەییین. دەتوانین وا ریزبەندی کەین کە تورک و عەرەب و فارس لە گەشتی بە (نەتەوە بوون)دا لە پێش کوردەوەن و نەتەوەی ئەورووپیش لە پێش ئەوانەوەن.
هەرچۆن بێت هەروەک دەبینین تا ئەم ساتەوەختەش حال و گوزەرانی ناسنامەیی ئەو سێ

نەتەوەیە لە ئاستێکی بەرزتردایە لە چاو ئاستی کورد و نیمچە سەربەخۆییەکی کەلتووری و سنورێکی جوگرافییان بۆ خۆیان وەدیهێناوە. خۆ ئەگەر بوایە و ئەوان هەنگاوی زیاتریان بنایە بەرەو ئەو بیرە هیومانیستیەی لەم سەردەمەدا باوە ئەوا خۆشیان لەگەل ئەم سەردەمەدا ناکۆک نەدەبوون و بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی ئێمەش هۆکارێکی پۆزەتیڤ دەبوون، بەم شێوەیەی ئێستایان دژایەتی مافی ڕەوای کوردیان نەدەکرد .

ناکاملی نەتەوەی کورد و پشتگوێ خستنی ڕەهەندی ناوەکی و ناهوشیاری و گەشەنەکردنی ئاستی مەعریفی و عیرفانی بۆتە هۆی ئامادە نەبوون و لەبارنەبوونی کورد بۆ هەمان ئەنجام کە ئەوان پێی گەشتن. لە وکاتەی تورک و فارس ئیمپراتۆریەتی خۆیان دادەمەزرێنن، هۆز و تیرەکانی کورد هەریەکە هۆشی بە لای دەسەلاتی لۆکالی خۆیەوە بووە، بیرێکی وا نەتەوایەتی و ڕوحی وا پێشتر ئیشی تیا نەکردوون کە بەرژەوەندی بالای نەتەوایەتی بخەنە پێش بەرژەوەندی دەسەلاتی لۆکالی خۆیان. سەیر لەوەدایە لەو کاتەی عەرەب بە پالپشتی ئینگلیز و

هێـزەکـانی تـری نێـودەولــەتــی خــۆی لــە دەسـت دەسـەلاتـی تـورک ڕزگـار دەکـات و چـەنـدین دەولـەت دروست دەکات، کەچی شێخ مەحمـوود بـۆ ڕازیکردنـی تـورک بـە نـاوی ئیسلامەوە دەچـێ بـە گژ ئینگلیـزدا. لـەو کاتـەی گانـدی بـە ڕێبـازێکی عیرفانانـە بـە رەو ڕووی ئینگلیزی – داگیرکەر- دەبێتەوە، کـەچـی شێخ مـەحمود بـە ڕێبـازی جـەنگـاوەری ڕووبـەڕوی هـەمـان ئینگلیـز دەبێتــەوە. لــەگــەل ئــەمانــەشـدا ویسـتـی کەسێکی وەک تۆفیق وەهبی بەگ پێچەوانەی ویستـی شێخ مـەحمـودە، کـەچـی کـوردەکـە جـەنگـاوەرەکـە هــەلــدەژێــرن کــە دەچێــت بــە گــژ ئینگلیــزدا. مێژووزانــەکــانی کــورد بــەگشتی قــارەمــانێتی ئــەم جــەنگــاوەر دەگرێنــەوە بـێ ئــەوەی ڕەخنۆکــەیــەکـی ئاراسـتـە بکـەن، چونکـە جــەنگـاوەر لای کـورد زۆر پیرۆزکراوە.

بـە کورتیـەکـەی وەک ئاشکرایە گـەلـی کـورد چـەنـد جارێـک هـەلـی بـۆ ڕەخسـاوە، بـەلام ئایـا کـورد ئـەو هەلانەی لە کیس چووە یـان لـە کیسی خـۆی داوە؟؟!! کێشەکە لەوەدایە کە هەتا ئێستەش بیرەوەری کـورد هۆکـاری ئـەو شکستـی و هـەل لـەکیس دانـە دەگێڕێتـەوە

بۆ دەرەوەی خۆی. بەلام بە بۆچوونی من ئەو هەل لە(کیس چوونە) یان لە خۆکیس دانە دەگەڕێتەوە بۆ هۆی -دروست نەبوون ــی کورد خۆی. جگە لەوەش لە کیسدانی هەل ئەوەندە دووبارە نابێتەوە ئەگەر پەند و وانەی خۆی لێوەرگیرێ. لێرەدا کورد دەتوانی پەند لە نەتەوەی جولەکە وەرگرێت، کە چەندین سەدە لە دەربەدەری و شکستیدا دەژیان. کاتێ لەوە هوشیاربوونەوە کە گرفتەکە لە ناخی خۆیاندایە، توانیان بەسەر گرفتە دەرەکیەکاندا زال بن.

من پێم وانیە هەستی نەتەوایەتی لە ناو کورد چوست و چالاک تر بێ لە سێ نەتەوەکەی تر. بەوە نابێ خەباتی زۆری کردووە و قوربانی و داوەو کوشتاری زۆر لەناو مێژووەکەیدا دووبارە بۆتەوە. ئەوە نەک بۆ کورد بەلکو بۆ هیچ نەتەوەیەکک نابێتە نیشانەیەک بۆ بەرزی هەستی نەتەوایەتی بەو مانایەی ئاستی دووەم واتە ئاستی ناخ و ڕۆح. هەموو جارێک ئەو تێچوونەی مەسەلەی کورد داویەتی هەرگیز لەگەل دەستکەوتەکان کۆک نەبوون، چونکە خولیای دەسەلات و حوکم بە هێز ترە لە خولیای خۆدروستکردن و بە نەتەوە بوون.

تاوانەکەش ناخەمە ئەستۆی چەند پارت و چەند سەرکردەیەک، نەخێر ئێمە هەموومان بەرپرسیارین هەرکەس بە گوێرەی توانا و ئەو هەلانەی کە لە بەردەستیدان، بێگومان دەسەلاتداران لەم تاوانە پشکی زۆرتریان وەبەر دەکەوێت.

دەکرێ چاوپۆشی بکرێ لە سەردەمەکانی ڕابردوو و دانمان نا بەو پاساو هێنان و بیانوانەی کە پێی وایە کورد هەر قۆناغێکی وای بۆ نەڕەخساوە کە دەرک بە گرفتی سەرەکی خۆی وەک نەتەوەیەک بکات. بەلام ئێستە وا لە سەردەمی پۆستمۆدێرنە داین، کە سەردەمێکە دەنگە نزم و پاشۆکانیش دەنگی خۆیان بەرزکردۆتەوە و ئایدۆلۆژیا باوەکانیش خەریکن دەسەلاتی ڕەهای مەعریفی و سیاسی و کۆمەلایەتی خۆیان لە دەست دەدەن. هەلێکی مەزن بۆ ئێمە ڕەخساوە کە بتوانین ئێمە ئایدۆلۆژیای خۆمان داڕێژینەوە. هەلێکە بۆ ئەوەی بتوانین ڕوو لە ڕەهەندی ناوەکی و ئاسۆیی ناخی خۆمان بکەین و خۆمان لە قۆناغی هەرزەییەوە بەرەو کامل بوون

بەرین. هەلێکە کە ئیمڕۆ بارودۆخی نێودەولەتی و ناوچەییش لە بەرژەوەندی کوردایە تا بتوانین شۆرشی(ئەنتی باوانی)، شۆڕشی ناخ، شۆڕشی خۆناسین و ئەو ناسینی خۆمان بەرپا بکەین.
بێگومان لە داڕشتنەوەی ئەو ئایدۆلۆژیایە دەشێ سوود لە ئەزموونەکانی تر وەرگرین. من لێرەدا باسی ئایدلۆژیای خۆمان دەکەم لەوەش هۆشیارم کە جارێکی تر ئەویش ئێمە کۆت و بەند دەکات و ڕامان دەگرێت. بەلام گرنگە هەنگاوێکمان پێبنێ و لە جێگای خۆمان جولەیەکمان پێبکات، وەک سوهرەوەردی دەلێ "گەر بەسکە خشکێش بووە هەر هەندێک ببزوێ". ئێمە دەزانین هەموو مرۆڤێک پێویستی بە دیدگا و بڕوایەک هەیە کە لێیەوە لە ژیان و گەردوون بڕوانێ و ڕێگەی ژیانی بۆ دیاری بکات، بەلام ئەم مرۆڤە دەبێ هۆشیار بکرێتەوە لەوەی کە هەر خۆیەتی ئەو ئایدیایانە ئەتەنێ و هەر خۆشی هەلیان دەوەشێنێ. بەم هۆشیاریەوە ئیتر مرۆڤ کۆت و بەندی هیچکام لە ئایدیە ئایینەیەکان یان نا ئایینیەکان نابێ .ئێمە دەتوانین وەک نەتەوەی کورد وتەکەی سەهرەوەردی

کە دەڵێ: (( وەک باڵندە هەر بفڕە بە ئاسمانی هۆشیاربونەوەدا تا نە بیتە نێچیر)). بکەینە ڕێباز. گەڕانەوە بۆ لای ڕەچەڵەکی خۆت و پاشان هاتنەوە بۆ ئەم سەردەمە، کاریگەریەکی مەزنی هەیە لە بەرەو پێشچوون و دیارکردنی ئایندە دا.

یەکێک لە توخمە سەرەکیەکانی بزاڤی هۆشیاربوونەوە لە ئەوروپا و شۆڕشی فەڕەنسی، گەڕانەوە بووە بۆ لای باوانی یۆنانی وگریگی خۆیان. ئەو سەرە داوانەی کە پەیوەندی بە ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی و هیومانستیەوە هەبووجارێکی تر بە یارمەتی زانست و فەلسفەی مۆدێرنە تێر و تەسەل و جوانتر کرا. مەخابن نەتەوەی کورد سەردەمێکی زێڕینی نیە، تا لەوێوە ئیلهامی خۆدروستکردنەوەی بۆ بێتەوە. هەروەک ئەنتی باوان هەیە، گەرانەوە بۆ لای باوانیش هەیە و هەریەکە کات و ساتی خۆی هەیە.

قەشەیەکی ڕەشپێست بە ناوی (تۆرنەر) کە لە نێوان سالانی 1834-1915 دا ژیاوە زۆر جوان لەوە گەیشت بوو کە ڕەهەندی عیرفانی چ کاریگەریەک

دەبینێ لە وەدیهێنانی سەربەخۆیی، چ سەبارەت بە تاک و چ سەبارەت بە نەتەوە تا ئەو ڕادەیەی وتی: (( مرۆڤە ڕەشپێستەکان پێویستە خوایەکی ڕەشیان هەبێ، تا لەیەکدی بگەن)). بەو مانایەی ڕەشپێستەکانیش لە دیدگەی خۆیانەوە وەسفیی خوا بکەن و تێڕوانینی تایبەت بەخۆیان بۆ گەردوون و ژیان هەبێ و لەو بوارەدا قەرز لە نەتەوەی تر نەکەن، تا شەرمەزاریان نەبن .

## 2.4 لەخۆدەرچوون یان بەرەو خۆچوون!

لەو کاتەی نەتەوەکانی ڕۆژئاوا بە دوای ئەزموون و بۆچوونە جیاوازەکاندا دەگەڕێن و دەیانەوێ بەرەو "ئەوی دی" لە "خۆ" دەرچن، چونکە پێیان وایە کە ئیتر ناکرێ هەر باس لە خۆیان بکەن و ئەویدیش خاوەن ئەزموونە و دەبێ جێ سەرنجیان بێت و دیالۆگی لەگەل ئەنجام بدەن، کەچی من لەم

وتارەمدا باس لە بەرەو "خۆ" چوون و جیا بوونەوە و ڕزگار بوون لە"وی دی" دەکەم. وە نەبێ من لەو ئاستەی ڕۆژئاوا ئاگادار نەبم و پێی ڕازی نەبم. بەلام من ڕوو لە نەتەوەیەک دەکەم کە خۆی خۆی نیە. بە مانایەکی ڕوونتر هەموو ئەو نەتەوانە ئەو قۆناغەی کە باسی لێوە دەکەم _ بەرەو خۆچوون و جیا بوونەوە _ پێدا تێپەڕیون. لە هوشیارییەوە بەرەو خودهوشیاری چوون، لە حالەتی سروشتیەوە بەرەو حالەتی مرۆڤبوون، واتە ئەو نەتەوانە هەریەکەیان خۆی لەوی تر جیا کردەوە و ڕەهەندی ناوەکی خۆی بە هێز کرد و پێگەیەکی بەهێزی لەسەر زەمینەی واقع درووست کرد. ئەوسا ئەوان دێن و باسی دیالۆک لەگەل یەکدی دەکەن. چونکە ئەگەر خۆت خۆت نەبیت و خۆت باش نەناسی لە هەمووو دیالۆکێکدا دۆڕاوی. خۆ ئەگەر براوەکان زۆر بەخشندەو میهرەبانیش بن، ئەوا ئەوان تۆ هەر لەو ئاستەدا دەبینن کە تەساموحت لەگەل بنوێنن نەک دیالۆکت لەگەل ئەنجام بدەن.

ئێمەش لەگەل نەتەوەکانی تری ئەم ناوچەیە چەند سەردەمێکە ئەو پێکەوە ژیانەی کە لە نێوەندماندا بە هۆی ئیسلامەوە هەبوو ئەو پێکەوە ژیانە نەما و ئیسلام خۆشی وزەی پێنەما. بۆیە پێویستیمان بە جیا بوونەوەیە نەک یەکگرتن بۆ ئەوەی هەریەکە خۆی جارێکی تر خۆی دروست بکاتەوە پاشان دەشێ بۆ لای یەکتر بێینەوە. دەبێ هەردوکمان دوو مرۆڤی کامل بین نەک من کۆیلەو ئەویدی ئاغا بێت یان من ئاغا و ئەویدی کۆیلە.
لای کورد بزاڤی سیاسی بۆ بەنەتەوە بوون پێش بزاڤی مەعریفی و رۆحی کەوتوە. لەبەر ئەوە بزافی سیاسی کورد لاسایی کردنەوە بووە زیاتر لەوەی هەلقولاوی ناخی کورد خۆی بووبێت. ئەمە ئەوە ناگەێنێت کە بلێم بزافی سیاسی راستەوخۆ پاش بزافی مەعریفی دێت. چونکە هەموو بزافێکی مەعریفی لە هەناویا بزافی سیاسی هەلگرتووە. بەلام بزافی سیاسی بێ هەناوێکی مەعریفی بۆ ئەونەتەوەیە خۆی پێش نەتەوەکانی تر بزافێکی مەترسیدارە. گرنگی بزاڤی مەعریفی و رۆحی لەوەدایە کە مرۆڤ بەرەو ڕەوشت و بە خود

گەیشتنەوە دەبات کە لەوێوە سەر بەرەو نەتەوایەتی دەکێشێت. کاتێ مرۆڤ ڕوو بە ڕووی خۆی دەبێتەوە ئەو کاتە دەپرسێت من کێم ؟؟ ئێمە کێین ؟ بە بێ ئەم قۆناغە بزاڤی نەتەوایەتی لە بری ئەوەی بەرەو ڕەگەز ناسی سەر بکێشێت بەرەو ڕەگەزپەرستی سەردەکێشێت. ڕەگەزپەرستی لە خۆپەرستی وە سەرچاوە دەگرێت و مرۆڤ دەکاتە دڕەندەیەکی تۆقێنەر، بەلام ڕەگەزناسی لە خۆناسینەوە سەرچاوە دەگرێت و مرۆڤ بەرەو هوشیاربوونەوە دەبات.

لێرەدا پێویستە بۆ خۆناسین واتە ڕەگەزناسین، بگەڕێینەوە بۆ نزیکەی سێ هەزار سال لەمەوپێش کە ئەویش سەرەتای پەیدابوون یان بە کۆرپەلە بوونی نەتەوەیەکە کە پاشان ناونرا کورد. تا لەوێوە بتوانین چاوێک بە ڕابوردوومان‌دا بخشێنین. چونکە ڕابردوو لە پێکهاتەی دەروونی و ئیدراکی ئێمەدا تا ئێستاش کاری خۆی دەکات. ئەو گەڕانەوەیە لەو گەڕانەوە دەروونشیکاریەی فرۆید دەچێت کە لەگەل تاکێکدا بەکاری دەهێنێت، ئەویش گەڕانەوەیە بە ڕابردووی کەسێکدا بۆ دۆزینەوەی ئەو گرێیانەی کە

لـه دەروونـیـدا دروسـت بـووە و تـا ئـەو سـاتـەش وەک پـالـنـەرێـکـی نـەسـتـی دەیـبـزوێـنـێ. ئـەو شـیـکـارکـردنـە دەروونـیـەی کـە بـۆ تـاکـێـک بـەکـاردێ بـە هـەمـان شـێـوە بـۆ نـەتـەوەیـەکـیـش دەتـوانـیـن بـەکـاریـبـبـێـنـیـن. مـرۆڤـی دروسـت ئـەومـرۆڤـەیـە بـتـوانـێ ڕابـردوو بـخـوێـنـێـتـەوە و داهـاتـووش دەسـت نـیـشـان بـکـات و لـە ئـێـسـتـادا هـەردووکـیـان کـۆبـکـاتـەوە .

ئـەو مـرۆڤـەی نـەتـوانـێـت ئـەم پـڕۆسـەیـە جـێ بـەجـێـبـکـات لـە زاراوەی دەروونـنـاسـیـدا پـێـی دەڵـێـن (بـیـرکـۆڵ).

لـەم بـەخـۆداچـوونـەدا خـۆنـاسـیـنـێـک دروسـت دەبـێ کـە زۆر گـرنـگـە لـە نـاسـیـنـی (خـۆ)دا. خـۆنـاسـیـن: مـن کـێـم ؟ و چـیـم ؟ و لـە کـوێ وە هـاتـووم ؟ پـەیـوەنـدی تـەواوی هـەیـە بـە سـەربـەخـۆیـیـەوە. کـاتـێ خـۆت دەنـاسـی (ئـامـانـج)یـشـت دەبـێ، پـاش ئـەوەی ئـامـانـجـت دیـاری کـرد دواتـر بـیـر لـەوە دەکـەیـتـەوە چـۆن ئـەو ئـامـانـجـە وەدی بـهـێـنـیـت. لـێـرەوە تـۆ گـەشـتـێـک بـە نـاو جـیـهـانـی خـۆتـدا دەکـەیـت و پـاشـان کـە دێـیـتـە دەرەوە جـیـهـانـت خـۆمـالـی کـردووە ئـەو کـاتـە لـە تـێـپـەربـوون بـە نـاو جـیـهـانـی خـۆتـدا ئـەویـتـر دەنـاسـیـت و بـە چـاوێـکـی سـەربـەخـۆ لـەوی دیـش دەڕوانـیـت. ئـەو کـات لـە ئـاسـت

خۆت و بوون و ئەویدیدا هەست بە نامۆبوون ناکەیت.
لە پاش ئەم پرۆسەی خۆناسین و ئەو ناسینە، پرۆسەی هەلسەنگاندن دێتە پێشەوە و لەم پرسیارانە پێکدێت چیت کردوە ؟ چیت بەسەر هاتوە؟ بۆچی وات بەسەر هاتوە ؟ چی تر دەبێ بگۆڕیت و چیتر دەبێ بکەیت بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو ئامانجەی کە بۆی دەژیت. لەوانەیە کەسێک بلێ جا ئەوە چیە من هەموو ڕۆژێک لە و پرۆسەیە بەجێدێنم. بەلام مەبەستی من پێداچوونەوەیەکی فەلسەفی و زانستیە. بۆ نموونە تا ئێستە نەتەوەی کورد بێ ناسنامەیە. کوا ئەو بەرنامە زانستی و فەلسەفیەی تا لەم کێشەیە بکۆلێتەوە؟

## 3.4 کورد و کۆتی ڕابوردو!

کاتێ گوێ لە کوردێک دەگریت کە باسی کێشەکانی دەکات، بە هەمان شێوەی هەزار سال لەمەوبەر لێی دەدوێ. چونکە پرۆسەی ڕەهەندی ناوەکی کە لە پێشەوە ئامارژەمان پێکرد لە نەتەوەی کوردا ڕووی

نەداوە. کورد تائێستاش لە ناو ڕەهەندی سروشتیدا گنگل دەدات. ئەو ناسنامەیەی کە کورد باسی دەکات ناسنامەیەکی سەرەتایی و دەمێکە زەمەنی بەسەرچووە، ئەوەش لەبەر ئەوەی کورد ڕەهەندی ناوەکی نەوروژاندووە و لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە گەشەی نەکردوە، ئەمەش وا دەکات کە ئاستی هۆشیاریشی لە ئاستێکی سەرەتایی دا بمێنێتەوە. کەواتە کورد هەر لە حالەتی بوونێکی سەرەتایدایە. لە حالەتی کۆیلەیەکدایە کە هێشتا دەستی بە کار نەکردووە. دەتوانین بلێین ئەو بیرکۆلەیە کە توانای بیرکردنەوە و ئامانج دانان و هەلسەنگاندنی نیە، واتە لە ناخەوە سەربەخۆ نیە.

هەمیشە مرۆڤ دەبێ ئاگاداری خالی بەهێز و بێ هێزی خۆی بێ و لە هەمان کاتیشدا بگەڕێ بە دوای خالی بەهێز و بێ هێزی ئەوەی کە زولمی لێ دەکات. کورد لەم بارەیەوە کەم و کورتی زۆری هەبوە. بۆیە بە درێژایی مێژوو کورد لە کاتی کزبوونی دەسەلاتی ناوەندی سەر دەردەکات و دەیەوێ خۆی بسەپێنێ، بەلام هەرکە ناوەند کەمێک بەهێز دەبێت و دەسەلات پەیدا دەکاتەوە، ئەم

دەکەوێتەوە ژێرچەپۆکی و بەرچەوسانەوە. بۆ ئەوەی جارێک بیر لەوە بکەینەوە کە بۆچی هەمووجارێک ئەمە دووبارە دەبێتەوە.

مرۆڤ خۆی مێژووی خۆی دروست دەکات. ئەو مێژووەش ئەو مرۆڤە دروست دەکاتەوە، ئەم پرۆسەیە لە نوسینی چیرۆکێک دەچێت، کە نوسەرەکەی بە شێوەیەک دایدەڕێژێتەوە کە تەعبیر لە ناخی خۆی بکات. چونکە نوسەرێک کاتێ دەنوسێت، پێشتر شتێکی لا گەلالە بوەو دەیەوێت ئەو گەلالە بوونە، جارێکیتر داڕژێتەوە. لێرەدا دەسەلاتداری نوسەر بە شێوەیە چیرۆکەکەی دەنوسێتەوە کە گوزارش لە مانەوەی دەسەلاتەکەی بکات. نەتەوەی هۆشیار ئەو نەتەوەیە کە مێژووی خۆی لە ساتەوەختێکدا بە بارێکی تردا بەرێت و جۆرە مرۆڤێکی تر بەرهەم بێنێتەوە. بەلام کورد مێژووەکەی هەر مێژووی سیاسی و جەنگاوەرانە و ئەهلی مەعریفە و عیرفان لەو مێژوەدا ون و نادیارن. ئەمەش گاریگەریەکی نەگەتیڤی لە سەر ئەقل و پێکهاتەی دەروونی و هەلس وکەوتی ئێمەدا بەجێهێشتووە. بە جۆرێک وای لێکردوین هەمیشە بۆ

چارەسەری کێشەکانمان پەنا بۆ جەنگ بەرین. تەنانەت کێشەی ناوخۆشمان هەر بە هەمان ڕێگە چارەسەر دەکەین. ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ چارەکردنی کێشەکانمان لە نێوان دوو تاکدا ڕوودەدات تا دەگاتە نێوان دوو خێزان و دوو کۆمەل و دوو پارت و دوو خێل دا.

ئەو ڕەهەندە ناوەکییە لە پێشەوە زۆر لەسەری دواییین. کە ئێمە پێویستە سەروەری و سەربەخۆیی خۆمان، خۆمان دیاری بکەین نەک لە خەلکی تر داوا بکەین و ڕزگار بین لەو ئایدۆلۆژیانەی کە لەلای یەکێکی تر بۆمان تەنراوە و بە قەد وبالامان ناکات لە دوولاوە. هەم لە ڕووی کەلتوریەوە و هەمیش لەڕووی زەمەنەوە. دەشمانەوێ ئازادی و سەربەخۆیی لەو وەرگرین.

لێرەدا ڕوونکردنەوەیەکی زۆر گرنگ هەیە پێویستە ئامازەی پێبدەم ئەویش ئەوەیە، مەبەستی من لە خۆ ڕزگار کردن لە ئایدۆلۆژیای ئەوی دی مەبەست نە دژایەتی کردنی ئەویترە و نە ئەو خۆڕزگارکردنەشم مەبەستە بە ڕق و توڕەیی و ناشیرینکردنی ئەویدی ڕووبدات. بەلکو مەبەست لەوەیە کە وەک چۆن لە

ئان و ساتێکدا پێویستت بە کەسێک بووە لە کارێکدا یارمەتیت بدات، بەلام ئێستە توانای یارمەتی تۆی نەماوە یان تۆ پێویستت بەو نەماوە بۆیە دەبێ ڕۆشتنەکەت لای ئەو مالئاوایی بێ و سوپاسگوزاریش بێت. چونکە ئەو ئایدۆلۆژیایە کە لێرەدا مەبەستمانە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامە، کە لە سەردەمی خۆیدا جوان و بەهێز بووە، بۆیە سەرنجی من و تۆ و کەسانی تری ڕاکێشاوە. ئەو کەسەیش لە تۆ و لەوانی تر چالاکتر و بەهێزتر بووە بۆیە هۆشیار بووەتەوە و ئایدۆلۆژیای خۆی دامەزراندووە و هەر بە هێزی وزەی ئەو هۆشیاربوونەوەیە ئەو سەرنجی من و تۆ و ئەوانی تریش بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. کوردی لاواز و هەرزە لەم سەردەمەدا و ئایدیۆلۆژیای پەککەوتەی ئەوانیش بوونەتە باوانێکی بێ وزە و شەرعیەتی ئەو باوانێتیەش لە ڕابوردویەکی نەخواردوو بە ئیمڕۆ وەردەگرن. هەرکاتێ کورد بووە ئەو هەرزەیەی لەو باوان خۆی ڕزگار کرد ئەو ئازادبوونێکی ڕۆحی و سایکۆلۆژیە، دەنا یان دەبێتەوە بە کۆیلەیەکی ناهوشیار یان

کۆیلەیکی جەنگاوەر، نەک کۆیلەیەکی کاراو ئیشکەر تا بتوانێ داهاتوو دابین بکات.
هەروەک نموونەی کیژە هەلەبجەییەکە پێشتر باسمانکرد. کاتێ گەورە بوو و زانی کە ئەو خێزانە باوانی ئەو نین، زۆر بە ڕێزەوە بە جێیهێشتن و خێزانی خۆی بەبێ ئەوان دامەزراند. ئەوجا سەر لەنوێ دەتوانێ پەیوەندی خۆی لەگەلیان بە ئازادانە دروستکاتەوە.
ئێمە بە هۆی ئایدۆلۆژیای ئیسلامەوە وا پەیوەست بووین بە نەتەوەی عەرەبەوە شەرم دەکەین باس لە مافی جیابوونەوە بکەین. لێرەدا ئەرکی هەولدان بۆ جیابوونەوە و تاوانی ئەو شەرم کردنە لەو بوارەدا بە تەنها ناخەمە ئەستۆی سیاسەتی پارتەکانی ئەمڕۆی کورد ، بەلکو هەولدان بۆ بەزاندنی ئەو شەرمە ئەرکی هەموانە و هەموان لێی بەرپرسیارین. هەرچەن ئەو کارەش کارێکی هەروا سادە و سانا نیە و بە بێ دیدگە و بنەمایەکی فەلسەفی و زانستی و فیکری و ڕوحی، ئەو پڕۆژەیە سەرناگرێ. 'لە کاتی خۆداڕشتنەوەدا نابێ هەرگیز ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئێمە لە سەردەمی پاش

نوێگەریدا دەژین و ئەوەش سەردەمێکە هیچ ئایدۆلۆژیایەک یان بیرێکی تر هەرچەن بۆ مرۆڤایەتی سودبەخش وجوانیش بێ، ناتوانێ بە شێوەیەکی ڕەها، بال بەسەر مرۆڤایەتیدا بکێشێ. حەقیقەتی ڕەها وەک ئینجانەکەی بودا شکا و لەت وپەت بوو. لێرەدا پێویستە ئەو ڕووداوە بگێڕمەوە کە لە نێوان بودا و قوتابیەکانیدا سەبارەت بەو ئینجانەیە ڕوویدا:

بودا لە چوار قوتابی خۆی پرسی :ئەمە چیە لەسەر ئەم مێزە دانراوە؟

یەکەمیان وتی: ئەوە ئینجانەیە. ئەمە ئاماژەیە بۆ حەقیقەت وەک خۆی، بابەت چۆنە دەبێ وا ببینرێ.

دووەمیان وتی: ئەوە بودایە. واتە حەقیقەت ئەوە نیە کە لەبەرچاوە بەلکو ئاماژەیە بۆ شتێکی تر .

سێهەمیان وتی: ئەوە منم. واتە حەقیقەت ئەوەیە کە من دەیبینم و خۆم پێوەری ناسینیم.

چوارەمیان: شەقێکی لە ئنجانەکە هەلدا و پارچەپارچە بوو، ئەوجا وتی : ئێستە پێم بلێن ئەم ئینجانەیە چیە؟

مەبەستی لەوە بوو ئێستا کە هەقیقەت لەت وپەت بوو کێ دەتوانێ وەسفی بکات. حەقیقەت بوو بەو وەهمەی کە خۆت دەبێ چیرۆکی بۆ بهۆنیتەوە. بوو بەو نهێنییەی دەبێ هەر بەشوێنیدا وێل بیت. لەو وێلبوونەدایە دەگەیتەوە بە خۆت و جارێکیتر خۆت درووست دەکەیتەوە.

نەتەوەی کورد پێویستی بەوەیە وەک ئەو ئینجانەیە ئەو ئایدیۆلۆژیانەی چ ئاینی و چ نەتەوەیی کە هەلیگرتووە، لەت و پەت بکرێ و چیرۆکێکی هاوچەرخ بۆ خۆی بهۆنێتەوە. کورد هەروەک ئایدۆلۆژیای ئیسلام لەم سەردەمەدا گرفتی بۆ دروستکردووە هەر بە هەمان شێوە ئایدۆلۆژیای نەتەوایەتیش هەر گرفت و کێشەیەکە و چارەسەرێکی بنەڕەتی دەخوازێ.

کورد تا نەگەڕێتەوە بۆ لای خودی خۆی و خۆی نەناسێتەوە، ناتوانێ پێگەیەکی پتەو لەسەرزەمینەی واقعدا دامەزرێنێت. ئەوەش هێندە بە پڕۆسەیەکی عیرفانیدا بۆت دێتە بەر، هێندە بە پڕۆسەیەکی سیاسی ڕووت نایەتە دی. بە تایبەتی بواری سایکۆلۆژی پێشکەوتووی ئەمڕۆ یاریدەدەرێکی

باشە لە پرۆسەی خۆناسین و پەیوەندیەکی باش لە نێوانیاندا هەیە، چونکە عیرفان خۆی لە خۆیدا ڕۆچوونە بەناو ناخ و ململانێیەکە لە نێوان ئەوەی هەستی پێدەکەی و ئەوەی لە دەورووبەردا ڕوبەڕووی دەبیتەوە. عیرفانێک دەیەوێت ڕاستگۆ بێت لە بەرامبەر ئەوەی هەلیگرتووە و ئەوەی دەیلێت و هەستی پێدەکات، دەیەوێ هاڕمۆنیەک لە نێوان خۆی و زەمەن و بوونەوەردا پێکبهێنێت. ئەو حەقیقەت و دەرئەنجامانەی کە لە ئەنجامی بەخۆدا ڕۆچوونەوەیەکی قول و تێکۆشانێکی دەرونیدا ڕوودەدات و مرۆڤ کامل دەکات. ئەوانەی کە دەیگاتێ وەک ستراتیژێک لە ژیانی واقعیدا بەکاری دێنێتەوە.

ڕێبازی عیرفانی گەشتێکە هەموو ئەو چەمک و خۆزگە و داب و نەریتانەی لە ئەنجامی ئایدۆلۆژیای باو، لە مرۆڤ نیشتوە هەنگاو بە هەنگاو دەیتەکێنێت. مەبەستی ئەوان دژایەتیکردنی ئەو ئایدۆلۆژیایە نیە،نەخێر، ئەوان دەیانەوێ خۆیان ببنەوە بە خۆیان. ئەم گەشتە هەروەکو خولێکی بازنەیی وایە لە کوێوە دەست پێبکەی دەگەیتەوە

ئەویٚ. بەلام گەشتنەوەیەک بە خود تەواو جیا لەوی پێشوو. ئەوکات ناخ و دەروونیان ئازاد بووە لە هەموو ئەو چەمک و ڕەفتار و خۆزگانەی کە ئایدۆلۆژیای باو بە درێژایی زەمەن دابووی بەسەرشانیاندا. بە مانایەکی تر ئەو مرۆڤەی لەو گەشتە بازنەییە لولپێچەدا لەو خالەوە کە دەست پێدە کات دەگاتەوە ئەو مرۆڤەی کە لە خالی بیٚ کۆتاییدایە و بەردەوام لە خودهوشیارییەکەوە بەرەو خودهوشیارییەکی بەرزتر هەلدەکشێت. ئەو دوو مرۆڤە بە ڕەنگ و ڕووخسار هەر لە یەکدەچن بەلام بە جەوهەر و ناخ، بە رۆح و بیر، دوو جیهانی جیاوازن. یەکەمیان کال وکرچ و بەندی ئایدۆلۆژیایە و دووەمیان ئازاد و کاملە.

عارفەکان کە دەگەنە حەقیقەت گەشتەکەیان کۆتایی نایێت، ئەوان جارێکی دی دەگەڕێنەوە لای مرۆڤەکان و دەیانەویٚ ئەوانیش لەو کۆت وبەندە ڕزگار کەن. چونکە هوشیاربوونەوەی کامل ئەو هوشیاربوونەوەیەیە کە لە تەک مرۆڤی هوشیاردا بیت و دانت پێدا بنێت و دانی پێدا بنێیت. واتە بەردەوام تۆ دەبیٚ لە گەشتی هۆشیاربوونەوەدا بیت.

کاتێ مرۆڤ ملی ڕێگە و گەشتی دەروون و ناخ دەگرێتە بەر، بە هەر ئاقارێکدا فەلسەفی بێ یان عیرفانی، هەر دەگاتەوە بە خودی مرۆڤ خۆی. سەرە داوەکان گشتی هەر لای مرۆڤ کۆدەبنەوە و هەر لای مرۆڤ گۆل دەخۆن و هەر لای خۆشی دەکرێنەوە.
هەرلەم دیدەوەیە کە ئیمان و ئیلحاد لە ڕووی تیۆریەوە هەردووکیان دوو حالەتن یەک بەها وەردەگرن. چونکە هەردووکیان بێ بەلگەن لە سەلماندنی بوون و نەبوونی خوایەکدا. واتە کەسێک باوەڕی هێناوە پاشان گەر بیەوێت بەبەلگەی زانستی یان فەلسەفی خۆی قاییل دەکات هەروەها بە پێچەوانەشەوە. بە مانایەکی تر من وا دەبینم هەر دوو حالەتەکە بە شێوەیەکی دیالیکتیکی لە مرۆڤدا کار دەکات. واتە لە حالەتی ئیمانداریدا پرسیارەکانی ئیلحاد سەر دەردێنن و لە حالەتی ئیلحادیدا پرسیارەکانی ئیمان قووت دەبنەوە. لەم کارلێکردنەدا کە لەبنەڕەتدا دوو سیفەتی مرۆڤن، هەقیقەتێک هەیە بە بەردەوام لە دەرکەوتندایە. ئیمان و ئیلحاد لە دوو نیوە گۆی مێشک دەچن کە بە هەردووکیانەوە پرۆسەی ئیدراک بەجێدێنن.

مەبەستم لەو پرۆسەیەی کە پاش بیرکردنەوەیەکی قول و تاوتوێ کردنێکی زانستی و فەلسەفی دەگاتە دەرئەنجامێک و بەو دەرئەنجامەش بەختەوەر دەبێ. مەبەست لە بەختەوەری ڕابواردن نیە، مەبەستم لەو حالەتەیە کە ئەو مرۆڤە دەیگاتی گوزارش لە خودی خۆی بکات. نرخی ئیمان یان ئیلحاد لە وێدا دەردەکەوێ کە تا چ ڕادەیەک ئەو دوو تێرمە بۆ خاوەنەکانیان دەبنە مۆتیڤ لە ژیانیدا و تا چ ڕادەیەک بەشدار دەبێ لە وەدیهێنانی دنیایەکی باشتر. هەروەک پێشتریش پرۆسەی بەتال کردنەوە و پڕکردنەوە لە ناو پرۆسەی عیلمانیەتدا کە ئامازەمان پێدا، ئیمان و ئیلحادیش هەر ئەو دوو ڕۆلە دەبینن. ئیلحاد رۆلی بەتالکردنەوە دەبینێت و ئیمان رۆلی پڕکردنەوە دەبینێت. هەموو ئایینەکان بە بە تالکردنەوە دەستی پێکردوە و پاشان پڕکردنەوە، عیلمانیەتیش هەمان ڕۆلی بەتال کردنەوە دەبینێ، هەر بۆیەش دراوەتە پال ئیلحاد. ئا لەم بەتالکردنەوە و پڕکردنەوەیەدا جولە و چالاکی و ئەزموونەکان دەخولقێت. هەر سەردەمێ یان هەر کۆمەلگایە لەسەر حالەتێکیان ڕاوەستێ و

ئاستەنگ دروست کات لەبەردەم ئەوی تردا ئەوا چەقین و بەستوویی ڕوو لە و سەردەم و کۆمەلگەیە دەکات.
من پێم وا نیە کە ئیمان و ئیلحاد دوو سەنگەری دژ بە یەک بن و یەکێکیان بەرەو بەهەشت و ئەویتریان بەرەو دۆزەخ بچێت، بە پێچەوانەوە پەیوەندیەکی دینامیکی لە نێوانیاندا هەیە و ئەو پەیوەندییە بەرەو حەقیقەتێکت دەبات. ئەو حەقیقەتەش بەبەردەوام لە دەرکەوتندا دەبێت. لە نێوان( بوون و نەبوون) دایە، مرۆڤ بەردەوام دەتوانێ ببزوێ و ئەو بزوانەشە دەیگەیێنێ بە ئارامی.
چەندین سەدە تێپەڕی و حالەتی ئیمان بالادەست بوو تا لە پاش سەدەکانی ناوەڕاستەوە عیلمانیەت و نوێگەری بوونە هاوشانی یەکتر و توانیان پال بە حالەتی ئیمانەوە بنێن و کۆمەلگە بخەنەنەوە گەڕ. لەم دەروازەوە یە فەیلەسوفێکی وەک هیگل دەیەوێ هەموو بوونەوەر لە ڕێگەی دیالەکتیکەوە ڕاڤە بکات و بخوێنێتەوە. وەک ئەوەی لە ئەنجامی کارلێکردنی بوون و نەبوون لە یەکتر ڕادەی هۆشیار بوونەوەی مرۆڤیش بەرز دەبێتەوە. تەنانەت ڕادەی هۆشیار

بوونەوە لەو ئاستەدا لێکدەداتەوە کە پڕۆسەی دیالێکتیک لە برەو و سەرکەوتندا بێ. بۆیە دەڵێت گەر دەتەوێ نەتەوەیەک بناسیت بڕوانە مێژوو و کەلتووریان، بزانە تا کوێ لە پڕۆسەی هۆشیاربوونەوەدا سەرکەوتووە. لێرەوەیە دەڵێم کورد هێشتا لە ئاستی هوشیاریەکی سروشتیدایەو، هەر ئەوندەیە خۆی لە شتەکان جیاکردۆتەوە و ئیدی لەوێدا وەستاوە.

بەم پێوەرە ئاخۆ ئێمە نەتەوەی کورد لە چ ئاستێکدا ببینین؟ وەک زانیمان لە ئاستێکی هوشیاریدا وەستاوە و بەرەو خودهوشیاری گەشەی نەکردووە، وەک کۆیلەکەی هیگل دەستی بە پرۆسەی خودهوشیاری و گەشەکردنی نەتەوەیەکی ترەوە گرتووە کە ئەو پرۆسەیە خۆی لە ئەمڕۆدا فریای ئەو نەتەوەیە خۆشی ناکەوێت. نەتەوەی عەرەبیش دەبێ بە خۆیدا بچێتەوە ، چونکە خودهوشیاری یەکجار ڕوونادات و ئیدی بوەستێت. خودهوشیاربوون بەبەردەوام لە ئاستێکی نزمەوە بەرەو ئاستێکی بەرزتر دەکشێت. گەڕانەوەش بۆلای باوان گەر هوشیار نەبیت مەترسیدارە. دەبێ بزانیت بەرەو

کوێ و بۆ لای چ باوانێک بگەڕێتەوە، دەنا دووچاری سەلەفیەتێکی کوشندە دەبیت. دەبێ مرۆڤ ئەو جیاوازییەش بکات کەی بۆلای باوان کەی ئەنتی باوان جێبەجێ بکەیت. بۆنموونە لەو کاتەی ڕۆژئاوا بۆ لای ڕۆح و عیرفان و جەوهەری ڕابردووی خۆی دەگەڕێتەوە. جیهانی ئیسلامی بۆ لای ڕووگەی سیاسی و جەنگ و دروشم و ڕواڵەتی ڕابردووی دەگەڕێتەوە. ئەمەیە هۆکاری پێکەوە نەگونجانی ئیمڕۆی خۆرئاوا و جیهانی ئیسلامی. خۆرئاوا بەو ئاراستەیەدا دەڕوات پێچەوانەی ئاڕارستەی جیهانی ئیسلامیە. لە دەرئەنجامی گلۆبالی بوونی جیهانیش ئەم دوو جیهانە زۆر بەریەکتر دەکەون و دووچاری لە ململانێ دەبن .

ئەم بە خۆدا چوون و بە ڕابردوو چوونەدا زیاتر لە پرۆسەی دەروونشیکاری بە کۆمەل دەچێت وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا. لەو پرۆسەیەدا دەروونناس بە دەروونی تاکێکدا شۆڕدەبێتەوە تا لە ڕێگەی ژیاننامەیەوە توخمەکانی پێکهاتەی ئەو کەسە بناسێت. هەول دەدات لەگەل ئەو کەسەدا پێکەوە بگەنە سەرە داوی ئەو گرێ دەروونیانەی ئێستا

نیشانەکانی دەردەکەوێت و کێشەی بۆ دروستکردوە، تا لە وێوە بیێهنێتەوە ئەو ئێستایەی تیایدا دەژی. جا لەو ڕێگەیەوە پالنەرە نەستیەکانی ئەو کەسە وا ئاشکرا دەکات تا هەندێ لەو خەیالانەی کە ئەم لێی بوونەتە ڕاستی ئاشکرا دەبن و کاریگەری دەروونیان نامێنێ. بە جۆرێکی تر خۆناسینەوەیەک بۆ ئەو کەسە ئەنجام دەدات. جا نەتەوەی کوردیش پێویستی بە دەروونشیکاریەکی بە کۆمەل هەیە. واتە لەبری ئەوەی تاکێک بناسینەوە، نەتەوەیەک دەناسینەوە و گرێ کۆمەلایەتیە دەروونیەکانی بۆ دەکرێتەوە. ڕۆحێکی شاراوەی هاوبەش لە ناو تاکەکانی نەتەوەیەکدا بۆ ڕابردووی درێژ بۆتەوە بە داهاتووشیەوە دەیبەستێتەوە. بەم پرۆسەیە یە کورد دەتوانێ لە کۆتی ڕابورد و ئازاد بێت.

5

# سیاسەت و عیرفان و سەرکردایەتی!

لێرەدا بە پێویستی دەزانم نموونەی دوو سەرکردەی نەتەوەیی بیر خوێنەر بخەمەوە تا لەوە بگات کە من باس لە چ جۆرە سیاسەت و سەرکردەیەک دەکەم و مەبەستم لە بە مرۆڤ بوون و ئایدیا و ناسنامەی خۆڕسک چیە؟ بۆ ئەوەی خوێنەر واتێنەگات کە من باس لە سیاسەتێک یان سەرکردەیەکی خەیالی دەکەم، دەمەوێ تیشک بخەمە سەر دوو سەرکردەی نەتەوەیی کە لە هەمان کاتدا سەرکردەیەکی عیرفانیش بوون. چۆن ئەوان توانیان ڕابردوویان لەگەل ویستی مەعریفی سەردەمی خۆیان تێهەلکێش بکەن و ببنە هۆکارێک تا ڕزگاری فەراهەم بێنن و وببنە شۆڕشگێڕی سەردەمی خۆیان و بەرهەمێکی سیاسیشی بەخشیوە. ئەو دوو

سەرکردەیەش: یەکەمیان گاندی و دووەمیان ماوتیستۆنگ.

## مەهاتما گاندی: 1869 -1948

گاندی لە تەمەنی 19 سالاندا بۆ خوێندنی (مافناسی) لە زانکۆ چووەتە لەندەن. لەوێ ئاشتنایەتی لەگەڵ ڕێبازێکی (تیوسۆفی ) دا پەیدا کردوە، لە هەمان کاتدا پەیوەندی لەگەڵ شوێنکەوتوانی ( تۆلیستۆی) هەبووە. پاش خوێندن دەچێتە ئەفەریکای باشوور و ماوەیەک وەک مافناس لەوێ کار دەکات. نزیکەی 21 سال لەوێ دەمێنێتەوە. لەوێدا دەست دەکات بە گەلالەکردنی پڕۆژەیەکی سیاسی (بێ توندوتیژی) دژی ئینگلیز و مەبەستەکەشی هێنایەدی کە ئەویش ڕزگارکردنی هیندستان بوو لە ژێردەستی داگیرکەر.
گاندی بەم ڕێبازەی مانایەکی مەزنی بە سیاسەتی (بێ توندوتیژی) بەخشی. ئەو پێش ئەوەی ئەو

ڕوبەڕووبوونەوەیە ئەنجام بدات، ڕۆحی خۆی وا گۆشکرد کە بەرگەی چەوسانەوە و نا ڕەواییی پێکردن بگرێت و ناخی خۆی خاوێن ڕابگرێت. ئەوەی بە بێ مانا دەزانی کە لە دیوی دەرەوە وا خۆی نیشان بدات کە دژی توند تیژیە و کەچی ناخی بە ڕق و کینە بۆ دوژمن داگیرکرابێت. ڕێبازی گاندی ڕێبازی (ساتیاگراهام) بوو، واتە لە هەموو بار و حالێکدا دەسگرتن بە حەقیقەتەوە. هەموو ئایینەکانی بەلاوە گرنگ بوو و لای ئەو یەک ئاست و بەهایان هەبوو، باوەڕیشی وا بوو سیاسەت بە بێ ڕەوشتی ئایینی بەرناگرێ، بۆیە هەولیداوە ئەو ڕەهەندە ڕەوشتیانە لە سیاسەتەکەیدا بەرجەستە بکات و لە ڕووبەڕووبونەوەیدا لەگەل ئینگلیزدا بەکاری بهێنێ. لە هەمان کاتدا بەم ڕێبازە و بەم ڕوح و بیرکردنەوەیە، بۆ ڕزگارکردنی هیندستان لەدەست داگیرکەر، بەرەو بزاڤی نەتەوایەتی هەنگاوی دەنا.

پڕۆژەکەی گاندی بە پرسیارێک دەستی پێکرد: ئەویش ئەوە بوو ( چۆن بتوانرێ گرفتی داگیرکردن چارەسەربکرێ و بە جۆرێک دوژمن بشکێنرێ، کە

پاش سەربەخۆ بوون، خۆیان، لە بری داگیرکەری بێگانە نەبنەوە بە داگیرکەر و چەوسێنەری خۆیان. ئامانجی گاندی لەو پرۆسەیەدا دامەزراندنی دەسەلاتێک لەبری دەسەلاتێکی تر نەبوو. بەلکو مەبەستی ئەو دامەزراندنی بەهایەکی ڕەوشتی و کۆمەلایەتی وا بوو کە داگیرکەر و داگیرکراو، چەوسێنەر و چەوسێنراو، کۆیلە و ئاغا، لە ئاستیدا مل کەچ بن. دەیویست لە ناو هەردوولادا واتە داگیرکراو و داگیرکەر بەهای مرۆڤ و نرخی ژیان بچێنێت. ئەو پێی وایە مرۆڤەکان لەبری ئەوەی غەریزە شەرانگێزیەکان لە یەکتردا بووروژێنن پێویستە غەریزە خێرانگێزەکان لەیەکتردا بخەنەگەڕ. چونکە ئەو دوو ڕەهەندە هەردووکیان لە ناخی مرۆڤدا حەشاردراون و ئەوی دی و ئەوی بەرامبەر و دەورووبەر ڕۆلی مەزن دەبنیت لەوەگەڕ خستنیدا. چ داگیرکەر بێ یان داگیرکراو چ ستەمکاربێ یان ستەم لێکراو ئەو حالەتەی لە خۆ گرتووە. هەر داگیرکەر و ستەمکارنین کە ئازادی ویستی داگیرکراو داگیر دەکەن، بەلکو هەندێ جار داگیرکراو بە شێوەیەک ڕەفتار دەنوێنێ

پەرچەکرداری داگیرکەر لە ویست و کۆنترۆلی خۆیدا نامێنێ و ئەو لە کاتی وەلامدانەوەدا بۆ ئەو تەحەدایە، داگیرکەر هەموو غەریزە شەرانگێزیەکانی خۆی بەکاردێنێ. ئەم کەشە نادروستە دەرئەنجامی ناهۆشیاری هەردووک داگیرکەر و داگیرکراوە. کۆیلەکەی هیگل هوشیارترە لە نەتەوەی کورد، چونکە ئەو کۆیلەیە لە دەرئەنجامی کارکردن و پەیوەندی کردن بە سرووشتەوە، خۆی درووست دەکات و ئاغەکەشی کامل دەکات.

## ماوتیستۆنگ: 1893 – 1976

ماو کوڕی خێزانێکی جوتیاری زەنگین بوو. هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە دەچێتە ناو ڕیزەکانی بزاڤی کۆمۆنیستەوە لە ولاتی چین. لەگەل بەسالاچوونیدا بۆچوونەکانی گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆ نموونە لە چەند ڕوویەکەوە مارکسیزم لەگەل کۆمەلگای خۆیدا دەگونجێنێ و مارکسیزم دەقاودەق ناگوێزێتەوە. ئەو

لەو ڕووەوە سوود لە مارکسیزم وەردەگرێ کە لە سیستەمی سەرمایەداری تێبگا و لە ئاست خراپ بەکارهێنانی ئایین دا هۆشیار بێت. لە هەمان کاتیشدا سوودی لە ڕێبازی تاویزم و بودیزم وەرگرتووە، ئەگەر چی بە توندیش ڕەخنەی لێیان گرتووە. لە سالی 1950 پشت لە سیستەمی حوکمی ڕوسیا دەکات و باوەڕی پێیان نامێنێ. چونکە ماو دەرک بەوە دەکات کە ئەو جۆرە سیستەمە سەر بۆ حوکمێکی بیرۆکراسی و دەسەلات قۆرخکردن دەکێشێت و هیچ جۆرە واتایەک بۆ هەست و نەستەکانی مرۆڤ ناهێلێتەوە. ئایدۆلۆژیای مارکسیزم نەیتوانی تا سەر ماو کۆت و بەند بکات، بۆیە ئەو هەموو چالاکی و جولەیەی تێدا خولقاوە. لە سەردەمی ئەودا بوو شۆڕشێکی کەلتووری سەری هەلدا. ئەو شۆڕشە بزاڤێک بوو دەیویست ڕابردوو جارێکی تر دابڕێژتەوە. باس و خواسی ئەو بزاڤە جەماوەریە، وتەکانی ماو بوو کە لە دوتویێ کتێبەکەیدا بە ناوی -کتێبی سوور - نوسرا بووەوە و کرابوو بە نموونەی ژیان. ئەو کتێبە سووورە وەک دەستوورێکی ڕۆحی لێهات بوو و، ڕێبازەکەشی وەک

ڕێبازێکی فەلسەفی عیرفانی لەناو جەماوەردا کاریگەری درووست کردبوو.
ئەو کتێبەی ماو دەکرێ ناوی دەستووری نەتەوەی چین لێ بنرێ. ئەو جۆرە دەستووورە نەتەوەییانەیە کە ڕۆلی گرنگ دەبینن لە بنیادنان و پێکهێنانی نەتەوەیەک. نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لەم جۆرە دەستووورە بێ بەشە. ئەمە و لە لایەکی ترەوە گرنگی ماو لەوەدا بووە کە فکری مارکسیزمی وەک تێکست دەقاودەق وەرنەگرتووە. ئەویش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە ماو لە پێکهاتەی کۆمەلگەی چین هوشیاربوو و مێژوو و تایبەتمەندێتی ولاتی خۆی لەبیر نەکرد بوو. بە واتایەکی تر خۆی ون نەکرد لە ناو مارکسیەتدا، بەلکو فیکری مارکسیزمی بە خودکرد. ئەو دروشم و لافتانەی هەلدەواسران لە لایەن ئەو بزووتنەوە جەماوەریەوە بریتی بوون لەم دروشمە ڕەوشتیانەی کە مانا بە ژیان دەبەخشن:
آ کۆمەلگەی دروست کۆمەلگەی (ئەرک) ە پێش (ماف)،
آ خۆ لە بیرچوون،
آ هەلبژاردنی قورس بۆ خۆت و سوک بۆ ئەوی دی

آ وا ڕەفتار مەنوێنە وەک ولاتێکی مەزن
آ دەبێ هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی لە دلماندا بن
ڕێبازی ماو بە دوو ئاقاردا کاری دەکرد: یەکەمیان گۆڕینی شێوازی ژیانی ماددی. دووەمیان گۆڕانکاری لە دەروون وهزریی مرۆڤەکان. بەتەنها لایەکی نەگرت بوو. واتە هەولی دەدا هەم مرۆڤەکەش و هەم دەرووبەرەکەشی گۆڕانی بەسەردا بێت .
ئەو شۆڕشە کەلتووریەی ماو هەلیگرساند و سەرپەرشتی دەکرد ڕووبەڕووی سێ ڕەهەندی گرنگ لەو کۆمەلگەیەدا بوە وە:
1- کەلەپورێکی بۆماوە لە سیستەمێکی کۆمەلایەتی ئیپمراتۆریی کە دەزگاکانی ئایینی کۆنفشیوس پشتگیریان لێدەکرد. کۆنفشیوس لە سەرەتاوە ڕێبازێکی عیرفانی و ڕەوشتی بووە، بەلام لە دواییدا دەبێتە کۆمکەلێک سرووت و داب و نەریت کە بوبوە هۆی سڕکردنی کۆمەلگا. ماو ڕەخنەی سەختی لەو لایەنەی کۆنفشیوس دەگرت و کۆمەلگای لەو ئایدۆلۆژیایە دەرباز دەکرد.

2- ئەو سەرمایەداریەی کە کۆمەلگای چینی چین چین کرد بوو

3- ئەو جۆرە بیر و بۆچوون و سیستەمە مارکسیزمەی کە سۆڤیەت پەیرەوی دەکرد و بەرەو چین تەشەنەی دەکرد، بە بۆچوونی ماو ئەو جۆرە سیستەمە لادەرە لە ڕێبازی ڕاستی مارکسیزم و هەموو مەبەستی ئەوەبووە کە پێشبڕکێ لەگەل سەرمایەداری بکات و خۆیشی ببێتەوە بە سەرمایەدار، نەک شۆڕش بەسەر سەرمایەداریدا بکات .

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی ماو لەوەوە دێت کە ئەو کۆت و بەندی مارکسیزم نەبوبوو، بەلکو هەولی ئەو بە خود کردنی مارکسیزم بوو. هەر بەو پڕۆسەیەش توانی ئاستی ناوەکی کۆمەلگەکەی خۆی گەشە پێدا. دیارە پڕۆسەیەکی لەم شێوە کار و ماندوو بوونێکی زۆری دەوێ و و وازهێنان لە بەرژەوەندی تایبەتی دەخوازێ. دەیان شۆڕشی ڕۆشنبیری پێویست دەبێت تا مرۆڤ گەلێک لەوانەی لەسەری ڕاهاتوون و بە حەقیقەتی دەزانن لێی هۆشیاربنەوەو لێیشی ئازاد بن.

ڕێبازەکەی ماو وای نەیدەڕوانی لە سەرمایەداری و سۆشیالیزم کە دوو سیفات بن لە دەرەوەی مرۆڤ و وەک دوو بەرە بەرەنگاری یەکتر ببنەوە. نەخێر بەلکو هەردوو سیفاتەکە لە یەک مرۆڤدا کۆدەبنەوە و دەبێ بەرەنگاری بوونەوەکەشیان هەر لە ناخی مرۆڤ خۆیدا بێت. واتە هەموو مرۆڤێک لەوە هۆشیار بێ نەیەلێ سیفەتی سەرمایەداری بەسەریدا زال بێت.

بە ڕاستی شۆڕشی ڕاست و دروست ئەو شۆڕشەیە کە بەرەنگاری هەموو ئەو حالەت و سیفەتە بۆرژوایی و غەریزە شەڕانگێزەی دەبێتەوە کە لە هەموو مرۆڤێکدا خۆی مەلاس داوە و چاوەڕێی هەلێک دەکات سەردەربێنێ. چونکە هەمان سیفات کە کە لە ستەمکاردا دەردەکەوێ لە ستەملێکراویشدا ئامادەیە و کە باری بۆهاتە پێش لەویشدا دەردەکەوێ. یەکەمیان هەلی بۆ هەلکەوتوە کە غەریزە شەڕانگێزەکانی تێر بکات بۆیە دەردەکەوێت. بەلام دوومیان چاوەڕێ ئەو هەلە دەکات. بۆیە هەر کاتێ مرۆڤ شۆڕش بەسەر دەروونی خۆیدا نەکات ،

هەزاران شۆڕش و جەنگ لە دەووروبەریدا سوودی نابێ .

ئەم دوو سەرکردەیە نموونەی زیند و بوون کە ڕێباز و سیاسەتێکی تریان خولقاند نەک سیاسەت لەگەل خۆیدا بیانبات. دوو سیاسی هێندە خولقانی بەها و ڕەوشتی بەرز لە نیازیاندا بووە هێندە سەرکەوتن بە سەر دوژمندا لە نیازیاندا نەبووە نەبوەتە ئەولەویەتیان. ئەمەو وەنەبێت ئەم ڕێبازە عیرفانیە سیاسیانە جەنگ و کوشتاری لێنەکەوتبێتەوە، بەلام دەرئەنجامەکەی زۆربەی کات لەبەرژەوەندی ئەو ڕێبازانەدا کەوتۆتەوە، بەوەی دۆست ودوژمن کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو ڕەوشتانەی کە ئەو ڕێبازە لەگەل خۆیدا هێناویەتی.

ئەو دوو نموونەیە پڕۆژەیەکیان دامەزراند کە ئامانجی درێژخایانی لە پێش کورت خایان لە خۆ گرت بوو. ئەمانەن پێیان دەووترێ شۆڕشگێڕ. نەک سەرکردەکانی کورد، چونکە ئەوان جەنگاوەرن و جەنگاوەر بوون. .چونکە ئەوان هێندە برانەوە بەلایانەوە گرنگە و گرنگ بووە هێندە بەهای مرۆڤ بەلایانەوە گرنگ نیە و نەبووە.

جەنگاوەران سەلەهای سالە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بۆ خۆی قۆرخ کردووە و هەموو جارێکیش کارەساتێکی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە و دەرئەنجامێکی دەبێ کە بە هیچ شێوەیەک لە ئاستی قوربانی تێچوونەکاندا نیە و ناتوانێ قەرەبوویان بکاتەوە. ئەمەش وای کردووە کە هەم دووژمن و هەم جەنگاوەرێتی نەتەوەی کورد هێزوپێز لە نەتەوەی کورد ببڕن و یارمەتی نەدەن هەنگاوی باشتر بنێن.

# 6

## دوا وتە:

من لە سەرەتاوە بە پێناسەی ناسنامە ئەم باسەم دەست پێکرد و پاشان خوێندنەوەیەکمان لە دیدی ناسنامەوە بۆ نەتەوەی کورد ئەنجامدا و گەشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە کورد لەبواری ناسنامەدا گرفتی هەیە. کورد نەبوەتە خاوەنی ناسنامەیەکی پتەو ئەویش بە هۆی ئەوەی کە ڕەهەندی ناوەکی و ئاسۆی ناخی کورد پێنەگەیشتووە. چونکە ناسنامەی پتەو هێندە بە پێگەیینی ڕەهەندی ڕوحی و ناخی مرۆڤەوە پەیوەستە هێندە بە ڕەهەندی سرووشتیەوە پەیوەست نیە.

هەروەها بەراووردێکمان ئەنجامدا لە نێوان نەتەوەی کورد و هەرسێ نەتەوەکەی دراوسێ بینیمان ئەوان چۆن توانیویانە ڕەهەندی ڕوحی و عیرفانی خۆیان گەشە پێبدەن و تا ڕادەیەکیش پرۆسەی بەخۆکردن ئەنجام بدەن.

دوای ئەوە هاتینە سەر باسی جەنگاوەر و شۆڕشگێڕ و خەسلەتەکانیان و نموونەی شۆشگێڕمان هێنایەوە ئەوانە: کێن و چ پڕۆژەیەکیان هەبووە. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا بۆچوونی خۆم ڕونکردەوە کە پڕۆژەکانی کورد تا ئێستەش هێندەی خەسلەتی جەنگاوەریان هەلگرتوە، هێندە خەسلەتی شۆڕشگێڕی یان هەلنەگرتوە .

ئەوەش کە پێویستە بیلێم ئەوەیە کە لەگەل هەموو ئەم ڕەخنانەش دلخۆشم بەم بار ودۆخەی کە ئەمڕۆ کوردی تێدایە، چونکە هەلێکی ترە بۆ کورد هەلکەوتووە. لە گەل ئەوەشدا پێم وایە ئەم بارو دۆخە هێندە بارودۆخی نێودەولەتی درووستی کردوە، هێندە قوربانی و خەباتی کورد نەیخولقاندووە. بۆیە ترسی ئەوەم هەیە لە هەموو سات و ئانێکدا ئەگەری ئەوە ببێ کە کورد ڕووبەڕوی دەیان مەترسی تر بێتەوە و ئەو دلە ڕاوکیەی کە کورد هەیەتی هەر بەردەوام بێ و وەک پێویست ئەقلیەت و ڕوحیەتێک نیە کە دلی بەو دەستکەوتە بسوتێ. سەرەڕای ئەمانەش وەک هەمو کوردێکی تر بەم ڕۆژگارەی ئیمڕۆ دلخۆشم، لەبەر ئەم هۆیانە:

1- ئـەو ئومێـدەم بـۆ دروسـت بـووە کـە کـورد – بـە یارمەتـی هێزی دەرەکـی- جارێکـی تر نـەتوانـێ جـەنـگ بـەرپا بکات و کارەساتێکـی تری لێبکـەوێتـەوە.

2- ئـەو پرسیارە یـان ڕەخنـەیـەی کـە کورد ئـەبوایـە هـەزار سـال لـەمـەوبـەر لـە خـۆی بکردایـە ئێسـتـە کـەمێک کایـەی بـۆ درووسـت بـووە. ئـەویـش: کـورد بـۆ دەبـێ ئـەم هـەموو کارەساتانـەی بـەسـەر بێت؟

3- ئــەو خــەباتــە کــە دەبوایــە کــورد هــەزار ســال لـەمـەوبـەر لـە ڕێگـەی پێشبڕکێی زانستـی و مـەعریفـی و دیالۆگ لـەگـەڵ نـەتـەوەکانـی تـر بیکردایـە، ئـەمڕۆ لـە ڕێگــەی کۆمــەڵگــەی مــەدەنــی و پــەرلــەمــان دەتــوانــێ ئـەنجامـی بدات. لـەم ڕێگـەیـەوە کـورد دەتـوانـێ خـۆی بنـاسێت و لـەوە تێبگات کـە ئـەو هێزە مـەعریفیـەی پـێ نیە و نـاتوانـێ پێشبڕکـێ لـە گـەڵ نـەتـەوەی عـەرەبـدا بکات و هـەولـی پـەیداکردنـی ئـەو جۆرە مـەعریفـەیـە بـدات. تـا بتـوانـێ بـەسـەر ئـەو ئاستـەنگانـەی کـە عــەرەب بــە نــاوی ئیســلامەوە لــەبــەردەم کــورد دا دایناوە زاڵ بێت.

4- ئـەو قۆناغـەی کـە عێراقـی تێدایـە ئـەمڕۆ کـە لـە نوسنێکمدا نـاوم نـاوە قۆنـاغـی پێش دیموکراسـی، لـە

ناو هەناویدا هەلگری تۆخمی لە ناو بردنی هەموو ئەو پارت و ئایدیا و ڕێکخراوانەیە کە لە دایک بووی ئەم قۆناغە و پێش ئەم قۆناغەشەن. ئەویش بە هۆی کرانەوەی جیهان بەڕووی یەکتردا و کرانەوەی چاو و هۆشی مرۆڤەکان. گەر تا ئێستە بۆی لوا بێت خەوببینێ ،لەمەودوا لەخەو هەلدەستێ.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەگەر ئەم قۆناغی پێش دیموکراسیە لە بار نەبرێت بێگومان زوو بێ یان درەنگ بەرەو دیموکراسی سەر دەکێشێ و باری سایکۆلۆژی و کۆمەلایەتی و سیاسی کۆمەلگە گۆڕانی بەسەردا دێت و دیدگایەکی زانستیانە و مرۆڤانە تری بۆ ژیان و مردن بۆ فەراهەم دێت. بەلام ئەبێ ئەوەش بزانین کە دیموکراسی نە فۆڕمێکی تایبەتیە بکێشرێت و نە بەرگێکی ئامادەیە لەبەر بکرێ. بەلگە و نموونەشمان بۆ ئەمە ئەوروپایە کە پڕۆسەی دیموکراتیزەکردن سەدان سالی خایاندوە. چونکە دیموکراسی بە تەنها بریتی نیە لە فرە حزبی و گۆڕینەوەی دەسەلات لە ڕێگەی دەنگدانەوە و لاساییکردنەوەی ئەمانەش نیە. گەر گۆڕانی

جەوهەری لە ناو ناخ و ئاسۆی ناوەکی مرۆڤدا ڕوونەدات هەرگیز ئەو پڕۆسەیە بەر ناگرێ.
جا بۆیە گۆڕینی کەلتووری کورد لەم بارەی ئێستایدا بۆ بارێکی تر تێکۆشانێکی بێ وچان و شۆڕشێکی ڕۆشنگەری بەردەوامی دەوێت و بزاڤێکی ڕووناکبیری وا دەخوازێت کە ڕەخنەگرانە ڕبردوومان بخوێنێتەوە، تا جارێکی تر ڕابردوو بەرهەممان نەهێنێتەوە، بەلکو خۆمان بە ویستی خۆمان خۆمان پێکبهێنینەوە. خۆپێکهێنانەوە پایەیەکی گرنگی سیکولاریزم و دیموکراسیە. کە ئەویش تاکگەراییە. تاکگەرایی بە مانای خۆپەرستی نا بەلکو بە مانای خۆ پێکهێنانەوە بە پێی ئەو سەردەم و شوێنەی کە تێییدام نەک بە پێی ئەوەی باوانمی تێدا بووە.

لە کۆتایی بابەتەکەمدا دەلێم من هێندە خوازیاری درووست بوونی ڕوحێکی سەربەخۆم بۆ کورد هێندە خوازیاری حکومەت یان دەولەتی سەربەخۆ نیم. زۆر بە ئاسانی دەتوانی لەگەل نەتەوەکانی تردا بژین بە مەرجێک هەریەکە لە ئێمە ناخێک و دەروونێکی

سەربەخۆی هەبێ، ئەوسا دەتوانین دیالۆگ لەگەل ئەواندا بکەین .
لە کاتی ئەنجامدانی دیالۆگ لەگەل کەسێکدا یان نەتەوەیەکدا ئەگەر من خاوەنی ناخێکی سەربەخۆ نەبم لە وشە و ڕستەکانمدا لاوازی ناخم دەردەکەوێ کەسەکەی بەرامبەرم هەست بەو لاوازیە دەکات، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بەکارمبهێنێ، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە بەرامبەرەکەم بێ ویژدان بێ .
ئێمە ئێستا لە نەتەوەیەک ناچین بەلکو لە چەند تاکێک دەچین کە لە شوێنێکدا پەنگمان خواردۆتەوە و ئاراستەیەکی دیاریکراومان نیە. بۆیە لەبری ئەوەی پێکەوە ڕێگا ببڕین، بەریەکتر دەکەوین و ئازاری یەکتر دەدەین.
تاوەکو بە ڕابردووشدا نەچینەوە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانە نەبینە ئەنتی باوان ناتوانین ئاراستەی خۆمان لەو ڕێگایەدا کە مرۆڤایەتی دەیبڕێ، دیاری بکەین .
حالەتی ئەنتی باوان یارمەتیت دەدات لەو شوێنە پەنگت خواردوە قوتار بیت. لەحالەتی ئەنتی

باواندا، خۆت لە کاریگەری مێژوویی و ئیستای نەتەوەکەت ئازاد دەبی و دەکەویتە حالەتی -هیچ –ەوە لەو هیچەوە هێزێکی دەروونی و ئەقلی وات پێ دەبەخشێت کە بتوانی جارێکی تر ئازادانە بە ویستی خۆت، خۆت دروستکەیتەوە. بەلام بێگومان لەو خۆدرووستکردنەدا پێویستت بە کەرەستەیەک دەبێ کە خۆت لە مێژووی نەتەوەی خۆتدا دەیدۆزیتەوە. ئەو کەرەستانە لەو مێژووەوە دێت کە خۆت دەستت هەبووە لە هەلوەشاندنەوەی و ئێستەش بە ویستی خۆت پێکی دەهێنیتەوە.

واتە ئەمجارە تۆ پەیوەندی بە مێژووە دەکەیت نەک مێژوو بە ئەقلیەتی ڕابردووی، لە ئەمڕۆدا تۆ ئاراستە بکات. گەشەی سایکۆلۆژی تاک پەیوەستە بە لایەنی پەروەردەیی و ئیدراکیەوە. هەر وەک چۆن نەتەوەیەک ناسنامەی هەیە کە کۆی تاکەکانی لە چوارچێوەی خۆیدا کۆدەکاتەوە، هەر تاکێکیش ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە. دروستی ناسنامەی تاک کاریگەری لەسەر دروستی ناسنامەی نەتەوە هەیە و بە پێچەوانەشەوە. بۆ ئەوەی لە دروستی و نادروستی ناسنامە تێبگەین پێویستە بچینە ناو

زانستە مرۆییەکان و سوود لە وان وەرگرین. تا تێبگەین کە هۆشیاری و سەربەخۆیی چ پەیوەندییەکی پتەو پێکەوە دەیانبەستێتەوە. واتە تا چ ڕادەیەک تاک هۆشیار بێ ئەوەندەش سەربەخۆیە

کورد پێویستی بەوەیە کە ڕۆحی خۆی لە تەبەعیەت قورتار بکات، ئەمەش بەوە نابێت کە دژایەتی نەتەوەی عەرەب یان تورک یان فارس بکات، بەوە نا هەرچی ڕق وقینی زەمانە هەیە بەوانی برژێنێت، بەوەنا خۆی بەوانەوە خەریک و سەرقال بکات. نەخێر دەبێ خۆی بە خودی خۆیەوە خەریک بکات و زەمەنی خۆی بە دەستی خۆی وەدەست بهێنێ و هەوێنی بە نەتەوەبوونی خۆی لە ناو ڕۆحی خویدا بخولقێنێت. ڕەخنە لە خۆی بگرێت و ڕابردووی خۆی نوێ بکاتەوە و سەر لەنوێ خۆی بناسێتەوە. هەلەکانی خۆمان شکستی خۆمان ، ناهۆشیاری خۆمان با بەکەسی دی و نەتەوەی دیدا چیتر هەلنەواسین.